وَقِيلَ ٱلْيَوْمَ نَنسَاكُمْ كَمَا نَسِيتُمْ لِقَآءَ يَوْمِكُمْ هَٰذَا
وَمَا لَكُم مِّن نَّاصِرِينَ (الجاثية: ٣٤)

# لا إله إلا الله

## توحيد كليلى به هه شته


نووسینی:
قاسم محسن عولا



١٤٤٨هـ - ٢٠٢٦م

باوکی شعیب



لا إله إلا الله : توحيد كليلى به هه شته

باوکی شعیب

## پێشەكى :

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمدُ للّهِ نحمدُهُ ، ونستعينُهُ ، ونعوذُ باللّهِ من شرورِ أنفسنا ، من يَهدِهِ اللّهُ فلاَ مضلَّ لَهُ ، ومن يضلل فلاَ هاديَ لَهُ ، وأشْهدُ أن لاَ إلَهَ إلاَّ اللّهُ , وحدَهُ لاَ شريكَ لَهُ ، وأنَّ محمَّدًا عبدُهُ ورسولُهُ ...

﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِى خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَٰحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالًا كَثِيرًا وَنِسَآءً ۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِى تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلْأَرْحَامَ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا ۝١﴾ [النِّسَاء : ١]

﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسْلِمُونَ ۝١٠٢﴾ [آل عِمْرَان : ١٠٢]

﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَقُولُواْ قَوْلًا سَدِيدًا ۝٧٠ يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَـٰلَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ ۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدْ فَازَ فَوْزًا عَظِيمًا ۝٧١﴾ [الأَحْزَاب : ٧٠ - ٧١]

والصلاة والسلام على المبعوث رحمة للعالمين، محمد رسول الله صلى الله عليه وآله وصحبه أجمعين والتابعين لهم بإحسان إلى يوم الدين .

أما بعد :

بەلێ بە پێویستم زانی کە کتێبێك لە چەند لاپەرێك بنووسم دەربارەی گرینگی توحید و سودو شوێنەوارەکانی توحید ، چونکە گرینگە زانیاری تەوامان هەبێت لە سەر توحید و یەکتاپەرستی ، ئەوەیە لەسەر هەر بەندەیەکی موسڵمان واجیبە زانیاری هەبێ لە سەر جێ بەجێ کردنی توحید هەر بۆیە ئەم کتێبە چەند زانیاریەکی گرینگ ئاماژە پێدەکەین کە توحید چەندە سوودی هەیە بۆ خاوەنەکەی ، چونکە ڕزگاری دەبێت لە ئاگری دۆزەخ ، وە هەروەها دەبێتە کلیلی چوونە ژوورەوە بەهەشت ، هەڵبەت بۆ هەر بەندیەك دەبێت زانیاری لەسەر توحید و یەکتاپەرستی بزانێ ، چونکە نرخ و بەهای توحید و یەکتاپەرستی زۆر گرانە بەڵکو هەموو دونیاو ئەوەی لە ناویەتی بە هاکەی هێشتا زۆر ترە ، هەر بۆیە هەموو پێغەمبەران لە پێناوی توحید و یەکتاپەرستی رەوانەکراون ، ئومەتەکانیا هۆشیار کردۆتەوە لە بانگەوازی کردن بۆ توحید ، وە چەندین پێغەمبەر ئازارو ئەشکەنجە دراوە بگرە لە پێناوی توحید شەهید کراوە ، و هەندێکی تریشیان زیندانی کراون و سوکایەتیان پێ کراوە ، وە یان لە خاك نشتیمانیان دەرکراون ، نموونەی پێغەمبەری خوا ﷺ لە خاکەی خۆی وەدەر نرا لە کۆچی کرد بۆ شاری مەدینە ، (١٣) ساڵ لە شاری مككە بانگەوازی کرد بۆ توحید و یەکتاپەرستی بەلام موشریکان و کافرانی قورەیش ڕازی نەبوون بە بانگەوازیە بۆ توحید ، بەڵکو ئەوەیان دەویست لە گەڵ خوای تاك و تەنها چەند خوایەکی تریش کە بۆ خۆیان لە بەرد دروستیان کرد بوو بکەن شریك و هاوبەش لە گەڵ (خوای گەورە) ، هەر بۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ زۆر ماندوو شەکەت بوو لەگەڵیان لە پێناوی توحید و یەکخواپەرستی دا ، جا لە هەر سەر دەمێك بێت بەو ئیسلامی کە ئێمە پێی هاتووین دەبێت لە پێناوی توحید قوربانی بدەین بەرزی ڕابگرین ، چونکە توحید حەق و مافی ﴿الله سبحان وتعالى ﴾ یە ، هەر وەکو فەرموودەکەی (موعازی کوری جەبەل) کە حەق مافی خوا لەسەر بەندە توحید و یەکتاپەرستیە ، جا کەواتە بۆمان ڕوون بوویەوە کە مافی خوا لە سەر بەندەکانی بریتیە لە :

- بەتاك و تەنهایی بیپەرستن و بەندایەتی بۆ بکەن .
- هیچ شتێك نەکەن بە شەریك و هابەش بۆی .

# پێناسەی توحید

پێناسەی توحید  لە ڕووی زمانە وانیدا :

لە وشە ی (وحَّد) وە هاتووە ، چاکوی وشەی (وحَّد ) = ( یوحَّد ) واتە:  ( شتەکەی کرد بە یەك دانە ) ، وەیان بە تاك دانانی شتێك و بەتاکی دابنێت جا " التوحید" لە بنچینەدا بە واتای بەکا دانان دێت ، بە تاك دانانی شتێك بە شتێك لە شتیَ ، ئا ئەمەش جیَ بەجیَ نابێت مەگەر بە (نەفی کردن یان نەریَ کردن ) و ( ئیسپات کردن یان جێگیر کردن ) نەبێت ، نەفی کردنی ئەم حوکمە لە غەیری بە تاك دانراو ، وە بۆ ڕوونکردنەوەی شەمەش " وە ئیسپات یان جێگیر کردنی ئەم حوکمە بۆ بە تاك دانراو وەکو ئەو نموونەیە :  (گەر گریمان پیاوێك چەندکوڕێکی هەبوو ، وە لە پاشاندا خانوویەکی کڕی ، ئینجا دای بە کورە گەورەکەی ، جالێرەدا ئەو کورەی کە خانوویەکەی وەرگرتووە لە ڕووی زمانەوانیدا وەصف دەکرێت بەوەی کە کورە  گەورەکەی  لەم خانوویەدا بە تاك دانرا ، لە کاتێکدا کە باوکەکە کورە گەورەکەی لە خانوویەکە بەتاك دانا بە سەر تەواوی کورەکانی تر بەتاك دانانی شتێك بۆ شتێك لە شتێك ، وە ئەو بەتاك دانانەش جێبەجیَ نابێت تەنها بە جێگیر یان ئیسپات کردنی ئەو خانووە بۆ کورە گەورەکە نەبێت وە نەفی یان نەریَ کردنی تەواو کورەکانی تری ، نە فی یان نەریَ کردنی ئەم حوکمە لە غەیری بە تاك دانراو ، وە جێگیر یان ئیسپات کردنی ئەم حوکمە بۆ تاك دانراو ، جا ئەم بریتیە بوو لەم نموونەیە ..!!

پێناسەی توحید  لە ڕووی زاراوەی شەرعیدا :

بە تاك و تەنیا دانانی (خوای گەورە ) بەوەی کە تایبەت بە خۆیەوە لە پەروەردگارێتی و خودا وەندێتی و ناو صیفەتەکان ، وەیان بریتیە لە بە تاك دانانی (خوای گەورە) لە هەموو ئەو شتانەی کە تایبەتە  بە خۆی لە : پەروەردگارێتی و پەرستنی و ناو صیفاتەکانی " بێجگە  لە (الله) تایبەت نەکرێت بە هیچ کەسێك و بە هیچ شتێکەوە " جا ئەوە بریتیە لە بە تاك دانانی (خوای گەورە) لە کردارەکانی و پەرستنی و ناو صیفەتەکانی ..!!

(خوای گەورە) دەفەرموویێت : ﴿رَّبُّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَمَا بَيۡنَهُمَا فَٱعۡبُدۡهُ وَٱصۡطَبِرۡ لِعِبَٰدَتِهِۦۚ هَلۡ تَعۡلَمُ لَهُۥ سَمِيّٗا ٦٥﴾ [مَرْيَم : ٦٥] واتە: [ رَبُّ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا ] خوای گەورە پەروەردگارو هەڵسوڕێنەرو خاوەنی ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەی نێوانیانە [ فَاعْبُدْهُ وَاصْطَبِرْ لِعِبَادَتِهِ ] تۆ عیبادەتی ئەو خوایە بکە، وە ئارامگرو دامەزراو بە لەسەر عیبادەتی خوا [ هَلْ تَعْلَمُ لَهُ سَمِيًّا (٦٥) ] ئایا ئەزانی خوای گەورە هاوشێوەیەکی هەبێ و کەسێك هەبێ وەکو خوای گەورە بێت؟، واتە: خوای گەورە بێ شەریکە، یان کەس نیە ناوی الرحمن بێت جگە لە خوای گەورە...

جا ڕاڤەی ئەم ئایەتەی سورەتی (مريم ) بەم شێوەیە :

١-(خوای گەورە) دەفەرموویێت : ﴿رَّبُّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَمَا بَيۡنَهُمَا﴾ [مَرْيَم : ٦٥]

کەواتە : تایبەتمەندی (الله سبحانە وتعالى )ی تێدایە  لە پەروەردگارێتی دا ، واتە : ( الربوبیە ) ، چونکە هەر ئەو پەروەردگارە ، وە هیچ پەروەردگارێکی تر بێجگە لە زاتی ئەو دا بوونی نیە ..!!

٢-(خوای گەورە) دەفەرموویێت : ﴿فَٱعۡبُدۡهُ وَٱصۡطَبِرۡ لِعِبَٰدَتِهِۦ﴾ [مَرْيَم : ٦٥]

یەکێکی تر لە تایبەتمەندیەکانی (الله سبحانە وتعالى ) ی تێدایە لە پەرستنیدا (الالوهیە) ، جار هەر ئەو بە تاك و تەنها شایستە و مەستەحەقی عیبادەت بۆ کردنە بەو شێوەیەی کە بڕیاری داوە فەرمانی کردووە ، وە کەسی فەرمان پێکراویش لە ڕووی شەرعەوە عیبادەت و بەندایەتی بۆ (اللّه ) بکات ..!!

٣-(خوای گەورە) دەفەرموویێت : ﴿هَلۡ تَعۡلَمُ لَهُۥ سَمِيّٗا ٦٥﴾ [مَرْيَم : ٦٥] یەکێکی تر لە تایبەتمەندیەکانی (الله سبحانە وتعالى ) ی تێدایە لە ناوە جوان و پڕ شکۆکانی وە صیفاتە بەرزەکانی ، جا لەمە دا هیچ ناوێکی هاوشێوەی ئەو نیە وەکو هیچ لە یەکچوون و هاوچەشنێکی نیە ، وە هیچ هاوتاو هاو شێوەیەکی نیە بەڵکو تاکو تەنها لە (کمال) ی ڕەها لە هەموو ڕوویەك وا إعتباراتێك ..!!

# فەزڵی توحید

بەڵگەی یەکەم :

(خوای گەورە ) دەفەرموویت : ﴿ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَلَمۡ يَلۡبِسُوٓاْ إِيمَٰنَهُم بِظُلۡمٍ أُوْلَٰٓئِكَ لَهُمُ ٱلۡأَمۡنُ وَهُم مُّهۡتَدُونَ ۝٨٢﴾ [الأَنْعَام : ٨٢] واتە: [ الَّذِينَ آمَنُوا وَلَمْ يَلْبِسُوا إِيمَانَهُمْ بِظُلْمٍ ] ئەو کەسانەی کە ئیمانیان هێناوە وە ئەهلی تەوحیدن بەتاك و تەنها خوا ئەپەرستن وە ئیمانەکەیان واتە: تەوحیدەکەیان تێکەڵ بە زوڵم واتە: بە شیرك نەکردووە، کە ئەو ئایەتە دابەزی صەحابە لەسەریان قورس بوو تا (عبداللّه-ی کوڕی مەسعود) فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خوا- صلی اللّه علیه وسلم - کێ هەیە لە ئێمە زوڵم لە خۆی نەکات؟ فەرمووی: ئەو زوڵمە نیە کە ئێوە گومان ئەبەن گوێتان لێ نەبووە کە لوقمان بە کوڕەکەی ئەفەرمووێ: [ يَا بُنَيَّ لا تُشْرِكْ بِاللَّهِ إِنَّ الشِّرْكَ لَظُلْمٌ عَظِيمٌ ] (لُقْمَان: ١٣) واتە: ئەی کوڕی خۆم شەریك بۆ خوای گەورە بڕیار مەدە چونکە شەریك دانان بۆ خوای گەورە گەورەترین زوڵم و ستەمە، کەواتە ئەو کەسانەی ئەهلی تەوحیدن و یەکخواپەرستییەکەیان تێکەڵ بە شیرك نەکردووە [ أُولَئِكَ لَهُمُ الأَمْنُ ] ئا ئەم کەسانەن کە ئەمینن لە سزای خوای گەورە لە قیامەتدا [ وَهُمْ مُهْتَدُونَ (٨٢) ] وە لە دونیاو قیامەتیشدا خوای گەورە هیدایەتیان ئەدا بۆ ڕێگای ڕاست ئەمانەن کە شایەنن بە ئەمن و ئاسایش نەك کافران و موشریکان...

بەڵگەی دووەم :

(خوای گەورە) دەفەرمویت : ﴿وَذَا ٱلنُّونِ إِذ ذَّهَبَ مُغَٰضِبٗا فَظَنَّ أَن لَّن نَّقۡدِرَ عَلَيۡهِ فَنَادَىٰ فِي ٱلظُّلُمَٰتِ أَن لَّآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنتَ سُبۡحَٰنَكَ إِنِّي كُنتُ مِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ ۝٨٧﴾ [الأَنبِيَاء : ٨٧] واتە : {یونس پێغەمبەر - صلی اللّه علیه وسلم - لە قەومەکەی توڕە بوو} [ وَذَا النُّونِ ] وە خوای گەورە یونس پێغەمبەری - صلی اللّه علیه وسلم - بۆ لای خەڵکی نەینەوا نارد لە زەوی موسڵ، ئەمیش بانگەوازی کردن بەڵام وەڵامیان نەدایەوە [ إِذْ ذَهَبَ مُغَاضِبًا ] کاتێك کە لە قەومەکەی تووڕەبوو بەجێی هێشتن، وە هەڕەشەی لێ کردن پاش سێ ڕۆژی تر خوای گەورە سزاتان دەدات، ئەوانیش دواتر دڵنیا بوون ڕاست دەکات دەرچوون بۆ بیابان و ئیمانیان هێناو لە خوا پاڕانەوە خوایش سزای نەدان [ فَظَنَّ أَنْ لَنْ نَقْدِرَ عَلَيْهِ ] وە یونس - صلی اللّه علیه وسلم - گومانی وابوو کە سزای نادەین، یان لە ناو سکی نەهەنگەکە جێگای تەسك ناکەین [ فَنَادَى فِي الظُّلُمَاتِ ] دوای ئەوەی کە سواری کەشتییەك بوو ترسان لەوەی نقوم بێت، سێ جار تیرو پشکیان کرد یەکێکیان زیاد بوو فڕێی بدەنە ناو دەریاوە هەر سێ جارەکە یونس - صلی اللّه علیه وسلم - دەرچووە، بۆیە خۆی هەڵدایە ناو دەریاکەوەو نەهەنگێك قوتی دا ئەمیش لەناو تاریکی دەریاو تاریکی شەو و تاریکی سکی نەهەنگەکەدا لە خوای گەورە پاڕایەوە [ أَنْ لا إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ ] ئەی پەروەردگار هیچ پەرستراوێك بەحەق نیە شایەنی پەرستن بێ جگە لە زاتی پیرۆزی تۆ تاك و تەنهاو بێ شەریکی [ سُبْحَانَكَ إِنِّي كُنْتُ مِنَ الظَّالِمِينَ (٨٧) ] پاك و مونەززەهی بۆ تۆ بەڕاستی من لە ستەمکاران بووم و ستەمم کرد کاتێك کە قەومەکەی خۆمم بەجێ هێشت لێم خۆشبە...

بەڵگەی سێ یەم :

(خوای گەورە) دەفەرموویت : ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ قَالُواْ رَبُّنَا ٱللَّهُ ثُمَّ ٱسۡتَقَٰمُواْ تَتَنَزَّلُ عَلَيۡهِمُ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ أَلَّا تَخَافُواْ وَلَا تَحۡزَنُواْ وَأَبۡشِرُواْ بِٱلۡجَنَّةِ ٱلَّتِي كُنتُمۡ تُوعَدُونَ ۝٣٠ نَحۡنُ أَوۡلِيَآؤُكُمۡ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا وَفِي ٱلۡأٓخِرَةِۖ وَلَكُمۡ فِيهَا مَا تَشۡتَهِيٓ أَنفُسُكُمۡ وَلَكُمۡ فِيهَا مَا تَدَّعُونَ ۝٣١ نُزُلٗا مِّنۡ غَفُورٖ رَّحِيمٖ ۝٣٢﴾ [فُصِّلَت : ٣٠ - ٣٢] واتە : {پاداشتی دامەزراوان لەسەر یەکخواپەرستی} [ إِنَّ الَّذِينَ قَالُوا رَبُّنَا اللَّهُ ثُمَّ اسْتَقَامُوا ] ئەو کەسانەی کە ئەڵێن پەروەردگاری ئێمە تەنها (اللّه)یە، پاشان ئیستیقامەیان هەیەو جێگیرو چەسپاو و دامەزراون لەسەر یەکخواپەرستی و کردەوەی چاك و جێبەجێ کردنی فەرزەکان [ تَتَنَزَّلُ عَلَيْهِمُ الْمَلَائِكَةُ ] فریشتەکانی خوای گەورە لە کاتی گیانکێشان و زیندوو بوونەوەو دەرچوون لەگۆڕو چوونە بەهەشت دائەبەزنە سەریان و پێیان ئەڵێن: [ أَلَّا تَخَافُوا ] ئێوە مەترسێن ترستان لەسەر نیە لەمەودوا ئەمین ئەبن [ وَلَا تَحْزَنُوا ] وە خەفەتیش مەخۆن لەوەی کە لە دونیا بەجێتان هێشتووە لە سەروەت و سامان و منداڵ و خێزان، چونکە خوای گەورە باشترتان پێ ئەبەخشێ [ وَأَبْشِرُوا بِالْجَنَّةِ الَّتِي كُنْتُمْ تُوعَدُونَ (٣٠) ] وە مۆژدە بێ لێتان بەو بەهەشتەی کە ئێوە بەڵێنتان پێ درابوو..!! [ نَحْنُ أَوْلِيَاؤُكُمْ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَفِي الْآخِرَةِ ] ئێمە دۆست و پشتیوانی ئێوە بووین لە ژیانی دونیاو بە فەرمانی خوای گەورە دەمانپاراستن، وە لەناو گۆڕو قیامەتیشدا هەر لەگەڵتان ئەبین و هۆگرو دڵنەواتان دەبین و لە پردی صیرات دەتانپەڕێنینەوە تا دەتانکەینە بەهەشتەوە [ وَلَكُمْ فِيهَا مَا تَشْتَهِي أَنْفُسُكُمْ ] وە لە بەهەشتیشدا ئەوەی کە نەفستان ئارەزووی بکات هەموو شتێکتان بۆ هەیە [ وَلَكُمْ فِيهَا مَا تَدَّعُونَ (٣١) ] وە ئەوەیشی کە داوای بکەن هەموو شتێکتان پێشکەش ئەکرێ و پێتان ئەدرێ..!! [ نُزُلًا مِنْ غَفُورٍ رَحِيمٍ (٣٢) ] ئەمانە هەمووی وەکو لادان و دانیشتن و پێشکەش کردن و میوانداریەکە لەلایەن خوایەك کە زۆر لێخۆشبوو بە بەزەییە...

بەڵگەی چوارەم :

لە (عبادە کوری صامت ) — خوا لێ رازی بێت — دەگێڕێتەوە دەڵێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی :

(( مَن شَهِدَ أن لا إلَهَ إلَّا اللهُ وحدَه لا شَريكَ له، وأنَّ مُحَمَّدًا عَبدُه ورَسولُه، وأنَّ عيسى عبدُ اللهِ ورَسولُه، وكَلِمَتُه ألقاها إلى مَريَمَ وروحٌ منه، والجَنَّةُ حَقٌّ، والنَّارُ حَقٌّ؛ أدخَلَه اللهُ الجَنَّةَ على ما كان مِنَ العَمَلِ. وفي رِوايةٍ زادَ: مِن أبوابِ الجَنَّةِ الثَّمانيةِ، أيَّها شاءَ)).

واتە : هەر کەس شایەتی بدات کە هیچ پەرستراوێك ڕانییە جگە لە (خودای تاك و تەنیا و هیچ هاوبەشێکی نییە ، وە شایەتی بدات بە ڕاستی محمد بەندە و پێغەمبەری خوایە ، وە بێ گومان( عیسی) — علیه السلام - بەندە و پێغەمبەری خوایە ، وتەی خۆیەتی (بە جبریل دا ) ناردوویەتی بۆ مەریەم ، وە (عیسی ) — علیه السلام — گیانێك یان ڕۆحێکە لە لایەن خواوە بەخشراوە ، وە شایەتی بدات کە بێ گومان بەهەشت حەقە و ڕاستە وە ئاگری دۆزەخ حەق و ڕاستە ، ئەوا خوا دەیخاتە بەهەشتەوە ئیتر کردەوەی هەرچی بێت ، لە ڕیوایەتێکی تر هاتووە دەرگاکانی بەهەشت هەشتە هەریەکێکیان بی یەوێت دەچێتە ژوورەوە ..!!

بەڵگەی پێنچەم :

لە (ابو سعيد الخدرى ) – خوا لێ رازى بێت – دەگێڕێتەوە دەڵێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :

**((قال موسى : يا ربِّ علِّمْني شيئًا أذكرْك به وأدعوك به ؟ قال : قل : لا إله إلا اللهُ. قال : يا ربِّ كلُّ عبادِك يقول هذا. قال : قل لا إله إلا اللهُ. قال : إنما أريد شيئًا تخصُّني به. قال : يا موسى لو أنَّ السمواتِ السَّبعَ والأرضِينَ السَّبعَ في كِفَّةٍ ولا إله إلا اللهُ في كِفَّةٍ؛ مالَتْ بهم لا إله إلا اللهُ))**. **ابن حبان برقم (٦٢١٨)**. واتە: (موسى ) فەرمووى : ئەی پەروەردگارا ... شتێكم فێر بكە يادى تۆی پێ بكەم و بەو شتە لە تۆ داوا بكەم ..؟! (خواى گەورە ) فەرمووى : ئەی (موسى ) بڵێ : ( لا إله إلا الله ) ، (موسى ) فەرمووى : پەروەردگارا ... هەموو بەندەكانت ئەوە دەڵێن : فەرمووى : ئەی (موسى) .. ئەگەر هەر حەوت ئاسمانەكە و ئەوانەی ئاوەدانيان كردووەتەوە لە جگە لە من لەو هەر حەت و زەوییە كە لە تای تەرازوو بن و (لا إله إلا الله ) لە تایەكی تر بێت ئەوا ( لا إله إلا الله ) قورس دەبێت بە سەریاندا ..!!

بەڵگەی شەشەم :

لە ( ئەنسی كوری مالك ) – خوا لێ رازى بێت – دەگێڕێتەوە دەڵێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :

**(( قال اللهُ تعالَى : يا ابنَ آدمَ, إنك ما دعَوتَني ورجَوتَني غفرتُ لك على ما كان منك ولا أُبالي , يا ابنَ آدمَ لو بلغَتْ ذنوبُك عَنانَ السماءِ , ثم استغفَرْتَني, غفرتُ لك, يا ابنَ آدمَ إنك لو أتيتَني بقُرابِ الأرضِ خطايا, ثم لَقِيتَني لا تشركُ بي شيئًا, لأتيتُك بقُرابها مغفرةً ))**. **سنن الترمذي برقم (٣٥٤٠)**. واتە: (خواى گەورە ) دەفەرموويێت : ئەی نەوەی ئادەم هەتا تۆ هاوارم بۆ بێنى و ئومێددت بە من ببێ منيش لێت خۆش دەبم ئيتر كارو كردەوەت هەر چییەك بێ دەربەست نيم ، ئەی نەوەی ئادەم گەر گوناهو تاوانەكانت بگەنە كەنارى ئاسمان لە پاشدا داوای لێ خۆشبوونم لێ بكە لێت خۆش دەبم ئيتر كارو كردەوەت هەر چییەك بێ دەربەست نيم ، ئەی نەوەی ئادەم كاتێ دێی بۆ ديوانى من نزيكەی پڕ بە زەوەی گوناهو تاوان لەگەڵ خۆت بهێنى بەمەرجێ بە هيچ شێوەيەك هاوبەشت بۆ بڕيار نەدابم منيش لە سەرجەم گوناهو تاوانەكانت خۆش دەبم ..!!

# واجیب بوونی توحید

بەڵگەی یەکەم : واجیب بوونی تەوحید :

(خوای گەورە) دەفەرموویێت : ﴿وَمَا خَلَقْتُ ٱلْجِنَّ وَٱلْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ ۝٥٦﴾ [الذَّارِيَات : ٥٦] واتە : {حیکمەت لە دروستکردنی جن و مرۆڤ} [ وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالإِنْسَ إِلاّ لِيَعْبُدُونِ (٥٦) ] وە من جن و مرۆڤم دروست نەکردووە تەنها بۆ ئەوە نەبێ بە تاك و تەنها بمپەرستن وە ملکەچی فەرمانی من بن..!!

ڕاڤەی ئەم ئایەتە لەم دوو وشەیەدا :

﴿خَلَقْتُ﴾ واتە: دروستکردن ، بریتیە لە : داهێنانی شتێك بە بێ ئەوەی بنچینەیەك و هاو شێوەیەکی هەبێت .

﴿لِيَعْبُدُونِ ۝٥٦﴾ واتە: مانای یعبدون : (یوحدون ) بە تەنها بم پەرستن ، یان زلیلی بنوێنن بەرانبەر بە من بە ئەنجامدانی فەرمانەکان و وازهێنان لە قەدەغەکراوەکان ، هەموو (عبادە) تێك لە قورئاندا مانای توحیدە ، ئەمەش قسەی (کوری عباس) مانای ئایەتەکە ئەوەیە : من جنۆکە و مرۆڤم بۆ هیچ مەبەستێ دروست نەکردووە تەنها بۆ خوا پەرستی نەبێت.

(العبادە) لەزمانەوانیدا : مانای ملکەچ بوون و خۆبەدەستەوەدانە .

(العبادە) لە شەرعدا : مانای کۆکەرەوەیە بۆ هەموو ئەو شتانەی کە خوا پێی خۆشەو پێی ڕازییە لە قسەو کردەوەکان ، ئاشکراو شاراوەکان .

سوودەکانی ئەم ئەیەتەی :

١-واجیب بوونی توحید بە تاك دانانی خوا لە پەرستندا لە سەر جنۆکە و مرۆڤەکان

٢-ڕوونکردنەوەی حیکمەتی دروستکردنی جنۆکەو مرۆڤ

٣-ڕوونکردنەوەی دەوڵەمەندی و بێ پێویستی (خوای گەورە) دروستکراوەکانی پێویستی دروستکراوەکان بۆ لای (خوای گەورە ) ، چونکە خوا بەدێهێنەرە بەندە بەدێهێنراوە .

٤-جێگیر کردنی حیکمەت و دانانی لە کردەوەکانی (خوای گەورە).

بەڵگەی دووەم : واجیب بوونی توحید :

(خوای گەورە) دەفەرموویێت : ﴿وَلَقَدۡ بَعَثۡنَا فِي كُلِّ أُمَّةٖ رَّسُولًا أَنِ ٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ وَٱجۡتَنِبُواْ ٱلطَّٰغُوتَ﴾ [النَّحل : ٣٦] واتە: بانگەوازی سەرجەم پێغەمبەران یەك بووە} [ وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَسُولاً ] وە بەدڵنیاییی ئێمە بۆ هەموو کۆمەڵە خەڵك و نەتەوەیەك لە شوێنێك ژیابێتن پێغەمبەرێكمان بۆ ناردوون [ أَنِ اعْبُدُوا اللَّهَ وَاجْتَنِبُوا الطَّاغُوتَ ] ئیشی هەموو پێغەمبەران ئەوە بووە بە خەڵکەکەیان وتووە: ئەی خەڵکینە بەتاك و تەنها خوای گەورە بپەرستن و شەریك بۆ خوا دامەنێن وە خۆتان دووربخەنەوە لە تاغوتەکان وەکو شەیتان و فاڵچیەکان و ساحیرەکان و بت و هەموو کەسێك کە بپەرسترێت و ڕازی بێت بەو پەرستنە، یان بانگەوازی خەڵکی بکات بۆ پەرستنی خۆی، یان باوەڕی بە حوکمی خوای گەورە نەبێت و بە کۆنەپەرستی بزانێت، یان حوکمێکی تر بەباشتر بزانێت لە حوکمی خوا، یان یەکسانی بکات بە حوکمی خوا..!!

ڕاڤەی چەند ووشەیەکی ئەم ئایەتە :

﴿كُلِّ أُمَّةٖ﴾ هەموو هۆزێك و خەڵکی سەردەمێك و نەوەیەك لە خەڵکی .

وەکو ئەم ئایەتانە کە لە قورئاندا هاتوون بە چوار شێواز (ئوممەت ) هاتووە :

١) تاقم گرووپ : ﴿وَلَقَدۡ بَعَثۡنَا فِي كُلِّ أُمَّةٖ رَّسُولًا أَنِ ٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ وَٱجۡتَنِبُواْ ٱلطَّٰغُوتَ﴾ [النَّحل : ٣٦]

٢) ئیمام و پێشەوا : ﴿إِنَّ إِبۡرَٰهِيمَ كَانَ أُمَّةٗ قَانِتٗا لِّلَّهِ حَنِيفٗا وَلَمۡ يَكُ مِنَ ٱلۡمُشۡرِكِينَ ١٢٠﴾ [النَّحل : ١٢٠]

٣) میللەت نەتەوە : ﴿بَلۡ قَالُوٓاْ إِنَّا وَجَدۡنَآ ءَابَآءَنَا عَلَىٰٓ أُمَّةٖ وَإِنَّا عَلَىٰٓ ءَاثَٰرِهِم مُّهۡتَدُونَ ٢٢﴾ [الزُّخرُف : ٢٢]

٤) زەمەن و کات و سەردەم : ﴿وَقَالَ ٱلَّذِي نَجَا مِنۡهُمَا وَٱدَّكَرَ بَعۡدَ أُمَّةٍ﴾ [يُوسُف : ٤٥]

﴿رَّسُولًا﴾ واتە ئەو کەسەیە کە وەحی یان نیگای بۆ کراوە بە شەرعێك و فەرمانیشی پێکراوە بە گەیاندن و ئاگادار کردنەوە .!!

﴿ٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ﴾ بە تاکی دابنێن لە پەرستندا ..!!

﴿وَٱجۡتَنِبُواْ﴾ وازی لێ بێنن و لێی جیاببنەوە ..!!

﴿ٱلطَّٰغُوتَ﴾ لە (الطغیان ) وە وەرگیراوە ، کە بریتیە لە سنوور بەزاندن ، کەواتە : هەر کەسێك جگە لە خوا بپەرستێت و ئەویش ڕازی بێت بەو پەرستە ، ئەوە تاغووتە ..!!

سوودەكانی ئەو ئایەتەی سورەتی (النحل) :

١) بێ گومان حیكمەت لە ناردنی پێغەمبەران ، بریتیە لە : بانگەوازی كردن بۆلای یەكتاپەرستی وقەدەغەكردنی هاوبەشی بڕیاردان .

٢) ئايينی پێغەمبەران هەموو یەك ئايينە ئەویش بریتیە لە توحيد و دڵسۆزی لە پەرستنی خوا و وازهێچنان لە هاوبەشی بڕیاردان ، ئەگەرچی شەریعەت و یاساكانیان جیاواز بێت .

٣) گەورەیی و گرنگی توحيد ، كە لە سەر هەموو میللەتەكان یان ئومەتەكان پێویستە .

٤) پەیامی خوا گشتیە بۆ هەموو میللەتەكان یان ئومەتەكان ،ئیقامە حوجەش لەسەر هەموو بەندەكان كراوە.

٥) ئەو نەفی و ئیسپاتەی لە ( لا إله إلا الله )دا هەیە ، لە ئەتەكەشدا هەیە ، كەواتە : ئایەتەكە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی كە توحيد دانازمەزرێت ، ئیللا یە هەر دووكیان نەبێت (نەفی و ئیسپات ).

بێ گومان توحيد جێ بەجێ نابێت ئیللا بە دوو ڕوكن نەبێت ئەویش ( نەفی كردن ) و (ئیسپات كردن ):

وە تەنها نەفی كردن یەكتاپەرستی تەواو نییە " چونكە لە كارخستنێكی تەواو ، وە تەنها ئیسپات كردن یان سەڵماند توحيد تەواو نییە " چونكە ڕێگری نییە لە هاوبەشدانان ، وە كو دەڵێن : ( زید قائم ) دەلالەت دەكات لەسەر ئیسپات كردن لە سەر هەستان بۆ (زید) ، بەڵام دەلالەت ناكات لەسەر ئەوەی تەنها خۆی هەستاوە ( ڕەنگە كەسی تریش هەستابێت ) وە ( لم یقم أحد ) ئەمە نەفی كردنێكی تەواو ، بەڵام ( لم یقم إلا زید ) ئەمە دەلالەت دەكات لەسەر ئەوەی تەنها (زید) هەستاوە ، چونكە نەفی كردن و ئیسپات كردنی تێدایە ..!!

حیكمەت لە ڕەوانە كردنی پێغەمبەران – علیهم السلام - :

- ئیقامە كردنی حوجە:

﴿رُّسُلًا مُّبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ لِئَلَّا يَكُونَ لِلنَّاسِ عَلَى ٱللَّهِ حُجَّةُۢ بَعۡدَ ٱلرُّسُلِ﴾ [النِّسَاء : ١٦٥]

- ڕەحمەت و بەزەیی :

﴿وَمَآ أَرۡسَلۡنَٰكَ إِلَّا رَحۡمَةٗ لِّلۡعَٰلَمِينَ ١٠٧﴾ [الأَنبِيَاء : ١٠٧]

- ڕوونكردنەوەی ئەو ڕێگایەی كە خاوەنەكەی دەگەیەنێتە (خوای گەورە).

بەڵگەی سێ یەم : واجیب بوونی توحید :

(خوای گەورە) دەفەرموویێت : ﴿* وَقَضَىٰ رَبُّكَ أَلَّا تَعْبُدُوٓاْ إِلَّآ إِيَّاهُ وَبِٱلْوَٰلِدَيْنِ إِحْسَـٰنًا﴾ [الإِسْرَاء : ٢٣] واتە : {فەرمان کردن بە چاکە کردن لەگەڵ دایكو باوك} [ وَقَضَى رَبُّكَ أَلاَّ تَعْبُدُوا إِلاَّ إِيَّاهُ ] وە پەروەردگارت فەرمانی کردووەو بڕیاری داوە کە هیچ کەسێك نەپەرستن تەنها زاتی پیرۆزی اللّٰه نەبێ چونکە تەنها ئەو شایەنی پەرستنە [ وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَانًا ] وە فەرمانی کردووەو بڕیاری داوە کە لەگەڵ دایك و باوکتاندا چاکەکار بن..!!

ڕاڤە کردنی چەند ووشەیەکی ئە ئایەتە :

﴿قَضَىٰ﴾ فەرمانی کرد و ئامۆژگاری کرد ، لێرەدا مەبەست لە ووشەی (القضاء) بەمانای بڕیاردانی شەرعی ئایینیە ، نەك بڕیاردانی قەدەری کەونیی .

﴿رَبُّكَ﴾ (الرب) خاوەن و فەرمانڕەوا و بەڕێوەبەرە ، ئەوەی هەموو جیهانەکانی بە نیعمەتەکانی خۆی پەروەردەکردووە.

﴿أَلَّا تَعْبُدُوٓاْ إِلَّآ إِيَّاهُ﴾ واتە: خودا بپەرست و جگە لەو هیچ شتێکی تر نەپەرستن ، وەیان تەنها بەندایەتی بۆ خوا بکەن.

﴿وَبِٱلْوَٰلِدَيْنِ إِحْسَـٰنًا﴾ واتە: (خوای گەورە) فەرمانی کردووە یان بڕیاریداوە کە چاکە لەگەڵ دایك و باوکدا بکەن .

قەزاری (خوای گەورە) دابەش دەبێت بە دوو بەشەوە :

- قەزای شەرعی :

تەنها لەوەدا دەبێت کە (خوای گەورە ) پێی خۆشە ، لەوانەیە ڕووبدات و لەوانەشە ڕوونەدات هەروەکو ئەم ئایەتەی باسمان کرد (خوای گەورە) دەفەرموویێت : ﴿* وَقَضَىٰ رَبُّكَ أَلَّا تَعْبُدُوٓاْ إِلَّآ إِيَّاهُ وَبِٱلْوَٰلِدَيْنِ إِحْسَـٰنًا﴾ [الإِسْرَاء : ٢٣]

- قەزای کەونی :

لەوەدا دەبێت کە (خوای گەورە) پێی خۆشە و ئەوەشی پێی ناخۆشە ، دەبێت ئیللا ڕووبدات ، هەروەکو ئەم ئایەتەی سورەتی (الاسراء ) ، (خوای گەورە ) دەفەرموویێت : ﴿وَقَضَيْنَآ إِلَىٰ بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ فِى ٱلْكِتَـٰبِ لَتُفْسِدُنَّ فِى ٱلْأَرْضِ﴾ [الإِسْرَاء : ٤] کەواتە : (فەساد ) خراپەکارییە : (خوای گەورە) لە شەرعدا داینەڕێژاوە و پێی خۆش نییە .

بەلىٚ لیٚرەدا پرسیاریٚك دیٚتە ئاراوە كە (خواى گەورە) چۆن قەزارى شتیٚك دەكات و پیٚى خۆش نیە ..؟!

وەلاٌم / شتیٚك خۆشەویست بیٚت لاى جگە لە خۆى ڕەنگە لە خودى خویدا نەویستراو بیٚت ، بەلاٌم خۆشەویست دەبیٚت لەبەر ئەو حیكمەت و بەرژەوەندیەى تیٚیدایە ، جا ئەو كات لە ڕوویەكەوە خۆشەویست دەبیٚت و لە ڕوویەكى ترەوە نەویستراو دەبیٚت ..!! بۆ نموونە : (فساد ) و خراپەكارى لە لایەن نەوەى ئیسرائیلەو خودى خۆیدا نەویستراوە لاى (خواى گەورە) ، چونكە (خواى گەورە) خراپەكارى و خراپەكارانى خۆش ناویٚت بەدلٌنیایەوە ، بەلاٌم چەند حیكمەتیٚم تیٚدایە ئەوا لە ڕوویەكى ترەوە خۆشەویست دەبیٚت لاى (خواى گەورە) ، هەر لەوانە گرانى و وشكە سالٌى زریان تۆفان نەخۆشى هەژارى ...هتد .

ئەوەى خۆشەویستە دابەش دەبیٚتە دوو بەشەوە :

- ❖ خوشەویستیٚك بە هۆى خودى خۆیەوە :

كە ئەویش (خواى گەورە)یە .

- ❖ خۆشەویستیٚك بە هۆى جگە لە خۆیەوە :

كە ئەویش وەكو داو دەواو چارەسەر خۆشەویستە چونكە شیفا و چارەسەرى تیٚدایە .

سوودەكانى ئەو ئایەتەى(٢٣ ) سورەتى (الاسراء ) :

١) بیٚ گومان توحید یەكەم شتە كە خوا فەرمانى پیٚكردووە لە واجیب بوونى ، هەروەها یەكەم مافى واجیب بوونە لەسەر بەندە .

٢) نەفى و ئیسپات كە لەو وشەى (لا إله إلا الله ) هەیە ، بەلٌگەیە لەسەر ئەوەى توحید دانا مەزریٚت ئیللا بە نەفى و ئیسپات نەبیٚت .

٣) گەورەى مافى دایك و باوك .

٤) واجیب بوونى چاكە كردن لە گەلٌ دایك وباوكدا .

٥) حەرامكردنى ئەزایەت دان یان ئازاردانى دایك و باوك .

بەندایەتی دابەش دەبێت بۆ سێ بەشەوە :

✓ بەندایەتی گشتی ، ویان پێی دەڵێن : بەندایەتی (زاڵبون ):

بەڵێ ئەمەش بەندایەتی پەروەردگارە بۆ هەموو دروستکراوەکانە ، هەروەکو (خوای گەورە) دەفەرموویێت : ﴿إِن كُلُّ مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ إِلَّآ ءَاتِي ٱلرَّحۡمَٰنِ عَبۡدٗا ٩٣﴾ [مَرۡيَم : ٩٣] واتە : چونکە هەرچی لە ئاسمانەکان و زەوی هەیە هەموویان عەبدی خوای گەورەن و دان بە بەندایەتیدا ئەنێن بۆ خوای گەورە ئیتر چۆن ئەبێ ئەم بەندانە ببن بە کوڕی خوا...

کەواتە ئەم بەندایەتی هەموو دروستکراوەکانی (خوای گەورە) دەگرێتەوە لەم گەردوونەدا ، کەواتە بێ گومان کافرانیش دەگرێتەوە کە بەندایەتی بۆ (خوای گەورە) بکەن ..؟!

✓ بەندایەتی تایبەت وەیان بەندایەتی گوێڕایەڵی گشتیەکانی (خوای گەورە) :

(خوای گەورە) دەفەرموویێت : ﴿وَعِبَادُ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلَّذِينَ يَمۡشُونَ عَلَى ٱلۡأَرۡضِ هَوۡنٗا﴾ [الفُرۡقَان : ٦٣] واتە: {هەندێك لە سیفاتی بەندە تایبەتەکانی خوا} [ وَعِبَادُ الرَّحْمَنِ الَّذِينَ يَمْشُونَ عَلَى الأَرْضِ هَوْنًا ] وە بەندەکانی خوای گەورە ئەو کەسانەن کە بەسەر زەویدا ئەڕۆن بەهێمنی و ئارامی بەبێ ئەوەی کە بە لووتبەرزی و فەخرو شانازی بڕۆن (مەبەست ئەوە نیە بەلاوازی بڕۆن وەکو نەخۆش)...

کەواتە ئەمەش گشتییە هەموو ئەوانە دەگرێتەوە کەوا (خوای گەورە) دەپەرستن بە پێی شەرعەکەی ..؟!

✓ بەندایەتی تایبەتی تایبەت :

ئەمەش بەندایەتی پێغەمبەرانە ، چونکە تەواوترین پەرستنی (خوای گەورە)یە ، هەر وەکو (خوای گەورە ) دەفەرموویێت:

﴿تَبَارَكَ ٱلَّذِي نَزَّلَ ٱلۡفُرۡقَانَ عَلَىٰ عَبۡدِهِۦ﴾ [الفُرۡقَان : ١] واتە: قورئانی پیرۆز پێی ئەووترێ: فورقان لەبەر ئەوەی فەرق و جیاوازی خستە نێوان حەق و باتڵ و حەڵاڵ و حەرام و هیدایەت و گومڕایی و ڕێگای ڕاست و ڕێگای چەوتەوە، ئەو خوایەی کە ئەو فورقانەی دابەزاندووە بۆ سەر بەندەکەی خۆی کە محمدە - صلى اللّٰه عليه وسلم - خێرو بەرەکەتی یەکجار زۆرو بەردەوام و جێگیرو گەورەیە...

بەڵێ چونکە هیچ کەسێك هاوشێوەی پێغەمبەران بەگشتی نابێت لە توحید و خوا پەرستی دا ...

بەڵگەی چوارەم : واجیب بوونی توحید :

(خوای گەورە) دەفەرموویّت : ﴿ ۞ وَٱعْبُدُواْ ٱللَّهَ وَلَا تُشْرِكُواْ بِهِۦ شَيْـًٔا﴾ [النِّسَاء : ٣٦] واتە: وە ئێوە عیبادەتی خوای گەورە بکەن و بەتاك و تەنها بیپەرستن وە هیچ جۆرە شەریکێك بۆ خوای گەورە بڕیار مەدەن نە شیرکی گەورە نە بچووك...

ڕاڤەکردن چەند ووشەیەك ئەم ئایەتەی سورەتی (النساء ) :

﴿لَا تُشْرِكُواْ﴾ واتە: واز لە هاوبەشی بڕیاردان بێنن ، کە بریتیە لە یەکسانکردن جگە لە خوا بە خوا ، لە شتێکدا کە لە تایبەتمەندی خوایە ..!!

﴿شَيْـًٔا﴾ (نکرە) لە سیاقی نەهی دا هاتووە ، کەواتە : هەموو شتێك دەگرێتەوە ، نە پێغەمبەرێك و نە فریشتەیەك و نە وەلی یەك ، بەڵکو نە هیچ کارێك لە کاروباری دونیا بۆیە دونیا مەکەرە هاوبەس لە گە ڵ خوا دا ، کەواتە نابیٚ هیچ شتێك بکەیتە هاوبەش بڕیاردان بۆ (خوای گەورە) ..!!

تێبینی : ئایەتەکە سەرەتا دەستی پیٚ کردووە بە فەرمانکردن بە توحید و یەکتاپەرستی ، وە قەدەغەکردنی شیرك و هاوبەشی بڕیاردان ، کەواتە : ڕاڤە و لێکدانەوەی توحیدی تێدایە بەوەی کە توحید پەرستنی خوایە بە تاك و تەنها و وازهێنان لە هاوبەشی بڕیاردان..!!

سوودەکانی ئەم ئایەتە :

١-واجیب بوونی توحید و بە تاك وتەنها دانی (خوای گەورە ) ، چونکە خوا سەرەتا فەرمانی بە توحید کردووە .

٢-حەرام کردن و قەدەغەکردنی هاوبەشی بڕیاردانان .

٣-دوور کەوتنەوە لە هاوبەشی بڕیاردانان مەرجێکە بۆ ڕاست و دورستی توحید و یەکتاپەرستی .

٤-هەموو جۆرەکانی هاوبەشی بڕیاردان دەگرێتەوە کەمی و زۆری گەورەو بچووکی ، چونکە وشەی (شیئا) نەکیرەیە لە سیاقی نەهی دا .

٥-دروست نیە نەهی کراوە هیچ شتێك بکرێتە هاوبەشی بڕیاردان بۆ (خوای گەورە) لە پەرستنی دا، تەنانەت پێغەمبەرانیش و فریشتە و پیاوچاك و وەلییەکانیش چونکە وشەی (شیئا) گشتییە .

بەڵگەی پێنچەم : واجیب بوونی توحید :

لە (معاذ کوری جبل ) – خوا لیّ رازی بێت – دەگێڕێتەوە دەڵێت :

**((كُنتُ رِدفَ رَسولِ اللّهِ صلَّى اللّهُ عليه وسلَّم على حِمارٍ يُقالُ له: عُفَيرٌ، قال: فقال: يا مُعاذُ، تَدري ما حَقُّ اللّهِ على العِبادِ؟ وما حَقُّ العِبادِ على اللّهِ؟ قال: قُلتُ: اللّهُ ورَسولُه أعلَمُ، قال: فإنَّ حَقَّ اللّهِ على العِبادِ أن يَعبُدوا اللّهَ ولا يُشرِكوا به شيئًا، وحَقَّ العِبادِ على اللّهِ عزَّ وجلَّ أن لا يُعَذِّبَ مَن لا يُشرِكُ به شيئًا، قال: قُلتُ: يا رَسولَ اللّهِ، أفَلا أُبَشِّرُ النّاسَ، قال: لا تُبَشِّرْهُم فيَتَّكِلوا))**. صحيح المسلم برقم(٣٠). واتە: من لە دواوەی پێغەمبەری خوا ﷺ بووم لەسەر کوێدرێژێك ، پیّ فەرمووم :" ئەی موعاز ئایا دەزانی مافی خوا لەسەر بەندەکانی چییە ..؟! وە مافی بەندەکانیش لە سەر خوا چییە..؟!" منیش ووتم : خواو پێغەمبەرەکەی زاناترە ..!! فەرمووی: " مافی خوا لە سەر بەندە ، ئەوەیە بیپەرستێت و هیچ شتێك نەکات هاوبەشی ، مافی بەندەش لەسەر خوا ، ئەوەیە ئەو کەسە سزا نەدات کە هیچ هاوبەشێمی بۆ بڕیارنەداوە " منیش ووتم : ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ...!!ئایا ئەو موژدەیە بە خەڵکی نەدەم ..؟! ئەویش فەرمووی : " نەخێر ، ئەو مودەیە یان پیّ مەدە ، چونکە پشت بەو موژدەیە دەبەستن و واز لە کردەوەی چاکە دەهێنن "..!!

سوودەکانی ئەم فەرموودەیە :

١-سادەیی پێغەمبەری خوا ﷺ لەبەر ئەوەی سواری پشتی کوێدرێژ بوو .

٢-فێرکردن بە ڕێگەی پرسیار و وەڵام .

٣-هەر کەسێك پرسیاری لێکرا دەربارەی شتێك کە نایەیزانێت ، پێویستە بڵێت : خوا زاناترە .

٤-زانینی مافی خوا لە سەر بەندە ، کە بریتیە لەوەی خوا بپەرستێت بە تاك و تەنها بەبیّ هاوبەش بڕیاردان .

٥-دروستیەتی شاردنەوەی زانست لە بەر بەرژەوەندی خەڵکی نەوەك بە هەڵە بەکاری بهێنن .

٦-گەورەیی توحید و چاکەیەتی ئەو کەسەی کە دەست بە توحید دەوە دەگرێت .

٧-چاکیەتی سوننەت و موژدەدان بە موسڵمان ، بە شتێك کە دڵخۆشی بکات .

٨-ڕاڤەی توحید ، کە بریتیە لە پەرستنی خوا بە تەنها و وازهێنان لە شیرك و خوڕافیات .

# چەند مەسەلەیەکی گرینگ

❖ حیکمەت لە دروست بوونی مرۆڤ و جنۆکە " توحیدە نەك خواردن و هاوسەرگیری ..!!

❖ پەرستن بریتیە لە توحید ، چونکە دژایەتی و ناکۆکی لەوەدایە واتە : " لە نێوان پێغەمبەری خوا ﷺ و قورەیشدا ،جا هەر پەرستنێك لە سەر یەکتاپەرستی بنیات نەنرابێت ئەوا پووچەڵە ".

❖ هەرکەسێ توحید لە خۆیدا جێ بەجێ نەکات ، ئەوا (خوای گەورە)ی نە پەرستووە ..!! ئەمەش مانای ئەو ئایەتەیە کە لە سورەتی (الکافرون ) (خوای گەورە) دەفەرموویێت : ﴿وَلَآ أَنتُمۡ عَٰبِدُونَ مَآ أَعۡبُدُ ۝٣﴾ [الكَافِرُون : ٣] واتە: وە ئێوەیش عیبادەتی ئەو خوایە ناکەن کە من ئەیپەرستم، لەبەر ئەوەی ئەگەر عیبادەتیشی بکەن لەگەڵ بت پەرستی و شەریکدانان بۆ خوای گەورە پێی ناووترێ: عیبادەت، بەڵکو پێی ئەووترێ: شیرك...

❖ حیکمەت لە ناردنی پێغەمبەران " پەرستنی خوای تاك و تەنها و دوور کەوتنەوە لە پەرستنی تاغوت "

❖ پەیامی توحید هەموو ئوممەتێکی گرتووتەوە ، واتە : ( هەموو تاقم و گروپێك ).

❖ ئایینە پێغەمبەران هەر ئەهەمووی یەك ئایینە و یەك پەیامە ئەویش توحیدە " ئەصڵ و بنەمای ئایین یەکە ، بەڵام شەریعەتی کرداری ئەوا جیاوازە بە جیاوازی ئوممەتەکان و کاتەکان و شوێنەکان ".

❖ مەسەلە گەورەکە ئەوەیە کەوا خوا پەرستی جێ بەجێ نابێت ژ رووناداتت ئیللا بە کوفر کردن بە تاغوت نەبێت " ئەمەش مانای ئەو ئایەتەی سورەتی (البقرە) کە (خوای گەورە) دەفەرموویێت : ﴿فَمَن يَكۡفُرۡ بِٱلطَّٰغُوتِ﴾ [البَقَرَةِ : ٢٥٦] واتە : جا هەر کەسێ کوفر بە تاغوتەکان بکات..!! ئەم ئایەتە بە یەکێك لە تاوانەگەورەکانی ژماردووە چونکە زۆرێك لە خەڵکی نایزانن ، وە هەر کەسێك کارێك لەو کارانەی کرد ئەوا دروست نیە وشەی شیرك و کوفر و لە عنەتی یە رەهایی پێ بلێن ، چونکە حوکمدان بەسەر ئەو جۆرە شتانەدا هۆکار و رێگری هەیە .

❖ "تاغوت " گشتییە ، هەموو ئەوانە دەگرێتەوە کە جگە لە خوا دەپەرسترێت .

❖ مەزنی گەورەیی ئەو سێ ئایەتە موحکەمەی لە سورەتی (الانعام ) هاتووە لای سەلەف کە (دە) مەسەلەی لە خۆ گرتووە یەکەمیان نەهی کردنە لە شیرك .

- ئایەتە موحکەمەکانی سورەتی (الاسرا ء ) کە هەژدە مەسەلەی لە خۆ گرتووە ، بە ئایەتانە دەستی پێکردووە (خوای گەورە) دەفەرموویێت : ﴿لَّا تَجۡعَلۡ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا ءَاخَرَ فَتَقۡعُدَ مَذۡمُومًا مَّخۡذُولًا ﴿٢٢﴾﴾ [الإِسۡرَاء : ٢٢] واتە: [ لَا تَجْعَلْ مَعَ اللَّهِ إِلَهًا آخَرَ ] تۆ لەگەڵ خوای گەورەدا خوایەكی تر بڕیار مەدە كە بیپەرستی [ فَتَقْعُدَ مَذْمُومًا مَخْذُولًا (٢٢) ] ئەوكاتە دائەنیشیت بە زەمكراوی و سەرشوڕی، خوای گەورەو فریشتەكان زەمت ئەكەن، وە خوای گەورە سەرت ناخات بەڵكو سەرشۆڕ ئەبیت...

(خوای گەورە) دەفەرموویێت : ﴿ذَٰلِكَ مِمَّآ أَوۡحَىٰٓ إِلَيۡكَ رَبُّكَ مِنَ ٱلۡحِكۡمَةِۗ وَلَا تَجۡعَلۡ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا ءَاخَرَ فَتُلۡقَىٰ فِي جَهَنَّمَ مَلُومًا مَّدۡحُورًا ﴿٣٩﴾﴾ [الإِسۡرَاء : ٣٩] واتە : [ ذَلِكَ مِمَّا أَوْحَى إِلَيْكَ رَبُّكَ مِنَ الْحِكْمَةِ ] ئەم شتانەی كە پێشتر ئاماژەی بۆ كرا هەمووی خوای گەورە بە وەحی بۆی ناردوویت وە پڕە لە حیكمەت و دانایی خوای گەورە [ وَلَا تَجْعَلْ مَعَ اللَّهِ إِلَهًا آخَرَ ] وە خوای گەورە جەخت ئەكاتەوە لەسەرەتاش فەرمووی لێرەش ئەفەرمووێ: لەگەڵ خوای گەورەدا هیچ خوایەكی تر دامەنێ [ فَتُلْقَى فِي جَهَنَّمَ مَلُومًا مَدْحُورًا (٣٩) ] هەر كەسێك شەریك بۆ خوای گەورە بڕیار بدات فڕێ ئەدرێتە ناو دۆزەخەوە بە لۆمەكراوی (خوای گەورەو خەڵكی لۆمەی دەكەن)، وە بە دووورخراوی لە ڕەحمەتی خوای گەورە...

- ئایەتەکەی سورەتی (النساء) کە پیٚ دەڵێن ئایەتی ( دە مافەکە ) (خوای گەورە) بە م ئایەتی دەستی پێکردووە کە (خوای گەورە) دەفەرموویێت : ﴿وَٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ وَلَا تُشۡرِكُواْ بِهِۦ شَيۡـٔٗاۖ﴾ [النِّسَاء : ٣٦] واتە : {چەند ڕەوشتو ئاكارێكی جوان} [ وَاعْبُدُوا اللَّهَ وَلَا تُشْرِكُوا بِهِ شَيْئًا ] وە ئێوە عیبادەتی خوای گەورە بكەن و بەتاك و تەنها بیپەرستن وە هیچ جۆرە شەریكێك بۆ خوای گەورە بڕیار مەدەن نە شیركی گەورە نە بچووك...

- زانینی حەقی (خوای گەورە) بە سەرمانەوە بەوەی تەنها ئەو بپەرستیت و شەریکی بۆ بڕیار نەدەیت .
- زانینی حەقی بەندەکان بەسەر (خوای گەورە) ئەگەر مافەکەیان دا ، حەقێکە یان مافێکە لە فەزڵی خۆیەوە پێی بەخشیوین .
- دروستە زانست بشاردرێتەوە لە بەر بەرژەوەندی ئەمەش بە ڕەهایی نییە .
- موژدەدان بە کەسی موسڵمان بە شتێك دڵی پیٚ خۆش بێت موستەحەببە ئەمەش لە باشترین سوودە بەدەستهاتووەکانە .
- دروستی تایبەت کردنی هەندیٚ کەس بە زانست شاردنەوەی لە هەندێکی تر .
- ووتنی دەستەواژەی (خواو پێغەمبەرەکەی ﷺ زاناترن ) یان دەزانن بۆ ئەو کەسەی پرسیاری لیٚ دەکرێت و نایزانێت ئەمە ژیانی پێغەمبەری خوا دا ﷺ دەگوترێت و لە مەسەلە شەرعییەکان کە دەیزانێت .

# توحید کلیلی بەهەشتە بە بێ لێ پرسینەوە

بەڵگەی یەکەم :

خوای گەورە) دەفەرموویت : ﴿إِنَّ إِبْرَٰهِيمَ كَانَ أُمَّةً قَانِتًا لِّلَّهِ حَنِيفًا وَلَمْ يَكُ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ۝١٢٠ شَاكِرًا لِّأَنْعُمِهِ ۚ ٱجْتَبَىٰهُ وَهَدَىٰهُ إِلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ ۝١٢١﴾ [النَّحل : ١٢٠ - ١٢١] واتە : [ إِنَّ إِبْرَاهِيمَ كَانَ أُمَّةً ] بە دڵنیایی ئیبراهیم - صلی الله علیه وسلم - بەتەنها خۆی ئوممەتێك بووە، واتە: پێشەواو مامۆستای خێرو چاکە بووە [ قَانِتًا لِلَّهِ ] وە گوێڕایەڵ و ملکەچ بووە بۆ خوای گەورە [ حَنِيفًا ] لە دینە پووچەڵەکان لایداوە بۆ دینی حەق [ وَلَمْ يَكُ مِنَ الْمُشْرِكِينَ (١٢٠) ] وە لەو کەسانە نەبووە کە هاوبەشیان بۆ خوای گەورە بڕیار داوە..!! [ شَاكِرًا لِأَنْعُمِهِ ] شوکرانەبژێری نیعمەتەکانی خوای گەورەی کردووە [ اجْتَبَاهُ ] خوای گەورە هەڵیبژاردووە بۆ پێغەمبەرایەتی [ وَهَدَاهُ إِلَى صِرَاطٍ مُسْتَقِيمٍ (١٢١) ] وە هیدایەتی داوە بۆ ڕێگای ڕاست...

ڕاڤەی چەند ووشەیەك لەم دوو ئایەتەدا :

﴿أُمَّةً﴾ پێشەوایە و چاوی لێدەکرێت ، لە کارو بارو کردەوەو جیهادەکەیدا ، لە گەڵ پشت بە ستنی بە (خوای گەورە).

﴿قَانِتًا﴾ مەبەست لێی (إبراهیم ) هەموو کات کوێڕایەڵ بوو ، وە بەردەوام بوو لە گوێڕایەڵی لە هەموو بارودۆخێکدا ، ئەو کەسێکی گوێڕایەڵ و دامەزراوە و بەردەوام بوو .

﴿لِّلَّهِ﴾ بەڵگەیە لە سەر دڵسۆزی و ئیخلاص بوون .

﴿حَنِيفًا﴾ واتە: (إبراهیم ) ڕووی کردبووە خواو پشتی کردبوو لە شیرك هاوبەشی بڕیاردان ، وەیان دوور کەتبووەوە لە هەموو ئەو قەدەغەکراوانەی کە لە گەڵ گوێڕایەڵی جیاواز بوون و نەدەگونجان .

﴿وَلَمْ يَكُ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ۝١٢٠﴾ واتە: (إبراهیم ) بێ بەری بوو لە شیرکی یان هابەشی بڕیاردانی قەومەکەی یان ئەهلەکەی ، ( بە دڵ و زمان و ئەندامەکانی ).

﴿شَاكِرًا لِّأَنْعُمِهِ﴾ چونکە نیعمەتەکان تاقی کردنەوەی خودان پێویستیان بە سوپاس گوزاری هەیە .

واتایەکی گشتی ئایەتی یەکەم : (خوای گەورە) وەسفی خلیلەکەی خۆی (إبراهيم) دەکات بە چوار خاسیەت و تایبەتمەندی:

خاسیەتی یەکەم : بێ گومان پێشەنگ بووە لە چاکە کردن ، لەبەر ئەوەی پلەی ئارامگرتن و یەقینی تەواو کردبوو ، ئەو دوانە کە بە هۆیانەوە پێشەوایەتی لە ئاین بەدەست دێت .

خاسیەتی دووەم : کەسێکی ملکەچ و گوێڕایەڵ و بەردەوام لە سەر پەرستنی (خوای گەورە) .

خاسیەتی سێ یەم : پشتی لە شیرك کردبوو ڕووی کردبووە خوا .

خاسیەتی چوارەم : دوور کەوتنەوەی لە شیرك و هاوبەشی بڕیاردان و جیابوونەوەی لە هاوبەشی بڕیاردەرەکان .

بەڵێ پەیوەندی ئایەتی یەکەم : بەو بەشە : (خوای گەورە) وەسفی خەلیلەکەی (إبراهيم ) دەکات بەو خاسیەت و تایبەتمەندییانە ئەو سیفاتانەی کە کۆتایین لە هێنانەدی توحید ، هەروەکو (خوای گەورە ) فەرمانی بە ئێمە کردووە بە شوێنکەوتنی پێغەمبەر (إبراهيم ) – عليه السلام – هەروەك (خوای گەورە) دەفەرموێت : ﴿قَدْ كَانَتْ لَكُمْ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ فِىٓ إِبْرَٰهِيمَ وَٱلَّذِينَ مَعَهُۥٓ﴾ [المُمْتَحنَة : ٤] واته : به دڵنیایی له ئیبراهیم - صلى الله عليه وسلم - و ئەوانەی كه لەگەڵیدا بوون مامۆستایەتی و پێشەوایەتیەکی باش بۆ ئێوه هەبوو، واته: ئیبراهیم - صلى الله عليه وسلم - و شوێنکەوتوانی ئەوانەی لەگەڵیدا بوون مامۆستاو پێشەواو پێشەنگی چاكن بۆ ئێوه، ئێوەش شوێن ئەوان بكەون و بەرائەت له كافران بكەن...

چەند سوودێك لەم ئایەتە دا :

١-فەزڵ و گەورەیی پێغەمبەر (إبراهيم ) – عليه السلام –

٢-شوێنکەوتنی خاسیەتەکانی (إبراهيم ) – عليه السلام –

٣-ڕوونکردنەوەی ئەو خاسیەتانەی کە هێنانە دی توحید و یەکتاپەرستی پێ تەواو دەبێ .

٤-واجیب یەتی دوورکەتنەوە لە شیرك و موشریکەکان ، وەیان بەرائەتکردن لە موشریکەکان .

٥-وەسف کردنی ئیماندار بە هێنانەدی توحید و یەکتاپەرستی .

بەڵگەی دووەم : (خوای گەورە) دەفەرموویت :

لە (عمران كوری الحصين ) — ڕەحمەتی خوای لیٚ بیٚت — دەگیٚڕیٚتەوە دەڵیٚت :

(( لا رُقيةَ إلَّا مِن عَينٍ أو حُمةٍ. فذَكَرتُه لسَعيدِ بنِ جُبَيرٍ، فقال: حَدَّثَنا ابنُ عَبَّاسٍ: قال رَسولُ اللهِ صلَّى اللهُ عليه وسلَّم: عُرِضَت عليَّ الأُمَمُ، فجعَلَ النَّبيُّ والنَّبيَّانِ يَمُرُّونَ معهُمُ الرَّهطُ، والنَّبيُّ ليس معهُ أحَدٌ، حتَّى رُفِعَ لي سَوادٌ عَظيمٌ، قُلتُ: ما هذا؟ أُمَّتي هذه؟ قيلَ: بَل هذا موسى وقَومُه، قيلَ: انظُرْ إلى الأُفُقِ، فإذا سَوادٌ يَملأُ الأُفُقَ، ثُمَّ قيلَ لي: انظُرْ هاهنا وهاهنا في آفاقِ السَّماءِ، فإذا سَوادٌ قد مَلَأَ الأُفُقَ، قيلَ: هذه أُمَّتُك، ويَدخُلُ الجَنَّةَ مِن هؤلاء سَبعونَ ألفًا بغَيرِ حِسابٍ. ثُمَّ دَخَلَ ولم يُبَيِّنْ لهم، فأفاضَ القَومُ، وقالوا: نَحنُ الذينَ آمَنَّا باللهِ واتَّبَعنا رَسولَه، فنَحنُ هم، أو أولادُنا الذينَ وُلِدوا في الإسلامِ؛ فإنَّا وُلِدنا في الجاهِليَّةِ، فبَلَغَ النَّبيَّ صلَّى اللهُ عليه وسلَّم فخَرَجَ، فقال: هُمُ الذينَ لا يَستَرْقونَ، ولا يَتَطَيَّرونَ، ولا يَكتَوونَ، وعلى رَبِّهم يَتَوكَّلونَ، فقال عُكاشةُ بنُ مِحصَنٍ: أمِنهم أنا يا رَسولَ اللهِ؟ قال: نَعَم، فقامَ آخَرُ فقال: أمِنهم أنا؟ قال: سَبَقَك بها عُكَّاشةُ )). **صحيح البخاری برقم (٥٧٠٥)**. واتە: نوشتە نییە (بۆ هیچ شتیٚك) مەگەر بۆ چاو پیسی و گەستن ، (سعید كوری جوبەیر ) ووتی : (كوری عباس ) — خوا لیٚ ڕازی بیٚت بۆی گیٚڕاینەوە ووتی : پیٚغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ( ئوممەتەكانم نیشان درا ، ئینجا پیٚغەمبەریٚك و دوو پیٚغەمبەر دەڕۆیشتن و كۆمەڵیٚ خەڵكیان لە گەڵدا بوو ، پیٚغەمبەریش هەبوو یەك كەسی لە گەڵدا نەبوو ، هەتا خەڵكیٚكی زۆرم نیشان درا ، ووتم : ئەم خەڵكە زۆرە كیٚن ..؟! ئەمانە ئوممەتی منن ..؟! ووترا : ئەوە موسا و ئوممەتەكەیتی ، ووترا : سەیری ئەو ئاسۆیەكە ، سەیرم كرد دەبینم خەڵكیٚكی زۆر ئاسۆكەی پڕ كردووە ، لە پاشان پیٚم ووترا : سەیری ئا ئەویٚ بكە لە ئاسۆكانی ئاسمان ، جا بینیم خەڵكیٚكی زۆر هەبوو ئاسۆكەیان پڕكردووە ، ووترا : ئەوە ئوممەتەكەی تۆیە ، وە لە ئاوانە حەفتا هەزاریان دەڕۆنە بەهەشتەوە بە بیٚ لیٚ پرسینەوە ، پاشان پیٚغەمبەر ﷺ چوویە ژوورەوە و ڕوونی نەكردەوە بۆیان ، ئینجا خەڵكەكە كەوتنە باسكردنی ( ئەوانەی بیٚ لیٚ پرسینەوە دەچنە بەهەشتەوە ) ، ووتیان : ئیٚمە ئەوانە بووین باوەڕمان هیٚنا بە خوا و شویٚن پیٚغەمبەر ﷺ كەوتین كەواتە ئەو كەسانە ئیٚمەیت " یان منداڵەكانی ئیٚمەن كە لە سەردەمی ئیسلامدا لە دایك بوون ، چونكە ئیٚمە لە سەردەمی نەفامیدا لە دایك بووین ، جا ئەو ووتەیە گەیشت بە پیٚغەمبەری خوا ﷺ و لە ژوورەكەی هاتە دەرەوە و فەرمووی : ( ئەوانە ئەو كەسانەن كە داوای نوشتە ناكەن ، ڕەشبینی ناكەن ، خۆیان داغ ناكەن ، تەنها پشت بە پەروەردگاریان دەبەستن ) ، ئینجا (عوكاشەی كوری مەحصەن ) ووتی : ئەی پیٚغەمبەری خوا ﷺ ئایا منییان تیٚدایە ..؟! پیٚغەمبەریش ﷺ فەرمووی : (بەڵیٚ ) ئینجا پاویٚكی تر هەستا و ووتی : ئەی منییان تیٚدایە ..؟! پیٚغەمبەریش ﷺ فەرمووی : ( عوكاشە پیٚشت كەوت )..!! ) .

ڕاڤەی چەند ووشەیەکی ئەم فەرموودەیە :

**(لا رُقيةَ إلَّا مِن عَينٍ أو حُمةٍ)** واتە: هیچ چارەسەرێك و دەوایەك نییە بە سووتر بێت بۆ حەسوودی یان چاوپیسی و پێوەدانی گیاندارە ژەهراوییەکان وەکو (روقیە ) ی شەرعی بە مەرجەکانییەوە ، لەگەڵ جێگر بوونی روقیە بۆ جگە لەوانە.

**(الرَّهطُ)** واتە: لە سێ کەسەوە تاوەکو نۆ کەس .

**(بغَيرِ حِسابٍ)** واتە: لێ پرسینەوەی یان لە گەڵ ناکرێت دەچنە بەهەشتەوە ، چونکە توحیدیان هێناوەتە دی .

**(لا يَستَرْقونَ)** واتە: داوا لە هیچ کەسێك ناکەن کەوا بە سەریاندا بخوێنێت لە بەر ئەم هۆیانە :

- لەبەر هێزی پشت بە ستنیان لە سەر (خوای گەورە).
- بوونی عیززەت یان شکۆی نەفسیان لەوەی بەرانبەر بە جگە لە (خوای گەورە) خۆیان زلیل بکەن .
- چونکە پەیوەست بوونی تێدایە بۆ جگە لە (خوای گەورە).

**(ولا يَتَطَيَّرونَ)** واتە: (التطير) بریتییە لە شووم و ڕەشبینی بە بینینی شتێك یان بیستنی شتێك یان شتێکی زانراو لە شوێن و کات ، وە حوکمی ئەو کارە شیرك بچووکە .

**(ولا يَكتَوونَ)** واتە : داوا ناکەن لە هیچ کەسێك داخیان بکات (مەبەستی چارەسەر ).

**( وعلى رَبِّهم يَتَوكَّلونَ )** واتە: لە هەموو کارەکانتان پشت بە پەروەردگاریان دەبەستن ، نەك پشت بە جگە لەو ببەستن ، کارەکانیشیان دەدەنە دەست خوا .

**(سَبَقَك بها عُكَّاشةُ)** واتە : پێشت کەوت بۆ بەدەست هێنانی ئەو خاسیەتانە ، یان پێشت کەو بە داواکردن .

## توحيد كليلی بانگەوازی سەرجەم پێغەمبەرانە عليه السلام

خوای گەورە ڕێزی گەورەی نا لە مرۆڤايەتی و منەتی زۆری بەسەردا كرد كاتێك كە لەهەر گەل و هۆزێك پێغەمبەرێكی لەخۆيان بۆ ناردن لەگەڵ ئەوەشدا پەڕاو و شەريعەتيش بۆ ناردن كە لەكەڵ فيطرەت و سروشتی سەليميانادا دەگونجا، ئەو فيطرەتەی كە لەناخەوە باوەڕی بە خودايەكی تاك و تەنهای بێ هاوەڵ هەيە، كە ئارەزووی مل كەچی بۆ ئەو زاتە دەكات ئەگەر بێتو هێزی شەڕ و نەگريسی شەيتانی نەفرين لێكراو وازی لێ بهێنێت .

كۆتا جاريش پەروەردگاری باڵادەست جارێكی تر ڕێزی گەورەی لە هەموو جيهان نايەوە ئەويش بە ڕەوانەكردن و هەڵبژاردنی محمدی كوڕی عەبدوڵلا (خاتم الأنبياء ) بۆ تەواى گرۆهی ئادەميزاد، ئەمەش بۆ ئەوەی كۆتای بە هاتنی زنجيرەی پێغەمبەران بهێنێت و بە كامڵ بوونی بانگەواز ودينەكەشی خوای گەورە واجبی كرد لەسەر تەواوی خاوەن ئەديان و ئەهلی كتابەكان كە باوەڕ بهێنين بەم پێغەمبەرە وغەيری باوەڕ هێنان هيچ شتێكی تر فريايان بكەوێت لە ڕۆژی دوايدا .

خۆشەويستان گومانی تێدا نيە بانگەوازی سەرجەم پێغەمبەران ( عليهم السلام) بانگەواز كردنە بووە بۆ يەكتاپەرستی و يەكخودا ناسی ودوور كەوتنەوە بووە لە هاوەڵ و شەريك بۆ خوا بڕياردان، بەڵام ئاينی پيرۆزی ئيسلام تايبەتمەنديەكی گەورەی هەيە ئەويش ئەوەی خوای گەورە بەڵێنی داوە كە بيپارێزيت لە تەحريف و گۆڕان و دەستكاری كردنی مرۆڤەكان وەك خوای گەورە فەرموويەتی: ( إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا الذِّكْرَ وإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ) { الحجر : ٩ } واتە : بێگومان ئێمە ئەم قورئانە پيرۆزەمان ناردوەتە خوارەوە و هەر ئێمەش دەيپارێزين, بە پێچەوانەی ئاينەكانی ترەوە كە هەر هەموويان ڕووبەڕووی دەستكاريكردنی قەشە و پاپا و حاخامەكان بوونەتەوە، هەر ئەم تايبەتمەنديەشە بووە بەهێزی مانەوە وگەشەكردنی ڕۆژ لەدوای ڕۆژی ئاينی پيرۆزی ئيسلام لەتەواوی جيهاندا .

ئەوەشی كە دەيلێين يەكتاپەرستی كليلی بانگەوازی سەرجەم پێغەمبەران ( عليهم السلام ) بووە، ڕاستيەكە و قورئانی پيرۆز لەزۆر جێگادا باسی لێوەكردوە، نەك هەر ئەوەندە بەڵكو هەر لەبەر ئەم ئامانجە گەورەيەش بووە كە پێغەمبەران ( عليهم السلام ) و شوێن كەوتوانيان ڕووبەڕووی كوشتن و سزاو زيندانی و دەربەدەری بونەتەوە . قورئانی پيروز لەم بارەيەوە دەفەموريێت : ( ومَا أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ مِن رَّسُولٍ إِلاَّ نُوحِي إِلَيْهِ أَنَّهُ لا إِلَهَ إِلاَّ أَنَا فَاعْبُدُونِ ) { الأنبياء :٢٥} واتە : ئێمە پێش تۆ هيچ پێغەمبەرێكمان ڕەوانە نەكردووە، كە وەحيمان بۆ نەناردبێت بەوەی كە: بێگومان هيچ خوايەک نيە جگە لە من و دەبێت هەر من بپەرستن .

ئەوەتانێ یەکەم پێغەمبەرێك لە پێغەمبەران کە حەزرەتی نوح ( علیه السلام ) ە ڕوو لە گەلەکەی دەکات و بانگیان دەکات بۆ یەکتاپەرستی و دەفەرموێت : ( ولَقَدْ أَرْسَلْنَا نُوحاً إِلَى قَوْمِهِ فَقَالَ يَا قَوْمِ اعْبُدُوا اللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَهٍ غَيْرُهُ) { المؤمنون:٢٣} واتە: بێگومان ئێمە (نووح) ی پەیامبەرمان (علیه السلام) ناردە لای هۆزەکەی خۆی، تا هۆشیاریان بکاتەوە، ئەوسا پێیگوتن: ئەی هۆزەکەم ! تەنها خوا بپەرستن؛ چونکە جگە لەو هیچ پەرستراوێکیتری ڕاستەقینە بۆ ئێوە نیە . هەروەها هود ( علیه السلام ) هەمان پەیام بۆ گەلەکەی دووبارە دەکاتەوە : ( وإِلَى عَادٍ أَخَاهُمْ هُوداً قَالَ يَا قَوْمِ اعْبُدُوا اللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَهٍ غَيْرُهُ أَفَلا تَتَّقُونَ ) { الأعراف:٦٥} واتە : بۆ قەومی (عاد) یش (هود ) ی برایانمان نارد (هەروەکو نوح) وتی: ئەی گەل و عەشیرەتم هەر خوا بپەرستن چونکە جگە لەو زاتە خوایەکی ترتان نیە، ئایا ئەوە لە خوا ناترسن؟!

لەبارەی بانگەوازەکەی صاڵح پێغەمبەریشەوە ( علیه السلام )، خوای گەورە لە قورئانی پیرۆز دەفەرموێت : ( وإِلَى ثَمُودَ أَخَاهُمْ صَالِحاً قَالَ يَا قَوْمِ اعْبُدُوا اللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَهٍ غَيْرُهُ ){ الأعراف:٧٣ } واتە : بۆلای هۆزی (سەموود)یش (سالح) برای خۆیانمان ناردە لایان پێی ووتن : ئەی هۆزی من, خوا بەتاك وتەنیایی بپەرستن، چونکە جگە لەزاتي ئەو هیچ خوایەکی تری بەڕاست بۆ ئێوە نییە شیاوی پەرستن بێت .

بەڵێ گشت پەیامبەران یەك داواو، یەك مەبەستیان هەبووە، ئەویش خوا بە یەکناسین و خۆتەسلیم کردنی ئەو بووە : وەك لەسوورەتێکی تردا ئەم ئایەتە هاتووە و دووپاتی ئەوراستییە دەکاتەوەو دەفەرموێ : ( ولَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولاً أَنِ اعْبُدُوا اللَّهَ واجْتَنِبُوا الطَّاغُوتَ ) { النحل : ٣٦ } واتە : بەراستی بۆناو هەموو ئوممەت و نەتەوەیەك لەهەموو سەردەمێکدا پەیامبەرێکمان ناردووە، بۆ ئەوە پێیان بڵێ: تەنها خوا بپەرستن و، لە ( تاغووت) و یاسا پوچەڵەکان دووربن.

بەڵێ ئەو دووخاڵە : ( یەکتاپەرستی و وەلانانی تاغووت ) کەهەر پێغەمبەرەی داویەتی بەگوێی ئوممەتەکەی خۆیدا ئەساس و بناغەی گشت ئایینەکان و ئاینی پیرۆزی ئیسلامیشە .

یەکتاپەرستی و تەوحید کلیلی بانگەوازی گشت پێغەمبەران ( علیه السلام ) بوە، هەر بەووشەی تەوحید و یەکتاپەرستیش مرۆڤ دێتە ناو ئیسلامەوە ئەویش ووشەی ( أشهد أن لا إله إلا الله وأشهد أن محمد رسول الله ) یە ، دەبێت کۆتا ووشەیەکیش بێت کە لەدونیا پێی دەردەچێت چونکە پێشەوای ئایزمان محمد المصطفى ( صلى الله عليه وسلم ) لەفەرموودەیەکی صەحیحدا دەفەرموێت : ( مَنْ كانَ آخِرُ كَلامِهِ لا إلهَ إلاّ اللّه دَخَلَ الجَنَّة ) { رواه } واتە : هەرکەس کۆتا ووشەی لە دونیا دەرچوونی - لا إله إلا الله - بێت دەچێتە بەهەشتەوە ، هەر ئەم ووشە گرنگە یەکەم واجب و کۆتا واجبێکیشە کە لەسەر مرۆڤ واجب کرا بێت...

هەر وەك دەبينين كاتێك پيغەمبەرى خوا ( صلى الله عليه وسلم ) موعاذى كوڕى جەبەل ( خواى لێ ڕازى بێت ) دەنێرێت بۆ يەمەن بۆ ئەوەى بانگەوازى خەڵكەكەى بكات پێى دەفەرموێت: ( إنك تأتى قوماً أهل كتاب ، فليكن أول ما تدعوهم إليه : عبادة الله وحده ، وفي رواية: فادعهم إلى شهادة أن لا إله إلا الله ، وأني رسول الله ، فإن هم أطاعوا لذلك فأعلمهم أن الله ، عز وجل ، افترض عليهم خمس صلوات في كل يوم وليلة ، فإن هم أطاعوا لذلك فأعلمهم أن الله تعالى ، افترض عليهم صدقة في أموالهم ، تؤخذ من أغنيائهم وتُردُّ إلى فقرائهم ، فإن هم أطاعوا لذلك فإيّاك وكرائم أموالهم ، واتق دعوة المظلوم ، فإنه ليس بينها وبين الله حجاب ) { اخرجه الشيخان } واته : تۆ ئەچيت لاى گەل و هۆزێك كە ئەهلى كتابن، با يەكەم شتێك كە بانگەوازيان بۆ دەكەيت پەرستنى خواى گەورە بێت بە تاك و تەنهايى لە ڕيوايەتێكى تردا هاتوە يەكەم شتێك كە بانگيان دەكەيت بۆى شايەتومان بێت كە شايتى بدەن كە جگە لەخواى گەورە هيچ پەرستراوێكى راستەقينە نيە و شايتەيش بدەن كە من پيغەمبەرى خودام، جا ئەگەر ئەوەيان كرد و گوێرايەڵى ئەوە بوون فێريان بكە و تێيان بگەيەنە كە پەروەردگار پێنج نوێژى لە شەو رۆژێكدا لەسەر فەرز كردوون، خۆ ئەگەر ئەوەشيان كرد فێريان بكە كە خواى گەورە زەكاتى لەسەر فەرز كردون لە سەروەت و سامان و ماڵاتياندا كە لە دەوڵەمەندەكانيان وەربگيرێت و بدرێتەوە بە هەژارەكانيان، خۆ ئەگەر ئەمەشيان كرد دەخيلتم خۆت بپارێزيت لەماڵ و سامانيان، وە ديسان خۆتيش بپارێزە لە دوعا ونزاى كەسانى زوڵم لێكراو چونكە لەنێوان نزاو دوعاى ئەوان خواى گەورەدا هيچ ڕێگريەك نيە لە گيرا بوونى .

بەم پێ يە بۆمان ڕوون بويەوە كە پێغەمبەران ( عليهم السلام ) لەبەر ئەوەى سەرچاوەى وەرگرتنى نيگا و زانيارى و فەرمانەكانيان يەك سەرچاوە بووە، هەر هەمووشيان يەك ئيلاهـ و يەك مەعبود و يەك خالقيان هەبووە، بانگەوازەكەشيان يەك بانگەواز بووە ئەويش بانگەوازى يەكتاپەرستى و دووركەوتنەوە لە تەواوى پەرستراوە دەستكردەكانى دەستى مرۆڤەكان بووە، هەر ئەم پايەمەشە كە پێغەمبەرى خوا ( صلى الله عليه وسلم ) لەفەرموودەيەكيدا باسى دەكات و دەفەرموێت : ( إن مثلي مثل الأنبياء من قبلي ، كمثل رجل بنى بيتا ، فأحسنه وأجمله إلا موضع لبنة من زاوية، فجعل الناس يطوفون به ، ويعجبون له ويقولون : هلا وضعت هذه اللبنة ؟ قال : فأنا اللبنة ، وأنا خاتم النبيين ){ رواه البخارى } .

واتە : نموونەى من و نموونەى پێغەمبەرانى پێش من وەك نمونەى ئەو پياوە وايە كە خانوويەك دروست دەكات، وپاشان زۆر بەجوانى ڕێك وپێكى دەكات جگە لە جێگاى خشتێك نەبێت لە گۆشەيەكى ئەو خانوە نەبێت، خەڵكى دێن ودەڕۆن بەچوار دەوريدا دەسوڕێنەوە و زۆر سەرسام دەبن بەجوانى ئەو خانووە ودەڵێن : ئاى خۆزگە جێگاى ئەو خشتەش پڕ دەبويەوە ؟ پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمووى : من ئەو خشتەم و من خاتم الانبياء و كۆتا پێغەمبەرم ...هتد ئەم سەرچاوەيە ئامادەكردنى : دەستەى بەشى زمانى كوردى لە ماڵپەڕى ئيسلام هاوس

**پێداچونەوەى :پشتيوان سابير عەزيز** : islamhouse.com

## جۆرەكانی توحید

- ✓ (توحيد ربوبية ) بەتەنها (اللّه) پەرستی لە پەروەرگارێتی دا .
- ✓ (توحيد ألوهية) بە تەنها (الله) پەرستی لە پەرستنیدا.
- ✓ (توحيد أسماء وصفات ) بە تەنها (اللّه ) پەرستی لە ناوەكانی و صیفاتە بەرزەكانی .

## جۆری یەكەم : (توحيد ربوبية ) بەتەنها (اللّه) پەرستی لە پەروەرگارێتی دا .

❖ پێناسەی (توحید ربوبیە ) پەروەردگارێتی لە رووی زمانەوانیدا :

(الرب) اسم الفاعل مەبەست كە ئەویش (راب)ە ، دەوترێت : (رب الولد ) واتە: سەر پەرشتیاری مندالەكەی كرد ، وەیان ئاگادار بوو سەرپەرشتیارو گەورەكەی بەوەی كەوا خواردنی پێ ئەدات و گەورەی ئەكات و پەروەردەی ئەكات ئا ئەوە سەرپەرشتیارە ، وە مندالەكەش بەوە پەروەردەكراوە ..!!

(ابن الانباری ) – ڕەحمەتی خوای لێ بێت – دەلێت : (الرب ) بۆ سەر سێ بەش دابەش دەبێت :

یكون الرب : (المالك ) ، یوكون الرب : ( السید المطاع ) ، یكون الرب : (المصلح )

❖ پێناسەی توحیدی (ربوبیە ) پەروەردگارێتی لە رووی شەرعیەوە :

**بریتیە لە بەتاك دانانی (اللە) لە كردارەكانیدا لە دروست كردن و دەسەلآت و بەرێوەبردن .**

**توحیدی (ربوبیە ) پەروەرگارێتی : واتە دان پیانان بەوەی كە تەنها (اللە) دورستكاری هەموو جیهانە ، هەر خۆی بەرێوەبەرو رۆزیدەرو ژیانەوەو مرێنەرو بە هێز و بێ نیازە .**

**جا دان پیانان بەم جۆرە توحیدە مەبەست توحیدی (ربوبیە ) پەروەردگاریّتی ، واتە : لە هەموو فیترەتیّکدا هەیە ، تارادەیەك هیچ لە ئوممەتەكانی پیّشوو تەنانەت ئیّستا تا رادەیەك لیّی ناكۆك نین زۆریّك لەم مولحیدەكان ویان ئایینەكانی جیهان ، هەروەكو (خوای گەورە) دەفەرموویّت :** ﴿وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَهُمْ لَيَقُولُنَّ ٱللَّهُ ۖ فَأَنَّىٰ يُؤْفَكُونَ ﴿٨٧﴾﴾ [الزُّخْرُف : ٨٧] واتە : [ وَلَئِنْ سَأَلْتَهُمْ مَنْ خَلَقَهُمْ لَيَقُولُنَّ اللَّهُ ] وە ئەگەر پرسیار لە كافرانی قورەیش بكەی كێ ئێوەی دروست كردووە؟ ئەڵێن: بە دڵنیایی تەنها خوای گەورە ئێمەی دروست كردووەو دانی پیادا ئەنێن [ فَأَنَّى يُؤْفَكُونَ (٨٧) ] ئەی ئیتر بۆ بە تاك و تەنها خوا ناپەرستن و لە پەرستنی خوای گەورە لائەدەن بۆ پەرستنی جگە لە خوا...

**بێ گومان كافرەكانی قورەیش دان بە توحید (ربوبیە) دادەنێن ، كە خوای پەروەردگار ئاسمانەكان و زەوی دروست كردووە**

**(خوای گەورە) دەفەرموویّت :** ﴿وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ لَيَقُولُنَّ خَلَقَهُنَّ ٱلْعَزِيزُ ٱلْعَلِيمُ ﴿٩﴾﴾ [الزُّخْرُف : ٩] واتە : {كافران دان بە پەروەردگاریّتی خوای گەورەدا دەنێن!} [ وَلَئِنْ سَأَلْتَهُمْ مَنْ خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضَ لَيَقُولُنَّ خَلَقَهُنَّ الْعَزِيزُ الْعَلِيمُ (٩) ] وە ئەگەر لە كافرانی قورەیش بپرسی كێ ئاسمانەكان و زەوی دروست كردووە ئەوا ئەڵێن بەدڵنیایی خوای گەورە دروستی كردووە كە خوایەكی زۆر بەعیززەت و زانایە، باوەڕیان بە خوای گەورە هەبووە لە پەروەردگاریّتیدا بەڵام شەریكیان بۆی داناوە لە پەرستندا...

**(خوای گەورە) دەفەرموویّت :** ﴿قُلْ مَن رَّبُّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ ٱلسَّبْعِ وَرَبُّ ٱلْعَرْشِ ٱلْعَظِيمِ ﴿٨٦﴾﴾ [المُؤْمِنُون : ٨٦] واتە : ئەی محمد - صلى الله عليه وسلم - پێیان بڵێ: كێ پەروەردگاری هەر حەوت ئاسمانەكەو پەروەردگاری عەرشی گەورەیە؟

**بەڵێ جا بە تاك دانانی (الله سبحانە وتعالى ) لە دروستكردنیدا ، ئەوا ماناكەی واتە: بێ گومان (الله) لە حەقیقەتدا هەر خۆی بە تاك و تەنها (الخالق ) و بەدیهێنەرە ، بێجگە لە (الله) هیچ خالق یّكی تر نیە یان هیچ دروستكاریّكی تر بوونی نیە ..؟! هەروەكو (خوای گەورە) دەفەرموویّت :** ﴿ٱللَّهُ خَٰلِقُ كُلِّ شَيْءٍ ۖ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ وَكِيلٌ ﴿٦٢﴾﴾ [الزُّمَر : ٦٢] واتە: [ اللَّهُ خَالِقُ كُلِّ شَيْءٍ ] خوای گەورە دروستكاری هەموو شتێكە [ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ وَكِيلٌ (٦٢) ] وە خوای گەورە تواناو دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێكدا هەیەو خۆی ئەم بوونەوەرە بەڕێوە دەبات و هەڵسوكەوتی تێدا دەكات...

بەڵێ بە تاك دانانی (الله) لە دەسەڵاتیدا ، ئەوا ماناکەی واتە: بێ گومان (الله) لە حەقیقەتدا هەر خۆی بە تاك و تەنها دەسەڵاتدارە ، وە بێجگە لە (الله) هیچ دەسەڵاتدارێکی تر بوونی نییە ..!! هەروەکو (خوای گەورە ) دەفەرموویێت : ﴿قُلِ ٱللَّهُمَّ مَٰلِكَ ٱلۡمُلۡكِ تُؤۡتِي ٱلۡمُلۡكَ مَن تَشَآءُ وَتَنزِعُ ٱلۡمُلۡكَ مِمَّن تَشَآءُ﴾ [آل عِمۡرَان : ٢٦] واتە : [ قُلِ اللَّهُمَّ مَالِكَ الْمُلْكِ ] ئەی محمد - صلی الله علیه وسلم - بڵێ: ئەی پەروەردگار تەنها تۆ خاوەنی هەموو موڵکەکانی [ تُؤْتِي الْمُلْكَ مَنْ تَشَاءُ ] موڵك بە هەر کەسێك ئەبەخشی کە ویستت لێ بێت [ وَتَنْزِعُ الْمُلْكَ مِمَّنْ تَشَاءُ ] وە لە هەر کەسێکی وەرئەگریتەوە کە ویستت لێ بێت...

بەڵام بە تاك دانانی (الله سبحانه وتعالی ) لە بەڕێوەبردندا ، ئەوا ماناکەی واتە: بێ گومان (الله) لە حەقیقەتدا خۆی بە تاك و تەنها بەڕێوەبەرە ، وە بێجگە لە (الله) هیچ بەڕێوەبەرێکی تر بوونی نییە ..!! هەروەکو (خوای گەورە) دەفەرموویێت : ﴿إِنَّ رَبَّكُمُ ٱللَّهُ ٱلَّذِي خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ فِي سِتَّةِ أَيَّامٖ ثُمَّ ٱسۡتَوَىٰ عَلَى ٱلۡعَرۡشِۖ يُدَبِّرُ ٱلۡأَمۡرَۖ مَا مِن شَفِيعٍ إِلَّا مِنۢ بَعۡدِ إِذۡنِهِۦۚ ذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ رَبُّكُمۡ فَٱعۡبُدُوهُۚ أَفَلَا تَذَكَّرُونَ ٣﴾ [يُونُس : ٣] واتە : {خوای گەورە لەسەر عەرشی پیرۆزە} [ إِنَّ رَبَّكُمُ اللَّهُ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضَ فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ ] بە دڵنیایی پەروەردگاری ئێوە ئەو الله یەیە کە ئاسمانەکان و زەوی دروستکرد لە شەش ڕۆژدا [ ثُمَّ اسْتَوَى عَلَى الْعَرْشِ ] پاشان بەرز بۆتەوە بۆ سەر عەرشی پیرۆزی خۆی، بەرزبوونەوەیەك کە شایەن و گونجاو و لایەقە بە گەورەیی خوای گەورەوە لە بەرزبوونەوە هیچ لە دروستکراوەکان ناچێت، وە چۆنێتیەکەیشی خوای گەورە خۆی نەبێ کەس نایزانێ، کە پرسیاری (الإستواء) لە ئیمامی (مالیك) کرا فەرمووی: (الإستواء غیر مجهول، والكیف غیر معقول، والإیمان به واجب، والسؤال عنه بدعة) واتە: ئیستوا زانراوە، چونکە لەقورئاندا باسکراوە، وە چۆنێتیەکەی نەزانراوە، چونکە باس نەکراوە، وە ئیمان هێنان پێی واجبە، چونکە ئایەتی قورئانی پیرۆزە، وە پرسیار کردن لە چۆنێتی بەرز بوونەوەی خوای گەورە بۆ سەر عەرشی پیرۆزی بیدعەیە، چونکە هاوەڵان ئەو پرسیارەیان لە پێغەمبەری خوا - صلی الله علیه وسلم - نەکردووە، وە چواندنی بە بەرزبوونەوەی دروستکراوەکان کوفرە، چونکە تەشبیه کردنی خوای گەورەی خالقە بە دروستکراوی لاوازی مەخلوق، وە گۆڕینی ماناکەی حەرامە، چونکە مەبەست نیەو هەڵەیە، وەکو گۆڕینی بۆ (استولی) کە بە مانای زاڵ بوون و دەستبەسەراگرتن دێت هەڵەیە، چونکە بە گوێرەی ئەم تەئویلە فاسیدە بێت واتە پێش خوای گەورە کەسێکی تر دەستی بەسەر عەرشدا گرتووە کە مرۆڤی ژێر قسەی واناکات، (ابن القیم) دەفەرمێت: ئەم لامەی کە زیادی دەکەن و (استوی) دەکەن بە (استولی) چەند لەو نونە دەچێت کە بەنو ئیسرائیل زیادیان کرد کە خوای گەورە پێی فەرموون: بڵێن: (حطة) ئەوان وتیان: (حنطة) وە خوای گەورە غەزەبی لێگرتن، ئەو کەسانەیشی کە سیفاتی خوای گەورە تەئویل دەکەن و ماناکەی دەگۆڕن با لە خوای گەورە بترسن نەك وەك بەنو ئیسرائیل خوای گەورە غەزەبیان لێ بگرێت [ يُدَبِّرُ الأَمْرَ ] تەنها خوای گەورە خۆی کاروباری ئاسمانەکان و زەوی و بوونەوەر هەڵئەسووڕێنێ [ مَا مِنْ شَفِيعٍ إِلاَّ مِنْ بَعْدِ إِذْنِهِ ] هیچ تکاکارێك نیە لای خوای گەورە ئیلا لە پاش ڕێگە پێدانی خوای گەورە نەبێ [ ذَلِكُمُ اللَّهُ رَبُّكُمْ فَاعْبُدُوهُ ] ئەم الله یە پەروەردگاری ئێوەیە ئێوە بەتاك و تەنها ئەو بپەرستن [ أَفَلا تَذَكَّرُونَ (٣) ] ئایا بۆ بیر ناکەنەوە...

## قورئانی پیرۆز باسی کافرو موشریکان دەکات دەربارەی توحید (ربوبیە) پەروەردگارێتی

بەڵێ (خوای گەورە) باسی کافرو موشریکەکان دەکات کەوا ئەوان دانیان بەوەدا دەنا کە (خوای گەورە) پەروەردگاریانە و هەرخۆی تاك و تەنهایە لە دروستکردن و ڕۆزی دان و زیندووکردنەوەو مراندندا ..؟! هیچ کەسێك نەکوڵی لە تەحیدی پەروەردگارێتی نەکردووە ئینکاری لە بوونی پەروەردگار نەکردووە ئیللا کەسانێکی کەم نەبن لە گرۆی ئادەمیزاد یان مرۆڤایەتی لە ڕواڵەتدا نەکوڵی پەروەردگاریان دەکرد بەڵام لە ناخیانداو لە دڵیاندا دانیان پێیدا دەنا ..؟! بەڵام ئینکاری کردنیان لە ڕووی فیززلی و تەکەبووری و خۆبە لزانین بووە ، هەروەکو (خوای گەورە) دەفەرموویێت : ﴿وَقَالَ فِرْعَوْنُ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلْمَلَأُ مَا عَلِمْتُ لَكُم مِّنْ إِلَـٰهٍ غَيْرِى فَأَوْقِدْ لِى يَـٰهَـٰمَـٰنُ عَلَى ٱلطِّينِ فَٱجْعَل لِّى صَرْحًا لَّعَلِّىٓ أَطَّلِعُ إِلَىٰٓ إِلَـٰهِ مُوسَىٰ وَإِنِّى لَأَظُنُّهُۥ مِنَ ٱلْكَـٰذِبِينَ ﴿٣٨﴾﴾ [القَصَص : ٣٨] [القَصَص : ٣٨] واتە : [ وَقَالَ فِرْعَوْنُ يَا أَيُّهَا الْمَلأُ مَا عَلِمْتُ لَكُمْ مِنْ إِلَهٍ غَيْرِي ] وە فیرعەون وتی: ئەی پیاوماقوڵان و خانەدانان من نەمزانیوە ئێوە جگە لە من خوایەکی ترتان هەبێ [ فَأَوْقِدْ لِي يَا هَامَانُ عَلَى الطِّينِ ] ئەی هامان (کە وەزیرو ڕاوێژکاری بوو) ئاگر لەو قوڕە بەردەو قوڕم بۆ سووركەوە، واتە: خشتی سوورەوەکراوم بۆ دروست بکە [ فَاجْعَلْ لِي صَرْحًا ] وە کۆشکێکی بەرزم بۆ دروست بکە [ لَعَلِّي أَطَّلِعُ إِلَى إِلَهِ مُوسَى ] بۆ ئەوەی بچمە سەر کۆشکەکە تا سەرکەوم بۆ لای خوایەکەی موسی- صلى الله عليه وسلم - کە دەڵێت خوایەکەی من لە ئاسمانە [ وَإِنِّي لأَظُنُّهُ مِنَ الْكَاذِبِينَ (٣٨) ] هەر چەندە من گومان ئەبەم کە موسی - صلى الله عليه وسلم - درۆ بکات و هیچ خوای نەبێت...

( خوای گەورە) دەفەرموویێت : ﴿قَالَ لَقَدْ عَلِمْتَ مَآ أَنزَلَ هَـٰٓؤُلَآءِ إِلَّا رَبُّ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ بَصَآئِرَ وَإِنِّى لَأَظُنُّكَ يَـٰفِرْعَوْنُ مَثْبُورًا ﴿١٠٢﴾﴾ [الإِسْرَاء : ١٠٢] واتە : [ قَالَ لَقَدْ عَلِمْتَ مَا أَنْزَلَ هَؤُلاءِ إِلاَّ رَبُّ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ بَصَائِرَ ] موسى - صلى الله عليه وسلم - فەرمووی: ئەی فیرعەون بە دڵنیایی تۆ ئەزانی ئەم نیشانەو موعجیزانە کەس داینەبەزاندووە تەنها پەروەردگاری ئاسمانەکان و زەوی نەبێ کە بەڵگەی ڕوون و ئاشکرایەو بەچاو ئەبینرێت [ وَإِنِّي لأَظُنُّكَ يَا فِرْعَوْنُ مَثْبُورًا (١٠٢) ] وە من یەقینم هەیە ئەی فیرعەون کە تۆ بەهیلاك چوویت و زەرەرمەندی...

( خوای گەورە) دەفەرموویێت : ﴿وَجَحَدُوا۟ بِهَا وَٱسْتَيْقَنَتْهَآ أَنفُسُهُمْ ظُلْمًا وَعُلُوًّا ۚ فَٱنظُرْ كَيْفَ كَانَ عَـٰقِبَةُ ٱلْمُفْسِدِينَ ﴿١٤﴾﴾ [النَّمل : ١٤] واتە : {فیرعەون‌و دەسەڵاتداران یەقینیان هەبوو کە موسا - صلى الله عليه وسلم - پێغەمبەری خوایە!} [ وَجَحَدُوا بِهَا ] وە لە ڕووکەشیدا ئینکاری و نکۆڵیان لێ کرد [ وَاسْتَيْقَنَتْهَا أَنْفُسُهُمْ ] بەڵام لە نەفسی خۆیاندا یەقینیان هەبوو کە موسا - صلى الله عليه وسلم - ڕاست دەکات و پێغەمبەری خوایەو موعجیزەی پێیە [ ظُلْمًا وَعُلُوًّا ] بەڵام زوڵمیان لە خۆیان ئەکرد، یان بەهۆی شەریك دانانیان بۆ خوای گەورە، وە بەهۆی لووت بەرزیان ئیمانیان بە موسا - صلى الله عليه وسلم - نەهێنا [ فَانْظُرْ كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الْمُفْسِدِينَ (١٤) ] ئەی محمد - صلى الله عليه وسلم - تەماشا بکەو بزانە سەرەنجامی ئاشووبگێڕان چۆن بوو چۆن خوای گەورە لەناوی بردن، (واتە: ئەی کافرانی قورەیش ئاگادار بن ئێوەیش ئەگەر ئیمان نەهێنن خوای گەورە وەکو ئەوان لەناوتان دەبات، ئەوان لە ئێوە زۆرترو بەهێزتر بوون، وە پێغەمبەرەکەی ئێوە لەوەی ئەوان باشترو چاکترە).

بەڵێ جا ئەوانە کە کافران و موڵحیدەکانی ئەم سەردەمەش دەگرێتەوە ، خۆ ئینکارەکەیان لە رووی زانستیێکەوە نەبووە کە رێنموویيان بکات بۆ ئینکارییەکەیان هەروەها نە بەڵگەیەکی بیستن و نە عەقڵی و نە فیترەتیش..!!

کەواتە کاتێ ئەم گەردوونە بە ئەو هەموو رووداوانە تێیدا روودەدەن شاهێدن بۆ وحدانیەتی خواو یان تاکیەتی خوا و پەروەردگارێتی ، چونکە هەموو دروستکراوێك دەبێت دروستکارێکی هەبێ و هەموو رووداوێك دەبێت خاوەنێکی هەبێ ، هەروەکو (خوای گەورە) دەفەرمووێت : ﴿أَمۡ خُلِقُواْ مِنۡ غَيۡرِ شَيۡءٍ أَمۡ هُمُ ٱلۡخَٰلِقُونَ ٣٥ أَمۡ خَلَقُواْ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَۚ بَل لَّا يُوقِنُونَ ٣٦ أَمۡ عِندَهُمۡ خَزَآئِنُ رَبِّكَ أَمۡ هُمُ ٱلۡمُصَيۡطِرُونَ ٣٧﴾ [الطُّور : ٣٥ - ٣٧] واتە : [ أَمْ خُلِقُوا مِنْ غَيْرِ شَيْءٍ أَمْ هُمُ الْخَالِقُونَ (٣٥) ] یاخود ئایا ئێوە بەبێ هیچ شتێك دروست کراون و لە هیچ دروست کراون؟ یاخود خۆتان خۆتانتان دروست کردووە؟ نەخێر هیچیان نیە بەڵکو خوایەك هەیە کە ئێوەی دروست کردووە..!! [ أَمْ خَلَقُوا السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضَ بَلْ لاَ يُوقِنُونَ (٣٦) ] یاخود ئایا ئێوە ئاسمانەکان و زەویتان دروست کردووە؟ نەخێر وانیە بەڵکو ئێوە یەقینتان نیەو لە گوماندا ئەژین..!! [ أَمْ عِنْدَهُمْ خَزَائِنُ رَبِّكَ أَمْ هُمُ الْمُصَيْطِرُونَ (٣٧) ] یاخود ئایا خەزێنەکانی خوای گەورە بە دەست ئێوەیە لە رزق و رۆزی و باران بارین؟ یاخود ئایا ئێوە زاڵ و باڵادەستن بەسەر ئەم شتانەدا یان بەسەر دروستکراوەکانی خوای گەورەدا؟ یان ئایا ئێوە لێپرسینەوە لەگەڵ خەڵکیدا ئەکەن؟ واتە: وانیەو هیچتان بەدەست نیە، (جوبەیری کوڕی موتعیم) لە دوای غەزای (بەدر) هاتە مەدینە بۆ ئازاد کردنی دیلەکانی قورەیش، دەفەرمێت: گوێم لێبوو پێغەمبەری خوا - صلى الله عليه وسلم - لە نوێژی مەغریب سورەتی (طور)ی دەخوێند گەیشتە ئەم ئایەتانە نزیك بوو دڵم بفرێت و ئاگام لە خۆم نەمێنێت، وە هۆکار بوو بۆ موسڵمان بوونی...

بەڵێ کاتێ کە پێویستی کرد وەڵامێك بۆ ئەم راستیە هەبێت ، ئەو کەسانەی نەکوڵی دەکەن لە بوونی دروستکراودا بێ گومان لەوەڵامەکەیاندا یەك دەنگ نەبوون بەڵکو جیاوازی زۆریشیان هەیە :

هەندێ لە موڵحیدان دەڵێن : ئەم جیهانە لە ئەنجامی سروشتەو پەیدابووە ، کە ئەویش برتییە لە خودی شتەکان لە رووەك و زیندەوەران و بێ گیانەکان ، ئەم بوونەوەرانە لە لای موڵحیدەکان بریتیە لە سروشت ، هەر ئەوانش خۆیانیان هێناوەتە بوون ..؟!

یان هەندێکی تر لە موڵحیدان دەڵێن : سروشت بریتیە لە سیفاتی شتەکان و تایبەتمەندییەکانیان لە گەرمی و ساردی و شێ و وشکی و نەرمی و رەقی ، جا ئەم توانستانە لە جووڵەو سرەوتن و گەشە و نشونمان و زیاد کردنە ، ئەم سیفەتانەو ئەم توانستانە بریتین لە سروشت بە قسەی ئەوان ، هەر ئەوانیش شتەکانیان هێناوەتە بوون ..؟!

بەلیٚ ئەم دوو قسەیە بە هەردوو ڕوویەکەوە قسەیەکی پڕو پووچ و پووچەڵە و ناڕەوایەو هیچ و پووچە ، چونکە سروشت بە قسەی یەکەم لە هەمان کاتدا دروستکارەو دروستکراویشە ، واتە بەم مانایە زەوی زەوی دروستکردووە و ئاسمانیش ئاسمانی دروستکردووە و بەم شێوەیە ... ئایا ئەم عەقلٚ هەڵی دەگرێت ..؟! بیٚ گومان ئەمە کارێکی ئەستەمە ..!!

بەلیٚ جا ئەگەر دروستبوون لە سروشتەوە بە پێیە بۆچوونی یەکەم ئەستەم بێت ، ئەوا بیٚ گومان بە پێی بۆچوونی دووەم ئەستەم ترە ..!! چونکە ئەگەر شتێك بیٚ دەسەلاٚت و بیٚ توانا بێت لە دروستکردنی خۆی ، چۆن دەتوانیٚ شتێکی تر دروست بکە ، وەیان ئەوا بیٚ دەسەلاٚتی و بیچ توانایی سیفەتەکەی لە پێشترە ، چونکە بوونی سیفەتێك پەیوەستە بە سیفەتدارەکەوە کە پێی هەستاوە ، جا چۆن دروستی دەکات لە کاتێکدا خۆی پێویستی پێیەتی ..؟! جا ئەگەر بە بەڵگەوە سەلمێندرا ڕوودانی سیفەتدارێك ، پێویست دەکات بە ڕوودانی سیفەتێك ، هەروەها سروشت خۆی لە خویدا هەستی نییە " ئەو تەنها ئامێرێکە ، ئایا چۆن ئەو هەموو کردارە مەزنانەی لێوە ڕوودەدات ..؟! لە کاتێکدا لەوپەڕی داهێنان و تۆکمەدان و لەوپەڕی حیکمەتدایەو لەوپەڕی پەیوەندیدایە ..؟!

هەروەها سروشت هەر لە وشەکەیەوە دەزانرێت کەوا خۆی دروستکراوە نەك دورستکار ..!! چونکە لە سەر وەزنی (فعیلة)یە (مەبەست : طبیعة) کەوا بوو ئەو چاپکراوە (مطبوعة ) نەك چاپ دەکات ( طابعة ) هەروەکو چۆن دەلێن : ( قتیلة و ذبیحة ) بە مانای (مقتولة و مذبوجة ) .

هەروەها لەو مولحیدانە تیایاندا هەیە دەلێن : ئەم دروستکراوانە لە ڕێگای صودفەوە پەیدابوون ، بە مانای ئەوەی ئەو زەڕڕەو گەردیلانە لە ڕێگای صودفەوە یان هەر لە خۆیانەوە پەیدابوون و کۆدەبنەوە و وای لیٚ دەکات کە ژیانی بە بەردا بهێنیٚ بەبیٚ پلان دانانی و کاربە جێی و لە لایەن دروستکارو بەڕێوەبەرەوە و بەبیٚ حیکمەت ..؟!

جا ئێمەش دەلێن : ئەم قسەیە پوڕو پووچە هێچ بنەمایەکی نیە ، هەڵبەت عەقلٚ و فیترەت ڕەدی دەکاتەوە وەری ناگریٚ، چونکە تۆ ئەگەر سەیرکەی بڕوانەیە ئەم گەردوونە ڕێك و پێکە بکەیت بە هەموو گەردوون و زەوی و ئاسمان و بەڕێوەچوونی دروستکراوەکان تێدا بەم دیقەت و ڕێك و پێکە سەر سوڕهێنەرە ، بۆت دەردەکەوێت کەوا ئەمە تەنها لە خوای دەرستکارو داناوە دەردەچێت ..!!

(ابن القيم ) – ڕەحمەتی خوای لیٚ بیٚت - له كتابی (مفتاح السعاده) (٢١٤/١) ، دەڵیٚت : ( پرسیار له كەسی گومڕای لادەری بیٚ باوەڕ بكه :- چی دەڵیٚ دەربارەی ئەو (دولاب )ەی كه لەسەر روباریٚك دانراوه و ئامیٚرەكانی مەحكەم كراوه و پیٚكهاتەكەی مەحكەم كراوه و كەرەستەكانی به جوانترین و شیٚوه ڕیٚكخراوه ، به شیٚوەیەك هەر كەسیٚك تەماشای بكات هیچ رەخنەیەك و خەلیٚك له پیٚكهاتەكه و شیٚوەكەیدا نابینیٚ یان نایدۆزیٚتەوه..؟! ئەویش لەسەر باخچەیەكی مەزن دانراوه ، له هەموو جۆرەكانی بەروبوم و كشت و كاڵی تیٚدایه ، له كاتی پیٚویستید ئاوی دەدات ، وه لەو باخچەیەدا كەسیٚك هەیه كه چاودیٚری دەكات و هەڵدەستیٚ به جیٚبەجیٚ كردنی هەموو بەرژەوەندییەكانی ، به هیچ شیٚوەیەك ناڕیٚكی تیٚدا نییه ، ئنجا به هاكەی له كاتی دورینەوەدا دابەشی دەكات به جوانترین شیٚوه هەر یەكەو به پیٚی پیٚویستی و زەرورەتی خۆی ، بۆ هەر یەكه هیٚنده بەشی دەدات كه شایستەی بیٚت ، ئا بەم شیٚوەیه به بەردەوامی دابەشی دەكات ، ئایا وا دەبیٚنی كەوا ئەمه ڕیٚكەوت بیٚت ..؟! به بیٚ دروستكار و بەڕیٚوەبەر بیٚت ..؟! بەڵكو بوونی ئەو دولابه و باخچەیه و هەموو ئەوانه بەبیٚ بكەر یان بەڕیٚوەبەر دەبیٚت ..؟! ئایا عەقڵەكەت ئەو شتەت پیٚ دەڵیٚت ئەگەر ببیٚت ..؟! ئایا چۆن بڕیارت قرارت بۆ دەدات ..؟! ئایا چۆن ڕیٚنموویت دەكات ..؟! بەڵام له حیكمەتی (خوای گەوره) دایه كەوا دلاٚنیٚكی كویٚر دروست دەكات كه هیچ نابینیٚ ، ئەوا ئەم هەموو ئایەته ڕوون و ئاشكرایانه نابینیٚ ئیللا وەكو بینینی ئاژەڵەكان نەبیٚت ، هەروەكو چۆن چاوی دروست كردووه و بینینی تیٚدا نییه ..؟! ).

## جۆری دووەم : ( توحيد ألوهية) بە تەنها (الله) پەرستی لە پەرستنیدا:

❖ پێناسەی توحید ( ألوهیە ) لە رووی زمانەوانیدا : ( الألوهية ) چاوگی (ألَه يألَه)

لە (الجوهري ) – ڕەحمەتی خوای لێ بێت – دەلێت : (ألَه إلاهةً) واتە : پەرستن و بەندایەتی (الله) ی کرد ، لەمەشدا (کوری عباس ) خوێندیەوە : ( ويذرك وإهَتكَ قال و عِبادَتكَ ) بەلاّم لفظي ( الجلالة ) (الله) ئەوا وەرگێراوە لە ( ألَه يألَه إلاهَة ) جا بنچینەی ناوی ( الإله ) ، کە همزەی سڕاوەتەوە یان حذف کراوە ، وەلامی یەکەم دەغمی لامی دووەم کراوە ، جاوتراوە (الله) ، هەروەها لەمەدا کە دەلێن : (الله ) کە بنچینەکەی ( إله) ، بەمانای ( پەرستراو) دێت لەسەر وەزنی ( فِعَال ) بە مانای (مَفعُول ) واتە : ( معبود) ، وە ك ئەو ووتەیە مان کە دەلێین : (کتاب ) بە مانای (مکتوب ) لە سەر وەزنی ( فِعَال) بە مانای (مفعول).

جا (الألوهية) واتە: پەرستن ، وە (الالە) واتە: پەرستراو ، بۆیە بەم جۆرە توحیدە دەلێن : تەحیدی پەرستن .

کەواتە: توحیدی خوداوەندایێتی بریتیە لە : بە تاك دانانی (خوای گەورە) لە هەموو جۆرەکانی پەرستندا .

❖ پێناسەی توحید ( ألوهیە ) لە رووی شەرعیەوە :

بریتیە لە بە تاك دانانی (الله) لە عیبادەت یان پەرستندا و بەندایەتی کردنیدا لە حوکم و ڕێ و ڕەسمەکانی بەندایەتی و وە لا دۆستایەتیدا .

بەلاّم لە شەرعدا مانای (العبادة) زنایان ڕایی جیاوازیان هەیە لە پێناسە کردنیدا :

وە هەندێکیان وا پێناسەیان کردووە بەوەی کە شەرع فەرمانی پێکردووە لە جگە لە شتێکی عورفی و یان (اقتضائيكي عقلى ) .

(ابن القيم ) ڕەحمەتی خوای لێ بێت – دەلێت : ( بەوەی کە ئەو پەڕی خۆشەویستی لە گەلّ ئەو پەڕی ملکەچ بوون و زەلیلی نواندندا ). (ابن القيم ) نونيه (الكافيه الشافيه ) .

(شێخ ئیسلام ابن تيميه )- ڕەحمەتی خوای لێ بێت – دەلێت : ناوێکی کۆ کەرەوەیە بۆ هەموو ئەوانەی (خوای گەورە) پێی خۆشە و پێی ڕازییە لە قسەو کردەوەکان ، پەنهانەکان و ئاشکراکان ) ابن تيميه رسالة العبودية و هي ضمن مجموع الفتاوى (١٤٩/١٠).

بەلێ جا ئەو پێناسەیە ورد ترو گشتگیر ترە ، چونکە ئایین هەموو عیبادەتە یان پەرستنە ، وە هەر کەسێ پێناسەی کردووە بە خۆشەویستی لەگەڵ ملکەچ بوون ، لەبەر ئەوەیە کەوا خۆشەویستی تەواو لە گەڵ زەلیلی نواندنی تەواود گوێڕایەڵی خۆشەویستییەکەی و ملکەچ بوون بۆی لە خۆ دەگرێ ..!!

جا لێردا بەندە ئەو کەسەیە کە خۆشەویستییەکەی و ملکەچ بوونەکەی زەلیلی کردووە بەرانبەر بە خۆشەویستەکەی ، هەڵبەتە بە ئەندازەی خۆشەویستی بەندە بۆ (خوای گەورە) و زەلیل نواندن بەرانبەری گوێڕایەڵ دەبێ ، هەروەها خۆشەویستی بەندە بۆ پەروەردگارەکەی و زەلیل نواندن بەرانبەری ، پەرستنەکەی لە خۆ دەگرێ بۆ خوای تاك و تەنها و بێ شەریك و بێ هاوەڵ و بێ هاوتا ..!!

بەلێ خۆشەویستی ئەگەر ملکەچ بوونی لە گەڵدا نەبێ ، ئەوا بە دڵنیایەوە نابێتە خۆشەویستی ، هەرواش ئەگەر خۆشەویستی بۆ خوا ملکەچ بوونی لەگەڵدا نەبێ ، ئەوا بە دڵنیایەوە نابێتە خۆشەویستی و پەرستن ، چونکە هەر کەسێ شتێکی خۆش بوێت و ملکەچی نەبێت ئەوا نابێتە بەندەکەی ئەو ، هەروەکو چۆن کەسێك کورەکەی یان هاوڕێکەی یان کەسێکی خۆش دەوێت ، هەروەها ملکەچ بوون بە تەنها کە خۆشەویستی لە گەڵدا نەبێ ئەوا نابێتە پەرستن ، وەیان کەسێك ملکەچی دەسەڵاتدارێك یان ستەمکارێك دەبێت لە بەر ئەوەی خۆی لە شەڕی یان خراپەی ئەو دەپارێزی ، جا بۆیە نابێ هیچ لەو دوانە بەبێ ئەویتر ببێ لە خوا پەرستیدا ، بە لَکو دەبێت خۆشەویستی ملکەچ بوون هەردوو کیان بەیەکەوە پێویست بێ ، هەڵبەت دەبێت (خوای گەورە)ت لە هەموو شتێك زیاتر لە لات خۆشویستتر بێت لای بەندەکە ، هەروەها دەبێ (خوای گەورە ) لە هەموو شتێك مەزنتر بێت لە لای بەندەکە و ترسی لە (خوای گەورە) لە پێش هەموو کەسێکی تر بێت ..!!

کەواتە ئەو عیبادەت و پەرستنەی کە فەرمانی پێکراو مانای زەلیل بوون و خۆشەویستی لە خۆدەگرێ ئەویش سێ روکن و پایەی سەرەکی لە خۆ دەگرێ ( المحبة ) ، (الرجاء) ، (والخوف ) واتە : خۆشەویستی و تکاکردن و ترس ، وە پێویستە ئەم سێ یانە لە یەك کەسدا کۆببێتەوە ، هەر کەسێ دەست بە یەکێکیانەوە بگرێ ئەوا پەرستنەکەی بۆ (خوای گەورە) تەواو کامل نابێت ، بەڵکو دەبێت هەر سێکیان بەیەکەوە ئەنجام بدە ..!!

*بەڵام بە تاك دانانی (الله) لە قوربانی کردن و تەواوری ڕێ و ڕەسمەکانی بەندایەتی ، ئەوا ماناکەی ئەوەیە کە لە حەقیقەتدا (الله ) هەر خۆی بەتاك و تەنها پەرستراوە ، بێجگە لە (الله) هیچ پەرستراوێکی تر نییە، جا هیچ بەندایەتیەك ئەنجام نادرێت لە هەموو درووشمەکانی بەندایەتیدا تەنها بۆ (الله) نەبێت بە تاك و تەنها ، هەر وەکو(خوای گەورە) دەفەرموویت : ﴿قُلۡ إِنَّ صَلَاتِي وَنُسُكِي وَمَحۡيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ١٦٢ لَا شَرِيكَ لَهُۥۖ وَبِذَٰلِكَ أُمِرۡتُ وَأَنَا۠ أَوَّلُ ٱلۡمُسۡلِمِينَ ١٦٣﴾ [الأَنْعَام : ١٦٢ - ١٦٣] واتە : {دەبێت ئاژەڵ تەنها بۆ خوای گەورە سەرببڕیێت} [ قُلْ إِنَّ صَلاتِي وَنُسُكِي وَمَحْيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ (١٦٢) ] ئەی محمد- صلى الله عليه وسلم - پێیان بڵێ: نوێژ کردن و حەیوان سەربڕین و ژیان و مردنم بۆ الله یە کە پەروەردگاری هەموو جیهانە، چۆن نوێژ کردن بۆ غەیری خوا شەریك دانانە، حەیوان سەربڕینیش بۆ غەیری خواو ناوی غەیری خوای لەسەر بێنی ئەویش هەر شەریك دانانە بۆیە خوای گەورە بەیەکەوە هێناویەتیەوە، وە تەنها بۆ خوا ئەژیم وە لە پێناو خوای گەورەشدا ئەمرم..!! [ لا شَرِيكَ لَهُ ] لەم شتانە خوای گەورە شەریکی نیە چۆن لە نوێژدا شەریکی نیە هەر ئەبێ بۆ ئەو بیکەی لەسەربڕینیشدا شەریکی نیەو دەبێت ئاژەڵ هەر بۆ ئەو سەرببڕی [ وَبِذَلِكَ أُمِرْتُ ] وە بەم شتانە من فەرمانم پێکراوە لەلایەن خوای گەورەوە [ وَأَنَا أَوَّلُ الْمُسْلِمِينَ (١٦٣) ] وە من یەکەم موسڵمانم لە ئوممەتەکەی خۆم...

* جا لێرەدا بە تاك دانانی (الله ) حوکم کردنیدا ، ئەوا ماناکەی ئەوەیە کە (الله ) لە حەقیقەتدا بە تاك و تەنها هەر خۆی (حاکمە ) بێجگە لە (الله ) هیچ حاکمێکی تر نیە ، هەر بۆیە نابێت شوێنی هیچ حکمێکی تر بکەوێت یان شەرعیەتێکی تر بکەویت تەنها شەرعەکەی ئەو نەبێت ، چونکە ئەوە خۆشەویستی و ملکەچ بوونی (خوای گەورە) ،وە حوکم و دادوەرب بۆ هیچ بەرنامەیەکی تر نابێت بگەڕێنرێتەوە تەنها بۆ شەرعەکەی ئەو نەبێت ، هەر وەکو (خوای گەورە ) دەفەرموویت : ﴿إِنِ ٱلۡحُكۡمُ إِلَّا لِلَّهِۚ أَمَرَ أَلَّا تَعۡبُدُوٓاْ إِلَّآ إِيَّاهُۚ ذَٰلِكَ ٱلدِّينُ ٱلۡقَيِّمُ وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعۡلَمُونَ ٤٠﴾ [يُوسُف : ٤٠] واتە : [ إِنِ الْحُكْمُ إِلاَّ لِلَّهِ ] حوکم و بڕیاردان تەنها بۆ خوای گەورەیە [ أَمَرَ أَلاَّ تَعْبُدُوا إِلاَّ إِيَّاهُ ] خوای گەورە فەرمانی کردووە کە هیچ کەسێك نەپەرستن تەنها خوای گەورە نەبێ بەتاك و تەنهاو شەریکی بۆ دانەنێن [ ذَلِكَ الدِّينُ الْقَيِّمُ ] ئا ئەمە دینی ڕاست و دامەزراوە کە خوای گەورە بەڵگەی لەسەر ناردۆتە خوارەوەو فەرمانی پێکردووە [ وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لا يَعْلَمُونَ (٤٠) ] بەڵام زۆربەی خەڵکی ئەم شتە نازانن...

* بەڵام بە تاك دانانی (خوای گەورە) لە ولاء و خۆشەویستی و دۆستایەتیدا ، ئەوا ماناکەی ئەوەیە کە (اللە) لە حەقیقەتدا هەر خۆی بە تاك و تەنها لە زاتی دا و خۆش ویستراوە ، وە بێجگە لەو هیچ خوش ویستراوێکی تر هاوشێوەی ئەو نیە ، جا دۆستایەتی و دژایەتی هیچ بوونی نیە ، تەنها لە پێناوی (اللە) نەبێت ، وە نابێت کەس سەربخرێت و یارمەتی بدرێت تەنها ئەوانەی شوێنی بەرنامەکەی کەوتوون ، واتە : تەنها ئەوانە سەردەخرێن یان یارمەتی دەدرێن کە شوێنی بەرناکەی (اللە) کەوتوون ئەویش ئاینی ئیسلامە کە ئاینی توحید و یەك خوا پەرستیە ، وە نابێت شوێنکەوتە ملکەچی هیچ شتێك بیت تەنها ئەو سیستەم بەرنامەیە کە (خوای گەورە ) فەرمانی پێکردووە ، وە یان ویستی لەسەرە،

(خوای گەورە ) دەفەرموویێت : ﴿وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَتَّخِذُ مِن دُونِ ٱللَّهِ أَندَادًا يُحِبُّونَهُمْ كَحُبِّ ٱللَّهِ﴾ [البَقَرَةِ : ١٦٥] واتە: [وَمِنَ النَّاسِ مَنْ يَتَّخِذُ مِنْ دُونِ اللَّهِ أَنْدَادًا ] لەناو خەڵکیدا کەسانێك هەن جگە لە خوای گەورە ئەکەنە شەریك و هاوشێوە بۆ خوای گەورە [ يُحِبُّونَهُمْ كَحُبِّ اللَّهِ ] ئەو شەریکانەیان خۆش ئەوێ وەکو خۆشەویستی خوا، چەندێك خوای گەورەیان خۆش ئەوێ ئەوانیشیان بەئەندازەی خوای گەورە خۆش ئەوێ، یاخود بتەکانیان خۆش ئەوێ بەئەندازەی ئەوەی کە ئیمانداران خوایان خۆش ئەوێ...

(خوای گەورە ) دەفەرموویێت : ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَتَّخِذُواْ عَدُوِّى وَعَدُوَّكُمْ أَوْلِيَآءَ تُلْقُونَ إِلَيْهِم بِٱلْمَوَدَّةِ وَقَدْ كَفَرُواْ بِمَا جَآءَكُم مِّنَ ٱلْحَقِّ﴾ [المُمْتَحَنَة : ١] واتە : ئەی باوەڕداران دوژمنی من و دوژمنی خۆتان مەکەن بە دۆست و خۆشەویستی خۆتان کە خۆشەویستیان بۆ دەربڕن، لە کاتێکدا ئەوان کوفریان کردووە بەو حەقەی کە بۆ ئێوە هاتووە لەلایەن خوای گەورەوە کە قورئانی پیرۆزە، سەرەتای ئەم سوورەتە لەسەر (حاطهبی کوڕی ئەبی بەلتەعە) دابەزی (خوای لێ ڕازی بێت) کە پیاوێکی کۆچکەر بوو، وە بەشداری غەزای بەدری کردبوو، کە پێغەمبەری خوا - صلی اللّٰه علیه وسلم - ویستی فەتحی مەککە بکات لە ساڵی هەشتی کۆچیدا (حاطهب) نامەیەکی نووسی و بە ئافرەتێکدا ناردی بۆ کافرانی قوڕەیش کە پێغەمبەری خوا - صلی اللّٰه علیه وسلم - نیازی هەیە فەتحی مەککە بکات، چونکە کەسوکاری لەوێ بوو وە خۆی قوڕەیشی نەبوو، بۆ ئەوەی بەهۆی ئەو نامەیەوە کەسوکاری پارێزراو بێت، خوای گەورە پێغەمبەری - صلی اللّٰه علیه وسلم - ئاگادار کردەوە، ئەویش (ئیمامی عەلی و زوبەیرو میقدادی) ناردو پێی فەرموون: لەلای باخی (خاخ) ئافرەتێکی لێیە نامەیەکی پێیە لێیبسەنن، ئەوانیش گەیشتنە ئەو شوێنەو گرتیان و نامەکەیان لێسەندو هێنایانەوە، وە هەواڵەکە پارێزراو بە کافران نەگەیشت، پێغەمبەری خوا - صلی اللّٰه علیه وسلم - فەرمووی: ئەی (حاطهب) بۆ واتکرد؟! وتی: هاوەڵان خزم و کەسوکاریان هەیە لە مەککە کە منداڵەکانیان بپارێزن بەڵام من بێکەسم لە مەککە ویستم بەم نامەیە منداڵەکانم لە مەککە پارێزراو بێت، نە کوفرم کردووەو نە لە دین هەڵگەڕاومەتەوەو نە لەپاش ئیسلام بە کوفر ڕازیم، پێغەمبەری خوا - صلی اللّٰه علیه وسلم - فەرمووی: (ڕاستی لەگەڵتان کرد) و لێی خۆش بوو، ئیمامی عومەر فەرمووی: (ئەی پێغەمبەری خوا - صلی اللّٰه علیه وسلم - ڕێگام بدە با بدەم لە گەردنی ئەم مونافیقە)، پێغەمبەری خوا - صلی اللّٰه علیه وسلم - فەرمووی: (ئەو بەشداری غەزای بەدری کردووە، تۆ چوزانیت! خوای گەورە تەماشای هاوەڵانی بەدری کردوو پێی فەرمووی: چی ئەکەن بیکەن ئەوا من لێتان خۆش بووم، یان بەهەشت بۆ ئێوە مسۆگەرو پێویست بووە) خوای گەورە سەرەتای ئەم سوورەتەی دابەزاند...

**جۆری سێیەم :** (توحيد أسماء وصفات ) بە تەنها (اللە ) پەرستی لە ناوەکانی و صیفاتە بەرزەکانی :

جیاوازی هەیە لە نێوان مانای ناو ( الإسم ) و لەگەڵ هاوەڵ ناو ( الصيفة ) :

پێناسەی (ناو) یان (الإسم ) لە رووی زمانەوانیدا:

ناو بریتیە لە : لفظي دانراو کە بۆ مانایەکی دیاریکراو بێت یان بۆ جیاکردنەوەی شتێك بێت ، یان هەر دەلالەت بکاتە سەر خودی کەسێك ، وە هەموو ئەوانەشی کە پێیەوە هەڵساوە لە سیفاتەکان .

پێناسەی ( الصفة ) یان ( هاوەڵناو ) لە رووی زمانەوانیدا :

(الصفة) بریتیە لە هەموو ئەو سیفەتانەی کە لە کەسێکدا هەیە ، لەوەی کە جیایی دەکاتەوە لە غەیری خۆی لە کارو بارەکانی کەسێتی ، وەکو : ﴿ هەردوو دەستەکان و رووخسار و چاو و پەنچەکان ﴾ وەیان مەعنەوی وەکو: ﴿ زانست و ئیرادەت و ژیان و توانا ﴾ وەیان کرداری وەکو : ﴿ دانیشتن و هەستان و درووست کردنی شتێك و بە دەستهێنانی رۆزی﴾.

پێناسەی ( الأسما والصفات ) لە رووی شەرعیەوە :

بریتیە لە بە تاك دانانی (اللە سبحان وتعالى ) بەو ناوانەی کە (اللە) لە خۆی ناوە ، وە لەم سیفاتەی کە خۆی پێ وەسف کردووە لە کتێبە ئاسمانیەکان بە تایبەتی قورئانی پیرۆز کە کلام و ووتەی خوایە ، وە یان ئەوە کە لە سەر زمانی پێغەمبەرەکەی ﷺ هاتووەو بە ئێمە گەیشتووە ، وە چەسپاندێك بە بێ لێکچواندن و بە بێ پرسیارکردن لە چۆنیەتیەکەی ، وە بە پاك ڕاگرتنێك بە بێ ڕەتکردنەوە ، (التعطیل ) وە بەبێ شێواندن (التحريف ).

※ بەڵێ جا بەتاك دانانی (اللە) بەو ناوانەی کە لە خۆی ناوە ، وەیان ئەوەی کە پێغەمبەرەکەی ﷺ بەم ناوانەی کە ناوی هێناوە ، هەروەکو (خوای گەورە) دەفەرموویێت : ﴿وَلِلَّهِ ٱلْأَسْمَآءُ ٱلْحُسْنَىٰ فَٱدْعُوهُ بِهَا ۖ وَذَرُوا۟ ٱلَّذِينَ يُلْحِدُونَ فِىٓ أَسْمَٰٓئِهِۦ ۚ سَيُجْزَوْنَ مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿١٨٠﴾﴾ [الأَعْرَاف : ١٨٠] واتە: {تەوەسول کردن بە ناوە جوانەکانی خوای گەورە} [ وَلِلَّهِ الأسْمَاءُ الْحُسْنَى فَادْعُوهُ بِهَا ] وە خوای گەورە ناوە جوانەکانی هەیە تۆ بەو ناوە جوانانەوە لە خوا بپاڕێرەوەو بڵێ: یا رحمن یارحیم یا کریم یا عزیز، وە تەوەسولی پێ بکەو بڵێ: خوایە بۆ خاتری ناوە جوانەکانت،(هەرکەسێك نەوەدو نۆ لە ناوە جوانەکانی خوای گەورە لەبەر بکات و لێی تێبگات و لە خۆیدا جێبەجێی بکات ئەوە دەچێتە بەهەشتەوە، وە ژمارەی ناوەکانی خوای گەورە کەس نایزانێت تەنها خۆی نەبێت چونکە هەندێك ناوی هەیە لە هیچ کتابێکی ئاسمانی دایەنەبەزاندووەو بەهیچ پێغەمبەرێکیشی نەووتووەو لای خۆی هێشتوویەتێوە) [ وَذَرُوا الَّذِينَ يُلْحِدُونَ فِي أَسْمَائِهِ ] وە واز بێنن لەو کەسانەی کە بێ باوەڕن بە ناوەکانی خوای گەورە وەك موشریکان کە ناوی بتەکانیان لەناوەکانی خوای گەورە وەرگرتبوو وەکو (لات و عوززازو مەنات)، یان ئەوانەی کە ئینکاری ناو و سیفاتەکانی خوای گەورە ئەکەن و بە درۆی دەزانن، ئیلحاد واتە: لادان لە مەبەست [ سَيُجْزَوْنَ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ (١٨٠) ] ئەمانە سزای ئەو کردەوەیان وەرئەگرن کە باوەڕیان بەناوەکانی خوای گەورە نیە...

※ بەڵام بە تاك دانانی (اللە) بەو وسفانەی کە خۆی پێ وسف کردووە ، وە ئەو وسفانەشی کە پێغەمبەرەکەی ﷺ وەسفی پێی کردووە ، هەروەکو (خوای گەورە) دەفەرموویێت : ﴿لِلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِٱلْءَاخِرَةِ مَثَلُ ٱلسَّوْءِ ۖ وَلِلَّهِ ٱلْمَثَلُ ٱلْأَعْلَىٰ ۚ وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ﴿٦٠﴾﴾ [النَّحل : ٦٠] واتە : [ لِلَّذِينَ لا يُؤْمِنُونَ بِالآخِرَةِ مَثَلُ السَّوْءِ ] ئەوانەی کە باوەڕیان بە خوای گەورە نیە خراپترین نموونە دێننەوە کە ئەیانووت: مەلائیکەت کچی خوای گەورەیە، واتە بۆ خۆیان ڕازی نەئەبوون کە کچیان هەبێ بەڵام کچیان ئەدایە پاڵ خوای گەورە [ وَلِلَّهِ الْمَثَلُ الأعْلَى ] لە کاتێکدا نموونەو سیفاتی هەرەبەرز بۆ خوای گەورەیە [ وَهُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ (٦٠) ] وە خوای گەورە زۆر بەعیززەت و کاربەجێیە...

※[ وَلِلَّهِ الْمَثَلُ الأعْلَى ] بریتیە لە وەسف کردنی و بڵند ، چەسپاندنێك بە بێ لێکچواندن و بە بێ پرسیار کردن لە چۆنیەتیەکەی ، وە بە پاك ڕاگرتنێك بە بێ ڕەتکردنەوە و بە بێ شێواندن ، هەروەکو (خوای گەورە) دەفەرموویێت : ﴿لَيْسَ كَمِثْلِهِۦ شَىْءٌ ۖ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْبَصِيرُ ﴿١١﴾﴾ [الشُّورَى : ١١] واتە: هیچ شت و کەسێك لە خوای گەورە ناچێت، چونکە خوای گەورە تاك و تەنهایەو دروستکارە [ وَهُوَ السَّمِيعُ الْبَصِيرُ (١١) ] وە خوای گەورە زۆر بیسەرە بەوتەو قسەتان، وە زۆر بینەرە بە کردەوەتان، وە هەموو شتێك دەبیستێت و دەبینێت.

## چەند بنەمایەکی گرینگ لە باسی ناو سیفەتەکانی (خوای گەورە)

بنەمای یەکەم : ئەوەی پێویستە خوێندنەوەمان روون بێ بەرانبەر بە دەقەکانی قورئان و سوننەت لە باسی ناو سیفەتەکان:

بەڵێ ئەوەی پێویستە لەسەرمان بەرانبەر بەدەقەکانی قورئان و سوننەت هێشتنەوەی بەڵگەکان لەسەر رووکەشی خۆی بە بێ گۆڕین لەبەر ئەوەی (خوای گەورە) قورئانی بە زمانی عەرەبی ڕوون و پاراو ناردۆتە خوارەوە ، وە بێ گومان پێغەمبەریش ﷺ بە هەمان شێوە بە زمانی عەرەبی قسەی پێ کردووە ، لەبەر ئەوە پێویستە هێشتنەوەی بەڵگەیەتی وتەی (خوای گەورە) ووتەی پێغەمبەر ﷺ لە سەر ئەوەی کەهەیە و بەڵگەیە لەو زمانەدا ، لەبەر ئەوە گۆڕینی لەو ڕووکەشەی کە هەیەتی قسەکردنە لە سەر خوا بەبێ بوونی زانست لەو بوارەدا کەئەوەش حەرام و قەدەغەیە لەبەر فەرمایشتی (خوای گەورە) کە دەفەرموویت : ﴿قُلْ إِنَّمَا حَرَّمَ رَبِّيَ ٱلْفَوَاحِشَ مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَمَا بَطَنَ وَٱلْإِثْمَ وَٱلْبَغْيَ بِغَيْرِ ٱلْحَقِّ وَأَن تُشْرِكُواْ بِٱللَّهِ مَا لَمْ يُنَزِّلْ بِهِۦ سُلْطَٰنًا وَأَن تَقُولُواْ عَلَى ٱللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ ﴿٣٣﴾﴾ [الأَعْرَاف : ٣٣] واتە : [ قُلْ إِنَّمَا حَرَّمَ رَبِّيَ الْفَوَاحِشَ مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَمَا بَطَنَ ] ئەی محمد - صلی اللّٰه علیه وسلم - بڵێ: تەنها پەروەردگارم فاحیشەو بەدڕەوشتی و تاوانی حەرام کردووە ئەوەی بە ئاشکرا ئەکرێ و ئەوەی کە بەنهێنی ئەکرێ [ وَالإِثْمَ وَالْبَغْيَ بِغَيْرِ الْحَقِّ ] وە هەموو تاوانێك وە زوڵم و ستەمکردن لە خەڵکی بەناحەق هەمووی حەرام کردووە [ وَأَنْ تُشْرِكُوا بِاللَّهِ مَا لَمْ يُنَزِّلْ بِهِ سُلْطَانًا ] وە شەریك دانێن بۆ خوای گەورە لە کاتێکدا خوای گەورە هیچ بەڵگەیەکی لەسەر ئەوە دانەبەزاندووە [ وَأَنْ تَقُولُوا عَلَى اللَّهِ مَا لا تَعْلَمُونَ (٣٣) ] وە ئەوەیشی لەسەرتان حەرام کردووە لە خۆتانەوە بەبێ زانیاری بەناو خوای گەورەوە قسە بکەن و قسە بدەنە پاڵ خوای گەورە...

هەروەها نموونەیەکی تریش کە (خوای گەورە) دەفەرموویت : ﴿بَلْ يَدَاهُ مَبْسُوطَتَانِ يُنفِقُ كَيْفَ﴾ [المَائِـدَة : ٦٤] واتە : [ بَلْ يَدَاهُ مَبْسُوطَتَانِ ] بەڵکو هەردوو دەستی خوای گەورە کراوەیە، (کە جێگیر کردنی دوو دەستی تیایە بۆ خوای گەورە کە خوای گەورە دوو دەستی هەیە لە حەقیقەتدا کە لە دەستی هیچ لە دروستکراوەکان ناچێ، وە چۆنیەتیەکەی خوای گەورە خۆی نەبێ کەس نایزانێ، وە هەردوو دەستی خوای گەورە کراوەیە لە بەخشیندا، وە مانای ئەوەشی تیایە کە خوای گەورە ئەبەخشێت و جەوادو سەخیە) [ يُنْفِقُ كَيْفَ يَشَاءُ ] چۆن ویستی لێ بێت ئاوا ئەیبەخشێ بەگوێرەی مەشیئەت و ویست و حیکمەتی خۆی، کە لەو ڕۆژەی ئاسمانەکان و زەوی دروستکردووە بەشەو و بەرۆژ بەردەوام دەبەخشێت و هیچ لە موڵکی خوای گەورە کەمی نەکردووە، وە پێی خۆشە بەردەوام بەندەکان داوای لێ بکەن تا پێیان ببەخشێت ...

بەڵێ چونکە ڕووکەشی ئایەتەکە بەڵگەی ئەوەی تێدایە کە (خوای گەورە) دوو دەستی ڕاستەقینەی هەیە جا بۆیە پێویستە جێگیرکردنی ئەو سیفەتە بۆیی وداپنیدانی ، جا ئەگەر کەسێ ووتی مەبەست پێیان ﴿ هێز- واتە هێزی خوای گەورە) پێی دەڵێین ئەوە هەڵگەڕاندنەوەیە بۆ قسەکەی خوا ڕووکەشەکەی خۆی لە بەر ئەوەش دروست نیە ئەو قسەیە بکرێت و بوترێت چونکە ئەوە قسەکردنە دەربارەی خوا و لەسەرخوا بێ بوونی زانین ..!!

بنەمای دووەم : لە بارەی ناوەکانی (خوای گەورە) وە لە ژێر ئەم بنەمایە چەند خاڵێکی گرینگ هەیە :

- یەکەم : ناوەکانی (خوای گەورە) هەر هەمووی جوانن :

بەڵێ ناوەکانی (خوای گەورە) هەر هەمووی جوانن و لە جوانیدا بێ وێنەیە و گەیشتۆتە ئەو پەڕی جوانی ، لەبەر ئەوەی هەرچی سیفەتێکی تەواو هەیە گرتویەتیە خۆی کە هیچ کەم و کورتیەکی تێدا نیە لە هیچ ڕوویەکەوە لە ڕووەکانەوە ، هەروەکو (خوای گەورە) دە فەرموویێت : ﴿وَلِلَّهِ ٱلۡأَسۡمَآءُ ٱلۡحُسۡنَىٰ فَٱدۡعُوهُ بِهَا﴾ [الأَعْرَاف : ١٨٠] واته : {تەوەسول کردن بە ناوە جوانەکانی خوای گەورە} [ وَلِلَّهِ الْأَسْمَاءُ الْحُسْنَى فَادْعُوهُ بِهَا ] وە خوای گەورە ناوە جوانەکانی هەیە تۆ بەو ناوە جوانانەوە لە خوا بپاڕێرەوەو بڵێ: یا رحمن یارحیم یا کریم یا عزیز، وە تەوەسولی پێ بکەو بڵێ: خوایە بۆ خاتری ناوە جوانەکانت، (هەرکەسێك نەوەدو نۆ لە ناوە جوانەکانی خوای گەورە لەبەر بکات و لێی تێبگات و لە خۆیدا جێبەجێی بکات ئەوە دەچێتە بەهەشتەوە، وە ژمارەی ناوەکانی خوای گەورە کەس نایزانێت تەنها خۆی نەبێت چونکە هەندێك ناوی هەیە لە هیچ کتابێکی ئاسمانی داینەبەزاندووەو بەهیچ پێغەمبەرێکیشی نەووتووەو لای خۆی هێشتوویەتیەوە)

نموونەی ئەوە (خوای گەورە) ناوی ﴿ الرحمن ﴾ کە بریتیە لە ناوێك لە ناوەکانی (خوای گەورە) ، بەڵگەی لەسەر سیفەتێکی گەورەیە کە ئەویش واتە : بەزەیی فراوانە ، لەوە وە دەزانین کە یەکێك نیە  لە ناوەکانی (خوای گەورە) ﴿الدهر﴾ چونکە ﴿ الدهر ﴾ واتاو مانایەك ناگرێتە خۆی  بگاتە ئەوپەڕی جوانی ، هەرچی دەربارەی فەرموودەکەی پێغەمبەری  خوا ﷺ  هاتووە کە دەفەرموویێت : (( لا تَسُبُّوا الدَّهرَ؛ فإنَّ اللهَ هو الدَّهرُ )). **صحيح المسلم برقم (٢٢٤٦)**. واتە: ﴿ جنێو مەدەن بە ڕۆژگار لە بەر ئەوەی (خوای گەورە ) خۆی ڕۆژگارە ﴾ ..!!

(ابن القيم ) — ڕەحمەتی خوای لێ بێت — دەڵێت : ﴿ ئەو کەسەی جنێو بە (الدهر ) دەدات لە نێوان دوو بارودۆخدایە کە هەر بێ گومان یەکێکیانی تێدایە : یان ئەوەتا جنێودانەکەی بۆ خودایە ، یان هاوبەشی  بۆ داناوە ، لەبەر ئەوەی ئەو کەسە ئەگەر باوەڕی وابێت کە (خوای گەورە) خۆی بە تەنها ئەو کارەی کردووە و ئەویش جنێو بەوە دەدات کە ئەوەی کردووە  ئەوا بێ گومان جنێو بە (خوای گەورە) داوە ﴾ . ابن القيم زاد المعاد (٣٥٥/٢).

جاواتەکەی بریتیە لە خاوەنی ﴿ الدهر﴾ کە بە ئارەزووی خۆی کاری تێدا دەکات و هەڵێدەسورێنێت بە بەڵگەی تری پێغەمبەری خوا ﷺ کە دەفەرموویێت لە گێڕانەوەیەکی تردا ...

دەربارەی ئەم ئایەتەی کە (خوای گەورە) دەفەرموویٚت : ﴿يُرِيدُونَ أَن يُبَدِّلُواْ كَلَامَ ٱللَّهِ﴾ [الفَتْح : ١٥] واتە: ئەمان ویستیان قسەی خوای گەورە بگۆڕن، کە خوای گەورە بڕیاری دابوو ئەو غەنیمەیە تەنها بۆ ئەو کەسانەیە کە بەشداری (حودەیبیە)یان کردووەو بۆ کەسی تر نیە...

لە (ابو هریرە ) – خوا لیٚ رازی بیٚت – دەگیٚڕیٚتەوە دەلیٚت : پیٚغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :

(( قال اللهُ تَعالى: يُؤذيني ابنُ آدَمَ؛ يَسُبُّ الدَّهرَ، وأنا الدَّهرُ، بيَدي الأمرُ، أُقَلِّبُ اللَّيلَ والنَّهارَ )). صحيح البخاري برقم (٧٤٩١).واتە : ( خوای بەرزو بلٚند ) فەرمووی : ئادەمی ئازارم دەدات ، جنیٚو بە ڕۆژگار دەدات ، ﴿هەلٚسوڕیٚنەری﴾ ڕۆژگار منم " کاروبار هەموو بەدەستی منە ، شەو و ڕۆژ ئالٚوگۆڕی پیٚ دەکەم ...

- دووەم : ناوەکانی (خوای گەورە ) کورت نەکراوەتەوە لە ژمارەیەکی دیاری کراودا :

بەلیٚ واتە : بە ووردی ژمارەی ناوەکان (خوای گەورە) نازانریٚت ) لە بەر فەرموودە بەناوبانگەکەی پیٚغەمبەری خوا ﷺ،

لە (عبدالله کوری مسعود ) – خوا لیٚ رازی بیٚت – دەگیٚڕیٚتەوە دەلیٚت : پیٚغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی :

(( ... أسألُكَ بكلِّ اسمٍ هوَ لكَ سمَّيتَ بِهِ نفسَك، أو أنزلْتَه في كتابِكَ، أو علَّمتَه أحدًا من خلقِك، أو استأثرتَ بِهِ في علمِ الغيبِ عندَك ... )) . ابن حبان برقم (٢٣٧٢).واتە: داوات لیٚدەکەم بە هەموو ناویٚك کە تۆ خاوەنیٚتی و خۆتت بیٚ ناوناوە ، یان لە کتیٚبە کەتدا ناردووتە خوارەوە ، یان فیٚری یەکیٚك لە دروست کراوەکانت کردووە ، یان لە زانستی غەیبدا لای خۆت هەلٚتگرتووە تەنها خۆت دەیزانیت ...

تیٚبینی : ئەو فەرموودەیە وەکو خۆی دەهیٚنین ، فەرموودەکەش صحیحە بۆ دلٚنیایی ، بۆ ئەوەی هەر کەسیٚ بتوانی ئەم فەرموودە لە بەر بکات چونکە زۆر سودو بەرهەمی هەیە لە ژیانی ڕۆژانەدا بۆ خاوەنەکەی کە کاری پیٚ بکات ،هەروەکو هاتووە لە (عبدالله کوری مسعود ) – خوا لیٚ رازی بیٚت – دە گیٚڕیٚتەوە دەلیٚت : پیٚغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی :

(( ما أصابَ أحدًا قطُّ همٌّ ولا حَزنٌ فقال : ( اللَّهمَّ إنِّي عَبدُك، وابنُ عبدِك، وابنُ أمتِك، ناصِيَتي بيدِكَ، ماضٍ فيَّ حكمُكَ، عدْلٌ فيَّ قضاؤكَ، أسألُكَ بكلِّ اسمٍ هوَ لكَ سمَّيتَ بِهِ نفسَك، أو أنزلْتَه في كتابِكَ، أو علَّمتَه أحدًا من خلقِك، أو استأثرتَ بِهِ في علمِ الغيبِ عندَك، أن تجعلَ القُرآنَ ربيعَ قلبي ، ونورَ صَدري، وجَلاءَ حَزَني، وذَهابَ هَمِّي ). إلَّا أذهبَ اللَّهُ عزَّ وجلَّ همَّهُ، وأبدلَه مكانَ حَزنِه فرحًا. قالوا : يا رسولَ اللَّهِ ! يَنبغي لنا أن نتعلَّمَ هؤلاءِ الكلماتِ ؟ قال : أجَلْ ! ينبغي لمَن سمِعَهنَّ أن يتَعلمَهنَّ )). صحيح ابن حبان برقم (٢٣٧٢) ، شيخ الالباني صحيح الترغيب برقم (١٨٢٢).

بەڵام (جمع و توفيق ) لە نێوان ئەو فەرموودەی کە ئێستا باس دەکەین لە گەڵ فەرموودەی پێشو لە پێشدا باسمان کرد ، کەواتە (جمع و توفيق ) هەیە ، چونکە لەم فەرموودەیە دا پێغەمبەری خوا ﷺ ژمارەی ناوەکانی (خوای گەورە) هێناوە،

لە (ابو هريره ) – خوا لێ رازی بێت – دەگێرێتەوە دەلێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :

(( **إنَّ للّهِ تسعةً وتسعينَ اسمًا مائةً إلّا واحدًا من أحصاها دخلَ الجنَّةَ ...**)).**سنن الترمذي برقم (٣٥٠٧)**. واتە : (خوای گەورە) نەودو نۆ ناوی هەیە سەد جگە لە یەك هەر کەسێك هەژماریان بکات دەچێتە بەهەشتەوە ...

تێبینی : فەرموودەکە بوخاری و موسلم و ترمزی ئەخراجیان کردووە ، بە م شێوەیە هاتووە لە (ابو هريره) وە دەلێت:

(( **إنَّ للّهِ تسعةً وتسعينَ اسمًا مائةً إلّا واحدًا من أحصاها دخلَ الجنَّةَ إنَّهُ وترٌ يحبُّ الوترَ هوَ اللّهُ الَّذي لا إلهَ إلّا هوَ الرَّحمنُ الرَّحيمُ الملكُ القدُّوسُ السَّلامُ المؤمنُ المهيمنُ العزيزُ الجبَّارُ المتكبِّرُ الخالقُ البارئُ المصوِّرُ الغفَّارُ القهَّارُ الوهَّابُ الرَّزَّاقُ الفتَّاحُ العليمُ القابضُ الباسطُ الخافضُ الرَّافعُ المعزُّ المذلُّ السَّميعُ البصيرُ الحكمُ العدلُ اللَّطيفُ الخبيرُ الحليمُ العظيمُ الغفورُ الشَّكورُ العليُّ الكبيرُ الحفيظُ المقيتُ الحسيبُ الجليلُ الكريمُ الرَّقيبُ المجيبُ الواسعُ الحكيمُ الودودُ المجيدُ الباعثُ الشَّهيدُ الحقُّ الوكيلُ القويُّ المتينُ الوليُّ الحميدُ المحصي المبدئُ المعيدُ المحيي المميتُ الحيُّ القيُّومُ الواجدُ الماجدُ الواحدُ الباقي الذي لا يفنى">الصَّمدُ القادرُ المقتدرُ المقدِّمُ المؤخِّرُ الأوَّلُ الآخرُ الظَّاهرُ الباطنُ الوالي المتعالِ البرُّ التَّوَّابُ المنتقمُ العفوُّ الرَّءوفُ مالكُ الملكِ ذو الجلالِ والإكرامِ المقسطُ الجامعُ الغنيُّ المغني المانعُ الضَّارُّ النَّافعُ النُّورُ الهادي البديعُ الباقي الوارثُ الرَّشيدُ الصَّبورُ**)). البخاري (٦٤١٠) ، المسلم ، (٢٦٧٧)، ترمذي(٣٥٠٧).

بەلێ ئەوەی کە واتای ئەو فەرموودەیە ئەوە دەگەیەنێت : لە ناوەکانی (خوای گەورە) نەوەدو نۆ ناوی هەیە هەرکەسێك هەژماریان بکات دەچێتە بەهەشتەوە ، بەلاّم ئەوە ناگەیەنێت کە ژمارەی ناوەکانی (خوای گەورە) کورت کراوەتەوە لەو ژمارەیەدا ، بەڵکو زیاترە ، بۆ نموونە : کە بلێی : سەد درەهەمم هەیە ئامادەم کردووە بۆ خێر ، جائەوە واتای ئەوە نیە کە دەرهەمی ترت نەبێت ئامادەت نەکردبێت بۆ جگە لە خێر ، یان بەڵکو زۆر لەم سەد درەهەمەت هەیە بەڵکو تەنها ئەم دەرهەمەت باس کردووە ...

- سێ یەم : ناوەکانی (خوای گەورە) بەعەقڵ جێگیر ناکرێت بەڵکو بە شەرع جێگیر دەکرێت و دەسەڵمێنرێت :

لە بەر ئەوەی ناوەکانی (خوای گەورە) ﴿ توفقیە — واتە : وەتستێنراوە ﴾ سەلماندی وەستێنراو لە سەر ئەوەی لە شەرعدا هاتووە نە لێی زیاد دەکرێت و نەلێی کەم دەکرێت ، چونکە عەقڵ ناتوانێت هەست بەوە بکات کە شایەنی (خوای گەورە) یە لە ناوە جوانەکان جا لەبەر ئەوە پێویستە (توفیق ) یان وەستان لەوەدا لەسەر ئەوەی لە شەرعدا هاتووە ، چونکە ناو نانی بەوەی ناوی خۆی پێ نەناوە یان ملنەدان بەوەی خۆی پێ ناوناوە و پێی نارازی بێت تاوانێکە بەرامبەر (خوای پەروەردگار ) ئەنجام دەدرێت ، جا بۆیە پێویستە ڕێرەوی ئەدەب بگیرێتەوە بەر لە سەر ئەم باسەدا ..!!

- چوارەم : هەموو ناوێك لە ناوەکانی (خوای گەورە) بەڵگەی لەسەرە لە زاتی خوا لە سەر ئەو سیفەتەی گرتوویەتیە خۆی و لەسەر ئەو شوێنەوارەی بە هۆیەوە دێتە دی ئەگەر ئەو ناوە ﴿متعدی ﴾ بێت :

وە باوەڕیش بە ناو نایەتەجێ تەنها بە جێگیر کردنی هەموو ئەوانە نەبێت ، بۆ نموونە : ئەوا لە ناوێکدا کە﴿متعدی﴾ نەبێت : ناوی ﴿ العظیم ﴾ باوەڕ بوون پێی نایەتەدی تا باوەڕت بەوەنەبێت ناوێکە لە ناوەکانی (خوای گەورە) و بەڵگەیە لەسەر زاتی بەرزی گەورەی وە لەسەر ئەو سیفەتەی کە گرتوویەتیە خۆ کەویش سیفەتی ﴿العظمة﴾ واتە: گەورەیەتیە.

وە نموونەی ئەوەش لە ناوێکدا ﴿متعدی﴾ بێت : ناوی ﴿الرحمن﴾ باوەڕ بوون پێی نایەتەدی تا باوەڕت بەوەنەبێت ناوێکە لە ناوەکانی (خوای گەورە) و بەڵگەیە لەسەر زاتی بەرز و گەورەی وە لەسەر ئەو سیفەتەی کە گرتوویەتیە خۆی کە ئەویش سیفەتی ﴿الرحمن﴾ واتە: بەزەییە ، وە لەسەر ئەو شوێنەوارەی بە هۆیەوە دێتە دی کە ئەویش ئەوەیە ﴿ بەزرەیی بە هەر کەسێکدا دێتەوە کە بیەوێت ﴾ پوختەی ئەم باسە ئەوەیە کە دەبێت باوەڕت بە هەموو ناوەکان و سیفەتەکانی (خوای گەورە) و ئەو شوێنەوارانەی بە هۆی ئەو ناوە وە دێتە کایەوە ، هەبێت و تەسلیمی ببیت و پێی ڕازیبیت ...

بنەمای سێیەم : لەبارەی سیفەتەکانی (خوای گەورە)یە ، وە لە ژێر ئەم بنەمایەدا بە هەمان شێوە چەند خاڵێکە :

- یەکەم : ئاوەڵناوەکانی (خوای گەورە) هەمووی بەرزن و سیفەتی تەواو و ستایشکراون لە هیچ ڕوویێك لە ڕووەکانەوە کەم و کورتی تێدا نیە :

بۆ نموونە وەك : ﴿ ژیان و زانیاری و توانایی و بیستن و بینین و دانایی و بەزەیی و بەرزییەتی ﴾ جگە لەوەش هەر وەکو (خوای گەورە) دەفەرموویێت : ﴿وَلِلَّهِ ٱلۡمَثَلُ ٱلۡأَعۡلَىٰۚ وَهُوَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ ۝٦٠﴾[النَّحل : ٦٠] واتە: [ وَلِلَّهِ الْمَثَلُ الأعْلَى ] لە کاتێکدا نموونەو سیفاتی هەرەبەرز بۆ خوای گەورەیە [ وَهُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ (٦٠) ] وە خوای گەورە زۆر بەعیززەت و کاربەجێیە...

چونکە ﴿ پەروەردگار﴾ تەواوە بۆیە دەبێت سیفەتەکانیشی هەمووی تەواوبن ، جا ئەگەر سیفەتێك کەم کورتی بوو لە هەموو لایەنێکەوە تەواو نەبوو ئەوا ناگونجێت ببێتە سیفەتی (خوای گەورە) و دوورە لە زاتی ئەو ، بۆ نموونە وەکو : ﴿ مردن و نەزانین و بێ توانایی و کەڕی و کوێری ﴾ و نموونەی ئەوە ، لەبەر ئەوەی پەروەردگار سزای ئەو کەسانەی داوە کە (خوای گەورە) یان بە سیفەتێك وەسف کردووە کە کەم و کورتی تێدا بێت و خۆی بە دوور گرتووە لە هەموو ئەو سیفەتانەی ئەویان پێ وەسف کردووە لە کاتێکدا ئەو وەسفکردنە کەم و کورتی تێدا بێت ، وە لەبەر ئەوەی پەروەردگار نابێت و ناگونجێت کەم و کورتی بێت بۆ نەهێشتنی کەم و کورتی لە پەروەردگاریەتیدا ...

بەڵێ وە ئەگەر سیفەتەکە تەواو بوو لە ڕوویەکەو بەڵام کەم و کورتی بوو لە ڕوویەکی ترەوە ئەوا نابێتە سیفەتێکی هەمیشەیی و جێگیر بۆ (خوای گەورە) و بە ڕەهایش نابێت بە دوور بگیرێت لە (خوای گەورە) بەڵکو لەم حاڵەتەدا پێویستی بە لەسەر ڕۆیشتن و زیادە باسکردن هەیە ، جا لەو کاتەدا جێگیرو دەسەلمێنرێت بۆ (خوای گەورە) ئەگەر واتای کەم و کورتی و ناتەواوی دەگەیاند وەکو ﴿ مکر ، کید ، خداع ﴾ واتە : فێڵکردن ، هاوێنەی ئەوەش ، جا ئەم سیفەتانە وەکو سیفەتێکی تەواو سەیر دەکرێت ئەگەر لە بەرامبەر هاوشێوەی خویدا بێت ، بۆنموونە : ﴿ واتە : ئەگەر کەسێك بیەوێ بە گومانی خۆی فێڵ لە (خوای گەورە) بکات ئەوا (خوای گەورە) لە خۆی باشترە فێڵی لێدەکات و فێڵەکەی ئەویش هەڵدەوەشێنێتەوە ئالەم کاتەدا سیفەتی فێلکردن کە لە بنچینەدا سیفەتێکی ناشیرین و ناتەواوە دەبێتە سیفەتێکی تەواو بۆ (خوای گەورە) ﴾ . تێبینی : ﴿ جا خوێنەری بەڕێز دەبێت لە کاتی وردبوونەوە لە سیفەتەکانی (خوای گەورە) زۆر بە وریایی و ژیرانەوە مامەڵە بکەین و نەکەوینە هەڵەوە (خوای گەورە) یارمەتیمان بدات بەو شێوەیەی کە خۆی پێی خۆشە لە ناو سیفەتەکانی خۆی تێبگەین ﴿ئامین﴾ ...

وەکو باسمان کرد لە پێشدا ﴿ مکر ، کید ، خداع ﴾ واتە : فێڵکردن ، هاوێنەی ئەوەش ، جا ئەم سیفەتانە وەکو سیفەتێکی تەواو سەیر دەکرێت ئەگەر لە بەرامبەر هاوشێوەی خویدا بێت ، لە بەر ئەوەی بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە بکەرەکەی بێ توانا نیە لە بەرامبەر دوژمنەکەیدا کەهەمان کاری کردووە ، وە هەر ئەو سیفەتە دەبێتە سیفەتێکی کەم و کورتی و ناتەواو ئەگەر لە حاڵەتێکدا بە کاربهێنرێت جگە لە حاڵەتی یەکەم ، بۆ نموون : ﴿ وەکو ئەوەی کەسێ هەبێت بێ تاوان و ڕەوشت جوان و ڕێکو پێك هیچ جۆرە لاری و کاری ناڕەوا ئەنجام نەدات بەڵام کەسێ بڵێ : خوا باش فێڵی لێدەکات ئالەم کاتەدا بە کارهێنانی سیفەتی فێڵکردن بۆ (خوای گەورە) دەبێتە سیفەتێکی ناشیرین چونکە نادادپەروەری تێدایە ، بەڵام کەسانی بێ باوەڕو دووڕوو هەمیشە وا گومان دەبەن بە فڕوفێڵ گوایە (خوای گەورە) هەڵدەخەڵەتێنن کەچی جار لە دوای جار شکست دەهێنن و دەدۆڕێن ئەگەر ئالەم کاتەدا بووترێت (خوای گەورە) باشی فێڵی لێکردن و شکاندنی ئەوا بە کارهێنانی سیفەتی فێڵکردن بۆ (خوای گەورە) سیفەتێکی تەواو و جوانە ، چونکە لە تەواوی دادپەروەری (خوای گەورە) یە فڕوفێڵی ئەوانە لە ناو بەرێت بۆیە دەبێت ئاوا لە سیفەتەکانی (خوای گەورە) تێبگەین تاگومرا نەبێت ﴾

جا کەواتە ئەم جۆرە سیفەتانە بەکاردەهێنرێت بە (خوای گەورە) ئەگەر حاڵەتەکەی وەکو یەکەم وابوو ، بەڵام بە کارهێنانی ئەو جۆرە سیفەتانە بە دوور دەگیرێت لە (خوای گەورە) ئەگەر بارودۆخەکە وەك حاڵەتی دووەم وابوو ...

(خوای گەورە ) دەفەرموویێت : ﴿وَيَمۡكُرُ ٱللَّهُۖ وَٱللَّهُ خَيۡرُ ٱلۡمَٰكِرِينَ ۝٣٠﴾ [الأنفال : ٣٠] واتە : [ وَيَمْكُرُونَ وَيَمْكُرُ اللَّهُ ] ئەوان فێڵ و نەخشەو پیلان دائەنێن خوای گەورەش لە بەرامبەر ئەواندا نەخشەیان بۆ دائەنێ [ وَاللَّهُ خَيْرُ الْمَاكِرِينَ (٣٠) ] وە باشترین نەخشەدانەر خوای گەورەیە کە نەخشەی ئەوان بەتاڵ ئەکاتەوە ...

بەڵێ جا پێویستە تەماشای ئایەتەکە هەموو بکەین چونکە پڕاوپڕ بەسەر ئەو ڕوونکردنەوەی پێشدا دەچەسپێت لەبەر ئەوەی (خوای گەورە) باسی فڕو فێڵی کافرانی کردووە دوای ئەوە (خوای گەورە) ش دەفەرموویێت : خوا زۆر لەوان بە تواناترە لەوەی فێڵیان لێ بکات و فڕوفێڵی ئەوانیش هەڵبوەشێنێتەوە ، هەورەکو دەفەرموویێت : ﴿وَإِذۡ يَمۡكُرُ بِكَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ لِيُثۡبِتُوكَ أَوۡ يَقۡتُلُوكَ أَوۡ يُخۡرِجُوكَۚ وَيَمۡكُرُونَ وَيَمۡكُرُ ٱللَّهُۖ وَٱللَّهُ خَيۡرُ ٱلۡمَٰكِرِينَ ۝٣٠﴾ [الأنفال : ٣٠] واتە : [ وَإِذْ يَمْكُرُ بِكَ الَّذِينَ كَفَرُوا ] ئەی محمد - صلى الله عليه وسلم - کاتێك کە کافران فێڵ و نەخشەو پیلانت بۆ دائەنێن [ لِيُثْبِتُوكَ ] بۆ ئەوەی کە بتگرن و کۆت و زنجیرو بەندت بکەن [ أَوْ يَقْتُلُوكَ ] یان بتکوژن [ أَوْ يُخْرِجُوكَ ] یاخود لە مەککە دەرت بکەن، هەندێکیان وتیان: با کۆت و زنجیری بکەین و بیبەستینەوە، وە هەندێکیان وتیان: با بیکوژین، وە هەندێکیان وتیان: با دەری بکەین، پێغەمبەری خوا - صلى الله عليه وسلم - پێش ئەوە لە ماڵ دەرچوو وە کۆچی کردو ئیمامی عەلی لە شوێنی خۆی دانا [ وَيَمْكُرُونَ وَيَمْكُرُ اللَّهُ ] ئەوان فێڵ و نەخشەو پیلان دائەنێن خوای گەورەش لە بەرامبەر ئەواندا نەخشەیان بۆ دائەنێ [ وَاللَّهُ خَيْرُ الْمَاكِرِينَ (٣٠) ] وە باشترین نەخشەدانەر خوای گەورەیە کە نەخشەی ئەوان بەتاڵ ئەکاتەوە ...

وەهەروەها (خوای گەورە) دەفەرموویت : ﴿إِنَّهُمْ يَكِيدُونَ كَيْدًا ۝١٥ وَأَكِيدُ كَيْدًا ۝١٦﴾ [الطَّارِق : ١٥ - ١٦] واتە: [ إِنَّهُمْ يَكِيدُونَ كَيْدًا (١٥) ] كافران ئەوان نەخشەو پیلان دائەنێن بۆ ئەوەی ئەو دین و حەق و قورئانەی کە پێغەمبەری خوا - صلى الله عليه وسلم - هێناویەتی بە گومانی خۆیان ڕەتی بکەنەوەو بەتاڵی بکەنەوە..!! [ وَأَكِيدُ كَيْدًا (١٦) ] خوای گەورە ئەفەرمووێ: لە بەرامبەر نەخشەو پیلانی ئەوان منیش نەخشەو پیلانیان بۆ دائەنێم وە نەخشەو پیلانی ئەوان هەڵئەوەشێنمەوە...

وەهەروەها (خوای گەورە) دەفەرموویت : ﴿إِنَّ ٱلْمُنَٰفِقِينَ يُخَٰدِعُونَ ٱللَّهَ وَهُوَ خَٰدِعُهُمْ﴾ [النِّسَاء : ١٤٢] واتە: {هەندێك لە سیفاتی مونافیقان} [ إِنَّ الْمُنَافِقِينَ يُخَادِعُونَ اللَّهَ ] بە دڵنیایی مونافیقان لەبەر نەزانی و نەفامیان بەگومانی خۆیان فێڵ لە خوای گەورە ئەکەن [ وَهُوَ خَادِعُهُمْ ] لەبەرامبەر ئەو تاوانەیان خوای گەورە هاوشێوەی خۆیان لەگەڵیاندا دەکات وە ئەیانخەڵەتێنێ و فێڵیان لێ دەکات، تا بەردەوام بن لە گومڕایی خۆیان و نەچنە سەر ڕێگای ڕاست، (ئەم سیفەتە بەتەنها بۆ خوای گەورە بڕیار نادرێ بەڵکو لەبەرامبەر کافراندا وەکو تۆڵەسەندن و ئینتیقام بۆ باوەڕداران)

بەڵێ هەرسێ ئایەتەکە ئەو ڕاستیە دەسەلمێنن کە مادام دوژمنانی ئاین فێڵ دەکەن دژ بە خوا و ئایینەکەی ئەوا خواش دژ بەوان فێڵ دەکات و پیلانەکانی ئەوا لە ناو دەبات ، بەکارهێنانی  سیفەتی فێڵ بۆ خوا لێرەدا سیفەتێکی تەواو جوانە چونکە لەبەرمبەرا دوژمنەکانیانیەتی و ناهێڵێ فێڵەکانیان سەر بگرێت و شانازی پێوە بکەن ...

بانموونەیەك وەربگرین لە فرو فێڵی دەوڵەتان یان فرو فێڵی سەرکردە زاڵم ستەمکارەکانی ئەم جیهانە ، ئەوانە دژایەتی خواو ئایینەکەی دەن ، بزانە چۆن سەر ئەنجامیان لە ناو چوون بوو ، بۆ وێنە ڕووسیای سۆفیەتی مولحیدی زاڵم و چۆن بێ هێز بوو لە ساڵانی نۆهەدەکان ، بەدەستی زەواڵەکی ئەمریکا بوو ،ئەوە بوو (خوای گەورە) بە جۆرێك لاوازی کردن هەموو پەرشوو بڵاو کردن چەندین دەوڵەتۆکەی لێی جیا بوویەوە ژێر خانی ئابووری دارایی وێران بوو ، هەروەها ئەگەر سەربری ڕژێمە زاڵم ستەم کارەکانی عەرەبیش بکەین (خوای گەورە) چۆن لە ناوی بردن و سەر گەردانی کردن بە خۆیان و بە ڕژێمەکەشیان وەکو ولاتی تونس و میصر و عێراق و سوریا ، بزانە چۆن (خوای گەورە) لە ناوی بردن ، دوای ئەوەی بەشەو بەڕۆژ خەریکی فروفێڵ کردن و زوڵم و ستەم کردن بوون لە خەڵکی موسڵمانی بێ تاوان ، ئەم ئایینە پاکەی ئیسلام بەلاّم نەیانزانی (خوای گەورە) زۆر لەوان بەتواناترە لە فێڵکردندا ، هەر بە خۆیان خۆیان لە ناو بردوو خاوەنی چەند حیزبێکی گەورەش بوون لە ڕۆژ هەلاّتی ناوەڕاست ، لە دوای سەرۆکە زاڵمەکان حیزبەکانیشیان ناویان نەما ، هەروەها ئەوانەی ئێستاش لە ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاست بەهەمان شێوە زوڵم ستەم لە خەڵك و موسڵمانان و ئایینەکەی خوا دەکەن بە خەیاڵی خۆیان فرو فێڵ دەکەن لە پارەو سەروەت و سامان کۆکردنەوە ، بەڵام خەیاڵیان خاوە ئەوانیش بە دەردی پێش خۆیان دەچن و (خوای گەورە ) فروفێڵەکانیان لە ناودەبات بە سزای خۆیان دەگەن..!! جائەگەر ووترا: ئایا (خوای گەورە ) وەسف دەکرێت بە سیفەتێکی فێڵ ..؟! لەوەلاّمدا مەڵێ بەڵێ ، وە مەشڵێ نەخێر، بەلاّم بڵێ : ئەو فێڵکارە لەبەرامبەرکەسیدا کە شایستەی ئەوە بێت (والله أعلم ) ...

- دووەم : سیفەت و ئاوەڵناوەکانی (خوای گەورە) دابەش دەبن بۆ دوو بەش :

﴿ ثبوتية ﴾ واتە: ﴿جێگیر کردن - ئەرێیەتی ﴾(السلبية ) واتە : ﴿ نەرێیەتی — بەدوور گرتن ﴾

١-﴿ ثبوتية ﴾ واتە : جێگیرکردن — ئەرێیەتی ﴾ بریتیە لە لەوەی (خوای گەورە) بۆ خۆی بڕیاری داوە جێگیری کردووە وەکو ﴿ ژیان و زانین و توانایی ﴾ ، وە پێویستە لە سەر ئێمە جێگیری بکەین بۆ خوا بەو شێوەیەی شایستەی خۆیەتی لەبەر ئەوەی خوای پەروەردگارخۆی بڕیاری داوە جێگیری کردووە و چەسپاندوویەتی و هەر خۆیشی زاناترە بە سیفەت و ئاوەڵناوەکانی .

٢-﴿ السلبية﴾ واتە: ﴿نەرێیەتی - بە دوور گرتن ﴾ بریتیە لە وەی کە (خوای گەورە) خۆیی لیٚ بە دوور گرتووە وەکو ﴿ستەم کردن ) جا بۆیە پێویستە ئێمەش ئەو سیفەتە بە دوور بگرین لە (خوای گەورە) لە بەر ئەوەی (خوای گەورە) خۆی بەدوور گرتووە لە نەفسی خۆی ، بەڵام پێویستە باوەڕبوون بە پێچەوانەکەی بۆ خوا لەسەر تەواوترن شێوە چونکە شتی نەرێی یان نەفیکراو نابێتە تەواو تا جێگیر کردن لەخۆنەگرێت کەویش ﴿ثبوت﴾ە .

**بۆ نموونە (خوای گەورە) دەفەرموویێت :** ﴿وَلَا يَظۡلِمُ رَبُّكَ أَحَدٗا ٤٩﴾ [الكَهۡف : ٤٩] واتە : وە پەروەردگارت ستەم لە هیچ کەسێك ناکات و تاوانی کەس ناخاتە سەر کەسی تر، وە لە پاداشتی کەس کەم ناکاتەوە ...

بەڵێ هەر بۆیە پێویستە ستەم کردن لە (خوای گەورە) بە دوور بگرین لە گەڵ باوەڕبوون بە چەسپاندنی ﴿ العدل- دادپەروەری ﴾ بە تەواوترین و جوانترین شێوە .

- سێ یەم : ئاوەڵناوە ﴿ثبوت﴾ یەکان – جێگیر کراوەکان یان چەسپاوەکان دابەش بۆ دوو بەش :

﴿ذاتية﴾ خودی ، ﴿فعلية﴾ کرداری .

١-﴿ذاتية﴾ خودی ، بریتیە لەوەی کە هەروابووە و هەر واش دەمێنێتەوە و بەوە وەسفرکاوە وەکو ﴿السمع والبصر﴾ واتە : ﴿ بیستن و بینین ﴾ هەروەکو (خوای گەورە) دەفەرموویێت : ﴿وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡبَصِيرُ ١١﴾ [الشُّورَى : ١١] واتە: [ وَهُوَ السَّمِيعُ الْبَصِيرُ (١١) ] وە خوای گەورە زۆر بیسەرە بەوتەو قسەتان، وە زۆر بینەرە بە کردەوەتان، وە هەموو شتێك دەبیستێت و دەبینێت...

٢-﴿فعلية﴾ کرداری ، کە بریتیە لەوەی وابەستە بە ویستی خۆیەوە ، ئەگەر ویستی لێ بێت دەیکات وەئەگەر ویستی لێ نەبێت نایکات وەکو ﴿ بەرز بوونەوە بۆ سەر عەرش و هاتن (( المجیء)) ﴾ .

وە لەوانەیە سیفەتەکە لە هەمان کاتدا هەر دوو جۆرەکە بێت : ﴿ذاتية﴾ خودی ، ﴿فعلية﴾ کرداری ، هەروەکو ﴿ الکلام – قسە کردن ﴾ لە بەر ئەوەی ئەم سیفەتە لە بنچینەدا ﴿ذاتية﴾ خودیە چونکە (خوای گەورە) بە هەمیشەیی قسەی کردووە و هەر واش دەمێنێتەوە قسەدەکات ، بەڵام لە ڕوانگەی تاکە تاکەی قسەکردنەوە وەوا سیفەتێکی﴿فعلية﴾ کرداریە لەبەر ئەوەی قسەکردن وا بەستە بە ویستی (خوای گەورە) هەر کاتێك بیەوێت قسەدەکات و هەرچیشی بوێت دەیلێت ...

- چوارەم : هەموو سیفەتێك لە سیفەتەكانی (خوای گەورە) سێ پرسیاری ڕووبەڕوو دەكرێتەوە كە ئەنانەن :

❖ پرسیاری یەكەم : ئایا ئەو سیفەتە سیفەتێكی ڕاستەقینەیە وە بۆ چی ..؟!

❖ پرسیاری دووەم: ئایا دروستە چۆنیەتی بۆ باس بكرێت وە بۆ چی ..؟!

❖ پرسیاری سێ یەم : ئایا هاوشێوەی سیفەتی دروست كراوەكانە وە بۆچی ..؟!

✓ وەڵامی پرسیاری یەكەم : بەڵێ سیفەتێكی ڕاستەقینەیە لەبەر ئەوەی ﴿كلام﴾ یان ووتەی لە بناغەو بنچینەدا ڕاستەقینەیە بۆ یە لەواتا ڕاستیە كەی خۆی نابێت لابدرێت تەنها بە بەڵگەیەكی ڕاست و دروست نەبێت كە ڕێگری لێ بكات .

✓ وەڵامی پرسیاری دووەم : نەخێر . بە هیچ جۆرێك دروست نیە چۆنیەتی بۆ دانانی سیفەت و ئاوڵناوەكانی باس بكرێت ، هەروەكو (خوای گەورە) دەفەرموویێت : ﴿وَلَا يُحِيطُونَ بِهِۦ عِلۡمٗا ١١٠﴾ [طه : ١١٠] واتە : وە ئەوان هیچ زانیاریەكیان نیە دەربارەی خوای گەورە یان سیفاتەكانی ئیلا ئەوەی خوای گەورە خۆی پێی ڕاگەیاندبن. چونكە لەبەر ئەوەی عەقڵ و ژیری ناتوانێت پەی بە چۆنیەتی سیفەت و ئاوڵناوەكانی (خوای گەورە) بەرێت.

✓ وەڵامی پرسیاری سێ یەم : هاوشێوەی سیفەتی دورستكراوەكان نیە بە هیچ جۆرێك ، هەروەكو (خوای گەورە) دەفەرموویێت : ﴿لَيۡسَ كَمِثۡلِهِۦ شَيۡءٞۖ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡبَصِيرُ ١١﴾ [الشُّورَى : ١١] واتە : [ لَيْسَ كَمِثْلِهِ شَيْءٌ ] هیچ شت و كەسێك لە خوای گەورە ناچێت، چونكە خوای گەورە تاك و تەنهایەو دروستكارە [ وَهُوَ السَّمِيعُ الْبَصِيرُ (١١) ] وە خوای گەورە زۆر بیسەرە بەوتەو قسەتان، وە زۆر بینەرە بە كردەوەتان، وە هەموو شتێك دەبیستێت و دەبینێت... بەڵێ لەبەر ئەوەی (خوای گەورە) شیاو هەموو تەواویەتیەكە كە هیچ شتێك لە سەروی ئەوەوە نیە جا بۆیە ناگونجێت هاوشێوەی دروستكراو بێت چونكە دروستكراو ناتەواوە .

وە جیاوازی لە نێوان ﴿ هاوشێوە و چۆنیەتیدا ) ئەوەیە كە :

وە ﴿ التمثیل – هاوشێوە ﴾ : باسكردن چۆنیەتی سیفەتێك كە بەستراوە بە هاوشێوەیەكی وەك خۆی .

وە ﴿ التكیف﴾ – چۆنیەتی ﴾ : باسكردن چۆنیەتی سیفەتێكی سنوردار نەكراوە بە هاوشێوەیەكی وەك خۆی.

نموونەی ﴿ التمثیل – هاوشێوە ﴾ وەك ئەوەی كەسێك بلێ دەستی (خوای گەورە) وەكو دەستی مرۆڤ وایە.

نموونەی ﴿ التكیف﴾ – چۆنیەتی ﴾ ئەوەیە كە خەیاڵ و بیركردنەوە بكات بۆ دەستی (خوای گەورە) و چۆنیەتیەكی بۆ دابنێت كە هاوشێوەی نەبێت لە دەستەكانی دروستكراوەكاندا جا ئەو جۆرە خەیاڵ و بیركردنەوەیە بە هیچ جۆرێك درەست نیە .

بنەماى چوارەم : وەڵامدانەوەى ﴿ المعطلة﴾ ى پێى دەدەینەوە :

﴿ المعطلة﴾ بریتیە لەوانەى كە ملنادەن بۆ بە شێك لە ناوەكانى (خواى گەورە) وەیان سیفەت و ئاوەڵناوەكانى ، وە دەقەكان لە ڕووكەشى خۆى لادەدەن و دەیگۆڕن ، وە پێشیان دە ووترێت : ﴿المؤولة — واتە : ئەوانەى ڕاستەیەكان دەگۆڕن و دەیشێوێنن ﴾ وە ئەو بنەمایە گشتییە كە وەڵامى ئەوانى پێ دەدەینەوە ئەوەیە كە دەڵێن ووتە كەیان : پێچەوانەى ڕووكەشى دەقەكان و پێچەوانەى ڕێگە و ڕێبازى پێشینە و هیچ بەڵگەیەكى ڕاست و دروستى لەسەر نیە ، وە لەوانەش لە هەندێ سیفەت و ئاوەڵناودا لایەنى چوارەم یان زیاتریش هەبێت ، ﴿ مەبەستى شێخ ڕەحمەتى (خواى گەورە)ى لێ بێت ئەوەیە چونكە ئەوان لە خۆیانەوە قسەدەكەن و بەڵگەیان بەدەستەوە نیە هەر لە خۆیانەوە ناو و ئاوڵناوەكانى (خواى گەورە) دەگۆڕن و ڕاڤە بۆدەكەن بۆیە دەكەونە هەڵەى گەورەوە و چەندین لایەنى بۆ دادەنێن تەنها لەبەر ئەوەى لەگەڵ هەواو ئارەزووە پوچەكانیاندا بى گونجێنن ..؟!

## بانگەوازی کردن بۆ ﴿ لا إله إلا الله ﴾

بەڵێ هەموو بەندەیەکەی موسڵمان نابێت یەکتاپەرستی تەنها بۆ خۆی بزانێت ، بە ڵکو لە سەری واجب و پێویستە بانگەوازی پێ بکات بۆ لای (خوای گەورە) بە حیکمەت و ئامۆژگاری چاك ، هەر وەکو چۆن ئەو ڕێگایەتی پێغەمبەران گرتوویانە کە یەکتاپەرستی خوا ، هەروەها کە لەو کاتەی قەومەکەی ﴿ نوح ﴾ — علیه السلام — دەستیان کرد بە بت پەرستی ، ئتیر (خوای گەورە) پێغەمبەرانی ڕەوانەکرد بۆ میللەت و گەڵەکان ، تا دووریان بخنەوەو ئاگاداریان بکەنەوە لەم کارە خراپ و ناپەسەندە ، ئەویش شیرك و بەد پەرستی بوو ، هەر لە ﴿نوح﴾ — علیه السلام — وە هەتاکو پێغەمبەرانی دوای ﴿نوح﴾یش وەکو ﴿هود﴾ و ﴿صالح﴾ و ﴿ابراهیم﴾ و ﴿لوت﴾ و ﴿ اسماعیل﴾ و ﴿إسحاق﴾ و ﴿موسی﴾ و (عیسی﴾-علیهم السلام - ، هەتا کو دواین پێغەمبەری ئاخر زەمان ﴿محمد﴾ ﷺ .

بەڵێ هەر هەموویشیان بۆ یەك مەبەست ڕەوانە کراون و داوای یەك شتیان لە گەڵە کانیان کردووە ، ئەویش بە رز ڕاگرتنی کلمەی ﴿ لا إله إلا الله ﴾ وەیان بە تەنها یەکتاپەرستی (خوای گەورە) بەبێ هاوەڵ بڕیاردان بۆی لە هیچ شتێك و لە هیچ کەسێك کە هەموو ئەم مەبەستەیانەیان کۆکردبۆیەوەو کورتیان کردبۆیەوە بۆ کلمەی ﴿ لا إله إلا الله ﴾ هەموو هەولێکیان بۆ جێ بەجێ کردن و بانگەوازی توحیدی ﴿ لا إله إلا الله ﴾ بوو ، چونکە کلیلی دەرگای بەهەشتە ، جا بەم شێوەیە کە ماناو مەبەستی کلمەی ﴿ لا إله إلا الله ﴾ واتە: هیچ خودایەك بە حەق نیە لەزەوی و ئاسمان جگە لە (الله) ، کەس و هیچ شتێك مافی خوایەتی نیە تەنها خاوەنی هەموو گەردوون و دروستکاری هەموو گەردوون و بەڕێوەبەری هەموو گەردوون کە ﴿ الله سبحانه وتعالی ﴾ یە ، وە بێ گومان جا هیچ کەسێك و هیچ شتێك حەقی ئەوەی نیە هەر شتێك ناوی پەرستن بێت بۆی ئەنجام بدرێت تەنها ﴿ الله سبحانه وتعالی ﴾ نەبێ کەشایستەی هەموو پەرستنێکە ..؟!

بەڵێ ڕێگای پێغەمبەران و شوێنکەوتوانێتی ، بۆ بانگەوازی یەکتاپەرستی بە حیکمەت و ئامۆژگاری چاك ...

(خواى گەورە) دەفەرموویت : ﴿قُلْ هَٰذِهِۦ سَبِيلِىٓ أَدْعُوٓاْ إِلَى ٱللَّهِ ۚ عَلَىٰ بَصِيرَةٍ أَنَا۠ وَمَنِ ٱتَّبَعَنِى ۖ وَسُبْحَٰنَ ٱللَّهِ وَمَآ أَنَا۠ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ﴿١٠٨﴾﴾ [يُوسُف : ١٠٨] واتە : [ قُلْ هَذِهِ سَبِيلِي ] ئەی محمد - صلى الله عليه وسلم - بڵێ: ئەمە ڕێگاو ڕێبازی منە [ أَدْعُو إِلَى اللَّهِ عَلَى بَصِيرَةٍ ] بانگەواز ئەکەم بۆ لای خوای گەورەو بەتاك پەرستنی لەسەر چاوڕۆشنی و زانیاری و یەقین [ أَنَا وَمَنِ اتَّبَعَنِي ] ئەمە ڕێگای من و هەر کەسێکیشە کە شوێن من بکەوێ [ وَسُبْحَانَ اللَّهِ وَمَا أَنَا مِنَ الْمُشْرِكِينَ (١٠٨) ] وە پاك و مونەززەهی بۆ خوای گەورە من لەو کەسانە نیم کە شەریك بۆ خوای گەورە بڕیار بدەم...

ئەم ئایەتە چەند مەسەلەیەکی تێدایە :

- ❖ ئاگادار کردنەوە لەسەر دڵسۆزی ، چونکە زۆربەی خەڵکی ئەگەر چی بانگەواز بکات بۆ لای حەق ، بەڵام ئەو بانگ دەکات بۆ لای نەفسی خۆی .
- ❖ بەرچاوڕوونی لە فەرزەکان .
- ❖ بێ گومان لە نیشانەکانی چاکی یەکتاپەرستی ، بریتیە لە بە پاك ڕاگرتنی خوا لە سەرزەنشت و ناو ناتۆرەی ناشرین .
- ❖ بێ گومان لە ناشرینی هاوبەشدانان ، دانە پاڵی ناوو ناتۆرەی ناشرینە بۆ خوا .
- ❖ دوورخستنەوەی موسڵمان لە هاوبەشدانەران ، نابێتە کەسێ لە ئەوان ، ئەگەر چی هاوبەشیش دانەنات.

هەروەها (خوای گەورە) دەفەرموویت : ﴿ٱدْعُ إِلَىٰ سَبِيلِ رَبِّكَ بِٱلْحِكْمَةِ وَٱلْمَوْعِظَةِ ٱلْحَسَنَةِ ۖ وَجَٰدِلْهُم بِٱلَّتِى هِىَ أَحْسَنُ ۚ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعْلَمُ بِمَن ضَلَّ عَن سَبِيلِهِۦ ۖ وَهُوَ أَعْلَمُ بِٱلْمُهْتَدِينَ ﴿١٢٥﴾﴾ [النَّحل : ١٢٥] واتە : {بانگەواز کردن بۆ دینی خوا} [ ادْعُ إِلَى سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ ] تۆ بانگەوازی خەڵکی بکە بۆ ڕێگای ڕاستی خوای گەورە بە حیکمەتەوە، واتە: بە دانایی و کاربەجێیی، یاخود بە سوننەت بانگەوازیان بکە [ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ ] وە بە ئامۆژگاری جوان [ وَجَادِلْهُمْ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ ] وە ئەگەر کەسێك گومانی هەبوو مشومڕو گفتوگۆی لەگەڵ بکە بە جوانترین شێواز تا تێی بگەیەنیت و وەڵامی گومانەکانی بدەیتەوە [ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعْلَمُ بِمَنْ ضَلَّ عَنْ سَبِيلِهِ ] بە دڵنیایی پەروەردگاری تۆ زاناترە بە کەسێك کە گومڕا بووەو لە ڕێگای ڕاست لایداوە [ وَهُوَ أَعْلَمُ بِالْمُهْتَدِينَ (١٢٥) ] وە هەر خوای گەورە زاناترە بەو کەسانەی کە هیدایەتدراون و لەسەر ڕێگای ڕاستن...

لە (عبداللە کوری عمرو ) – خوا لێ رازی بێت – دەگێڕێتەوە دەڵێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :

(( بَلِّغوا عَنِّي ولو آيةً، وحَدِّثوا عن بَني إسرائيلَ ولا حَرَجَ، ومَن كَذَبَ عليَّ مُتَعَمِّدًا فليَتَبَوَّأْ مقعَدَه مِنَ النَّارِ)). **صحيح البخاري برقم (٣٤٦١).** واتە: ئەوەی لە منی وەردەگرن بانگەوازی بۆ بکەن یان ڕابگەیەنن با یەك ئایەتی قورئانیش بێت ، وە لە نەوەی ئیسرائیل شت و بەسەرهات و قسە بگێڕنەوە زیانی نیە ، هەر کەسێکیش بە ناوی منەوە دۆربکات ، بە ئەنقەست ئەوا با جێگای خۆی لە دۆزەخدا ئامادە بکات ..!!

له (عبدالله كورى عباس ) – خوا لىٚ رازى بيّت – دەگيّريّتەوە دەليّت :

**(( قال رَسولُ اللّهِ صلَّى اللّهُ عليه وسلَّم لمُعاذِ بنِ جَبَلٍ حينَ بَعَثَه إلى اليَمَنِ: إنَّكَ سَتَأتي قَومًا مِن أهلِ الكِتابِ، فإذا جِئتَهم فادعُهم إلى أن يَشهَدوا أن لا إلَهَ إلَّا اللّهُ، وأنَّ مُحَمَّدًا رَسولُ اللّهِ، فإن هُم طاعوا لكَ بذلك فأخبِرْهُم أنَّ اللّهَ قد فرَضَ عليهم خَمسَ صَلَواتٍ في كُلِّ يَومٍ ولَيلةٍ، فإن هُم طاعوا لكَ بذلك فأخبِرْهُم أنَّ اللّهَ قد فرَضَ عليهم صَدَقةً، تُؤخَذُ مِن أغنيائِهم فتُرَدُّ على فُقَرائِهم، فإن هُم طاعوا لكَ بذلك فإيَّاكَ وكَرائِمَ أموالِهم، واتَّقِ دَعوةَ المَظلومِ؛ فإنَّه ليس بينَه وبينَ اللّهِ حِجابٌ ))**. **صحيح البخارى برقم (٤٣٤٧)**. واته : پيّغەمبەرى خوا ﷺ كاتى موعازى كورى جەبەلى نارد بۆ يەمەن پيّى فەرمووى : ( بىّ گومان تۆ دەڕۆيت بۆ ناو گەلّيّك كە نامەدارن يان ئەهلى كتابن ، جا ڕۆشتيت بۆ ناويان بانگيان بكە بۆ ( لا إله إلا الله ) وەيان شايەتى بدەن كە هيچ پەرستراويّكى ڕاست نيە جگە لە خوا ، وە شايەتى بدەت كە بىّ گومان محمد پيّغەمبەرى خوايە ، ئەوسا ئەگەر ئەوان ئەوەيان بە گوى كردى ، ئەنجا هەواڵيان بدەرىّ كە بەراستى خوا لە هەموو شەو و ڕۆژيّكدا پيّنج نويّژى لەسەر فەرز كردوون ، ئەو سا ئەگەر ئەوشيان بەگوىّ كردى ئەنجا پيّيان بلّىّ بىّ گومان بە دلّنياييەوە خوا زەكاتى لە سەريان فەرز كردووە لە دەولّەمەندكانيان وەردەگيرىّ و دەدريّتەوە بە هەژارەكانيان ، جا ئەگەر ئەوەشيان بە گوىّ كردى ، جا ئاگاداربە خۆت بپاريّزە لە وەرگرتنى ماڵە چاكەكانيان و وەخۆت لە دوعا ونزا ستەم ليّكراو بپاريّزە چونكە دلّنيايە لە نيّوان ئەو كەسە و خودا پەردە نيە ..؟!

هەربۆيە ووتنى ﴿ لا إله إلا الله ﴾ پيّويستى بەم حەوت خالّە هەيە :

- ❖ زانستيّك نەفامى ڕەت بكاتەوە.
- ❖ يەقين و دلّنياييەك گومان ڕەت بكاتەوە.
- ❖ ڕازى بوونىّ بەر پەرچدانەوە ڕەت بكاتەوە .
- ❖ ملكەچ بوونىّ وازهيّنان ڕەت بكاتەوە .
- ❖ دلّسۆزيەك هاوبەش دانان ڕەت بكاتەوە .
- ❖ ڕاستيەك درۆ ڕەت بكاتەوە .
- ❖ خۆشەويستيەك پيّچەوانەكەى ڕەت بكاتەوە .

## پێگەی كلمەی ﴿ لا إله الا الله ﴾

ئەم ووتەیە یان ئەم كلمەیە موسڵمانان لە بانگ و قامەت و ووتار و گفتوگۆیانیاندا ڕادەگەیەنن ، ئەم ووتەی " زەوی و ئاسمانی پێ بەندە ، هۆكاری بوونی ئافراوە دی ژمارەی هەر چەندە ، هەر بۆ ئەمەش (خوای گەورە) " پێغەمبەرانی ناردووە و ، كتێبی دابەزاندووە و ، شەریعەتی بۆ ناردوونە ، تەرازووش " هەر بەم مەبەستە هەڵنراون ، كارنامەش وا دانراوە ، بازاری بەهەشت و دۆزەخ " هەر لەبەر ئەو ڕێكخراون ، دروستكراوەكانیش هەر بۆ ئەم چەشنە بوون بە دوو دەستە : ئیمانداری گەنجینە زێر " وە كافری بێهۆشی نەفام " ئەم ووتەیە : ﴿ لا إله الا الله ﴾ بنچینە و بناوانی ئافراندن و گشت كارێكە و پێوەری پاداشت و سزای گشت سەردار و هەژارێكە ، ئەو مافەیە یان ئەو حەقەیە " دروستكراوانی لە پێناودا بەدیهێناوە یان ئافرێنراوە " پرسیار و لێ پرسینەوەش لە سەر مافەكانی دانراوە ، وەكو پاداشت و سزای بەندەكان " بەم پێڕەوە ڕێكخراوە ، قیبلە یان ڕووگە بۆ ئەم هەڵنراوە و ، ئایین لەسەر ئەم دامەزراوە ، شمشێری جیهادیش تەنها بۆ مافی ئەم ڕاكێشراوە ، مافەكانی خودا لە سەر سەرجەمە ، ئەم ووتەیە چوونە ناو ئیسلامە لە ناو ئیسلامیش دەبێتە كلیلی كردنەوەی هەموو دەرگاكانی هەبەشت ، بە دڵنیایەوە كلیلی مالی بەهەشتە ، كە بەهەشتی پاك لە خەمە ، سەرەتاو كۆتایی خەڵكی " بەرپرسن لە ماف و چەمكی ، هیچ بەندەیەك تێنا پەڕێ تا دوو پرسیاری لێ دەكرێ : چیتان دەپەرست ..؟! وەڵامی پێغەمبەرانتان بە چی دایەوە ..؟! جا وەڵامی یەكەمیان: بریتیە لە بەجێ گەیاندنی داخوازیەكانی ﴿ لا إله الا الله ﴾ شارەزایی و بڕوای دڵ و كردووە ، دووەمیشیان : بە دیهێنانی داخوازییەكانی ﴿ محمد رسول الله ﴾ ﷺ لە شارەزایی لە ئایین پەیڕەوی كردن و ملكەچی فەرمانەكانی و سوننەت پێغەمبەری خوا ﷺ.

* بەلێ ئەم كلمەیە یان ووتەیە ، جیاكەرەوەی نێوان كوفرو ئیمانە یان جیاكەوەرەی نێوان كوفرو ئیسلامە ، ووتەی تەقوا و قوڵپی هەرە قایمە ، ئەو ووتەیە كە پێغەمبەر ﴿ ابراهیم ﴾ ی كردی بە هەروەكو (خوای گەورە) دەفەرموویت :

﴿وَجَعَلَهَا كَلِمَةًۢ بَاقِيَةً فِي عَقِبِهِۦ لَعَلَّهُمۡ يَرۡجِعُونَ ﴿٢٨﴾﴾ [الزُّخْرُف : ٢٨] واتە : [ وَجَعَلَهَا كَلِمَةً بَاقِيَةً فِي عَقِبِهِ ] وە ئەم (لا إله إلا اللّٰه) و وشەی تەوحیدو یەكخواپەرستیەی لەناو نەوەكانیدا هێشتەوەو بەردەوام ئەوان لەسەر تەوحیدی خوای گەورە بوونە [ لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ (٢٨) ] بەڵكو بگەڕێنەوە بۆ لای (لا إله إلا اللّٰه) و وشەی تەوحیدو یەكخواپەرستی و شوێنی بكەون...

*بەڵێ ئەم كلمەیە یان ووتەیە (خوای گەورە) هەر بەخۆی شاهێدی پێداوە و لە دروستكراوەكانیشی فریشتەكان و زانایانیش ئەم شاهێدییەیان پێداوە ، هەروەكو (خوای گەورە) دەفەرموویێت : ﴿شَهِدَ ٱللَّهُ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ وَٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ وَأُوْلُواْ ٱلۡعِلۡمِ قَآئِمَۢا بِٱلۡقِسۡطِۚ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ ١٨﴾ [آل عِمۡرَان : ١٨] واتە : [ شَهِدَ اللّهُ أَنَّهُ لا إِلَهَ إِلاّ هُوَ ] خوای گەورە خۆی شایەتی ئەدات كە هیچ پەرستراوێك بە حەق نیە شایەنی پەرستن بێ جگە لە زاتی پیرۆزی اللّٰه [ وَالْمَلاَئِكَةُ وَأُولُو الْعِلْمِ قَائِمًا بِالْقِسْطِ ] وە مەلائیكەت و زانایانیش ئەم شایەتییە ئەدەن كە شایەتیەكی دادپەروەرانەیە [ لا إِلَهَ إِلاّ هُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ (١٨) ] هیچ پەرستراوێك بەحەق نیە شایەنی پەرستن بێ ئیلا زاتی پیرۆزی اللّٰه نەبێ كە خوایەكی زۆر باڵادەست و كاربەجێیە، ئەمە گەورەترین شایەتییە كە لە دونیادا درابێت لەبەر گەورەیی شایەتەكان كە خوای گەورە و مەلائیكەتەكان و زانایانن كە پێغەمبەرانیش ئەگرێتەوە، وە لەبەر گەورەیی شایەتیدانەكە كە لەسەر تەوحیدو یەكخواپەرستی خوای گەورەیە، وە لەبەر ئەوەی كە خوای گەورە وەسفی شایەتیەكەشیانی كردووە كە شایەتییەكی دادپەروەرانەیە، (وە ئەم ئایەتە فەزڵی زانایانی تێدایە كە خوای گەورە بە شایەت دایانی ناوەو بە شایەتیەكەیشیان رازیەو وەسفی دەكات)...

*بەڵێ ئەم ووتەیە یان كلمەیە " ووتەی دڵسۆزی و نیاز پاكی و ﴿ئیخلاص﴾ە و شاهێدیی ڕاستی و بانگەوازی حەقە ، دوور كەوتنەوەیە لە شیرك ، هەر لە بەر ئەمەشە دروستكراوەكان دروستكراوە یان ئافرێنراوەكان ئافریچنراون ، هەروەكو (خوای گەورە) دەفەرموویێت : ﴿وَمَا خَلَقۡتُ ٱلۡجِنَّ وَٱلۡإِنسَ إِلَّا لِيَعۡبُدُونِ ٥٦﴾ [الذَّارِيَات : ٥٦] واتە :[حیكمەت لە دروستكردنی جن و مرۆڤ} [ وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالإِنْسَ إِلاّ لِيَعْبُدُونِ (٥٦) ] وە من جن و مرۆڤم دروست نەكردووە تەنها بۆ ئەوە نەبێ بە تاك و تەنها بمپەرستن وە ملكەچی فەرمانی من بن...

* بەڵێ پێغەمبەرانیش هەر بەم بۆنەیەوە نێردراون و ، كتێبەكانیش هەر لەبەر ئەمە دابەزێنراون ، هەروەكو (خوای گەورە) دەفەرموویێت : ﴿وَمَآ أَرۡسَلۡنَا مِن قَبۡلِكَ مِن رَّسُولٍ إِلَّا نُوحِيٓ إِلَيۡهِ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنَا۠ فَٱعۡبُدُونِ ٢٥﴾ [الأَنبِيَاء : ٢٥] واتە : [ وَمَا أَرْسَلْنَا مِنْ قَبْلِكَ مِنْ رَسُولٍ إِلاّ نُوحِي إِلَيْهِ ] وە لە پێش تۆیشدا ئەی محمد - صلى اللّٰه عليه وسلم - هیچ پێغەمبەرێكمان نەناردووە ئیلا وەحیمان بۆی ناردووە [ أَنَّهُ لا إِلَهَ إِلاّ أَنَا فَاعْبُدُونِ (٢٥) ] كە هیچ پەرستراوێك بە حەق نیە شایەنی پەرستن بێ جگە لە زاتی پیرۆزی اللّٰه كە تاك و تەنهاو بێ شەریكە بۆیە بەتاك و تەنها عیبادەتی من بكەن...

وەهەروەها (خوای گەورە) دەفەرموویێت : ﴿يُنَزِّلُ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةَ بِٱلرُّوحِ مِنۡ أَمۡرِهِۦ عَلَىٰ مَن يَشَآءُ مِنۡ عِبَادِهِۦٓ أَنۡ أَنذِرُوٓاْ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنَا۠ فَٱتَّقُونِ ٢﴾ [النَّحۡل : ٢] واتە : [ يُنَزِّلُ الْمَلاَئِكَةَ بِالرُّوحِ مِنْ أَمْرِهِ ] خوای گەورە فریشتەكان دائەبەزێنێ بە وەحی بە فەرمانی خوای گەورە، وەحیەكەی ناوناوە بە روح لەبەر ئەوەی مرۆڤ پێی ئەژێت چۆن بە روح ئەژێ [ عَلَى مَنْ يَشَاءُ مِنْ عِبَادِهِ ] بۆ هەر كەسێك لە بەندەكانی خۆی كە ویستی لێ بێت وەحی دائەبەزێنێ و ئەیكات بە پێغەمبەر [ أَنْ أَنْذِرُوا ] كە ئاگاداری خەڵكەكە بكەنەوە [ أَنَّهُ لا إِلَهَ إِلاّ أَنَا فَاتَّقُونِ (٢) ] كە هیچ پەرستراوێك بەحەق نیە شایەنی پەرستن بێت ئیلا زاتی پیرۆزی اللّٰه نەبێ، كەواتە ئێوە بەتاك و تەنها خوای گەورە بپەرستن وە خۆتان بپارێزن لەوەی كە شەریك بۆ خوا دانێن چونكە رووبەڕووی سزای خوای گەورە ئەبنەوە...

(ابن عويەنيە ) — ڕەحمەتی خوای لیٚ بیٚت — دەلیٚت : ( خودا هیچ نیعمەتیٚکی نەداوە بە بەندەکانی کە لە پیٚناساندنی

کلمەی ﴿ لا إله الا الله ﴾ گەورەتر بیٚت ، وە ﴿ لا إله الا الله ﴾ بۆ خەلٚکی بەهەشت وەك ئاوی سارد وایە ، وە بۆ خەلٚکی دونیا ئەوەی بلیٚت : مالٚ و خویٚنی پاریٚزراو دەبیٚت ، هەر کەسیش نکولٚیی بکات ئەوە مالٚ و خویٚنی بە فیڕۆدەدریٚ ). مجموعة التوحيد (١٠٥-١٦٧) ، كلمة الإخلاص لابن رجب (٥٢-٥٣).

( طارق بن أشيم الأشجعي ) — خوالیٚ رازی بیٚت — دەگیٚڕیٚتەوە دەلیٚت : پیٚغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی :

(( مَن قال: لا إلَهَ إلَّا اللَّهُ، وكَفَرَ بما يُعبَدُ مَن دونِ اللَّهِ، حَرُمَ مالُه ودَمُه، وحِسابُه على اللَّهِ )) . **صحيح المسلم برقم (٢٣).**

واتە: هەر کەسیٚك بلیٚت : ﴿ لا إله الا الله ﴾ وە بیٚ باوەڕ بیٚت بە هەر چییەك جگە لە خودا دەپەرستریٚت " ئەوا مالٚ و خویٚنی حەرام دەبیٚت و ئیتر حیسابی دیکەی لای خودایە ..!!

هەروەها ئەم ووتەیە یان ئەم کلمەیە یەکەم شتە کە لە کافران داوا دەکریٚت واتە : جیاکەرەوەی نیٚوانی کوفرو ئیمانە ،کاتیٚك کە بانگ لە کافر دەکریٚت بۆ ئیسلام بوون دەبیٚت بەم ووتەیە بانگیان بکەین ، هەروەکو ئەم فەرموودەیەی کە (موعازی کوری جەبەل ) کە پیٚغەمبەری خوا ﷺ ناردی بۆ ولاتی یەمەن " بۆ ئەوەی بانگەوازی بکات بۆ ئیسلام ، ئەوە بوو پیٚغەمبەری خوا ﷺ پیٚی فەرموو : تۆ دەچیتە لای خەلٚکانیٚك کە ئەهلی کتابن ، با یەکەم شتیٚك کە بانگیان دەکەیت بۆی شایەتمان واتە کلمەی ﴿ لا إله الا الله ﴾ بیٚت " هەر وەکو ئەو فەرموودەیە کە لە پیٚشدا هاتووە …

لە (عبداللە کوری عباس ) — خوا لیٚ رازی بیٚت — دەگیٚڕیٚتەوە دەلیٚت :

(( قال رَسولُ اللَّهِ صلَّى اللهُ عليه وسلَّم لمُعاذِ بنِ جَبَلٍ حينَ بَعَثَه إلى اليَمَنِ: إنَّكَ سَتَأتي قَومًا مِن أهلِ الكِتابِ، فإذا جِئتَهم فادعُهم إلى أن يَشهَدوا أن لا إلَهَ إلَّا اللَّهُ، وأنَّ مُحَمَّدًا رَسولُ اللَّهِ، فإن هُم طاعوا لكَ بذلك فأخبِرْهُم أنَّ اللَّهَ قد فرَضَ عليهم خَمسَ صَلَواتٍ في كُلِّ يَومٍ ولَيلةٍ، فإن هُم طاعوا لكَ بذلك فأخبِرْهُم أنَّ اللَّهَ قد فرَضَ عليهم صَدَقةً، تُؤخَذُ مِن أغنيائِهم فتُرَدُّ على فُقَرائِهم، فإن هُم طاعوا لكَ بذلك فإيَّاكَ وكَرائِمَ أموالِهم، واتَّقِ دَعوةَ المَظلومِ؛ فإنَّه ليس بينَه وبينَ اللَّهِ حِجابٌ )). **صحيح البخارى برقم (٤٣٤٧).** واتە : پیٚغەمبەری خوا ﷺ کاتی موعازی کوری جەبەلی نارد بۆ یەمەن پیٚی فەرمووی : ( بیٚ گومان تۆ دەڕۆیت بۆ ناو گەلیٚك کە نامەدارن یان ئەهلی کتابن ، جا ڕۆشتیت بۆ ناویان بانگیان بکە بۆ ( لا إله إلا الله ) وەیان شایەتی بدەن کە هیچ پەرستراویٚکی ڕاست نیە جگە لە خوا ، وە شایەتی بدەت کە بیٚ گومان محمد پیٚغەمبەری خوایە ، ئەوسا ئەگەر ئەوان ئەوەیان بە گوی کردی ، ئەنجا هەوالٚیان بدەریٚ کە بەراستی خوا لە هەموو شەو و ڕۆژیٚکدا پیٚنج نویٚژی لەسەر فەرز کردوون ، ئەو سا ئەگەر ئەوشیان بەگویٚ کردی ئەنجا پیٚیان بلٚیٚ بیٚ گومان بە دلٚنیاییەوە خوا زەکاتی لە سەریان فەرز کردووە لە دەولٚەمەندکانیان وەردەگیریٚ و دەدریٚتەوە بە هەژارەکانیان ، جا ئەگەر ئەوەشیان بە گویٚ کردی ، جا ئاگاداربە خۆت بپاریٚزە لە وەرگرتنی مالٚە چاکەکانیان و وەخۆت لە دوعا ونزا ستەم لیٚکراو بپاریٚزە چونکە دلٚنیایە لە نیٚوان ئەو کەسە و خودا پەردە نیە ..؟!

## فەزڵی کلمەی ﴿ لا إله الا الله ﴾

ئەم کلمەیە یان ووتەیە فەزڵێکی مەزن و جێگەیەی تایبەتی هەیە لە لای (خوای گەورە) هەر کەسێك بەڕاستی بڵێت " ئەوا بە دڵنیایەوە خودا دەیخاتە بەهەشتەوە ، هەر کەسێکیش نەکوولی لێ بکات و بە ڕاستی نەزانێ یان بە درۆزنی بیلێت " ئەوا خوێن و ماڵی پارێزاو نابێت و حیسابی دیکەی دەکەوێتە لای (خوای گەورە)، هەڵبەتە ئەم کلمەیە یان ئەم ووتەیە لەگەڵ ئەوەی کە پیتەکانی کورت و کەمن لە سەر زمانیش زۆر ئاسانە " بەلاَم لە ترازوو یان میزاندا گەلێك قورس و سەنگینە " هەر وەکو لە فەرموودەیە داهاتووە ..!!

لە (ئەبو سعید خدری ) – خوا لێ رازی بێت – دەگێڕێتەوە دەلێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :

**(( قال موسى : يا ربِّ ؛ علِّمْنِي شيئًا أذكُرَك بِهِ وأدعوكَ بِهِ ؟ قال : قل يا موسى : لا إلهَ إلا اللهُ، قال : يا ربِّ ؛ كلُّ عبادِك يقول هذا، قال : قل : لا إلهَ إلا اللهُ، قال : إنما أريدُ شيئًا تخصُّنِي به ؛ قال : يا موسى ؛ لو أنَّ السماواتِ السبعِ والأرضينَ السبعِ في كفَّةٍ؛ ولا إلهَ إلا اللهُ في كفَّةٍ مالت بهنَّ لا إلهَ إلا اللهُ )). اخرجه ابن حبان برقم (٦٢١٨).** واتە:" موسی – علیە السلام- گوتی : خودایە شتێکم فێر بکە کە زیکرو یادی تۆی پێ بکەم و پێیی بپارێمەوە لێت ..؟! (خوای گەورە) فەرمووی : ئەی موسی ! بڵێ : ﴿ لا إله الا الله ﴾ موسی گوتی : خودایە ! خۆ هەموو بەندەکانت ئەمە دەلێن ، (خوای گەورە) فەرمووی : تۆ بڵێ ﴿ لا إله الا الله ﴾ ، گوتی : خۆ هیچ خودایەکی ڕاستەقینە نییە جگە لە تۆ ، بەلاَم خودایە من دەمەوێت شتێك تایبەت بکەیت بە منەوە " (خوای گەورە) فەرمووی : ئەی موسی ئەگەر هەر حەوت ئاسمان و ئاوەدانکەرەوەکانیشیان بێجگە لە خۆم لە گەڵ حەوت چینەی زەوی بخەیتە تایەکی تەرازوو وە ﴿ لا إله الا الله ﴾ش بخەیتە تایەکەس دیکە " ئەوا ﴿ لا إله الا الله ﴾ گەلێك لەوانەی دیکە قورس و سەنگینترە " ..!!

تێبینی : ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ﴿ لا إله الا الله ﴾ باشترین زیکرو یادی (خوای گەورە) یە ...

لە (عمرو كورى شعيب ) لە باوك وباپيريەوە —خوا لێيان رازى بێت —دەلێت : پێغەمبەرى خوا ﷺ فەرمووى :

(( خيرُ الدعاءِ دعاءُ يومِ عرفةَ وخيرُ ما قلتُ أنا والنبيونَ من قبلي لا إله إلا اللهُ وحدهُ لا شريكَ لهُ له الملكُ وله الحمدُ وهو على كلِّ شيءِ قدير )). سنن الترمذي برقم (٣٥٨٥). واتە: باشترين و خێرترين پاڕانەوەى ڕۆژى عەرەفەيە ، خێرترين پاڕانەوەى من و پێغەمبەرانى پێش منيش بريتيە لە : ﴿ لا إله إلا اللهُ وحدهُ لا شريكَ لهُ له الملكُ وله الحمدُ وهو على كلِّ شيءِ قدير ﴾ واتە: " هيچ خوايەكى ڕاستەقينە نييە " جگە لە (الله) بە تەنها و هيچ هاوەڵێكى نييە ، موڵك هەر هى ئەوە و سوپاسيش هەر بۆ ئەوە ، وە بەسەر هەموو شتێكيشدا بە توانايە " .

لە (عبدالله كورى عمركورى العاص ) — خوا لىٚ رازى بێت — دەگێڕێتەوە دەلێت : پێغەمبەرى خوا ﷺ فەرموويەتى :

(( إنَّ اللهَ سيُخلِّصُ رجلًا من أُمَّتي على رءوسِ الخلائقِ يومَ القيامةِ، فينشُرُ عليه تسعةً وتسعين سِجِلًّا، كلُّ سِجِلٍّ مَدُّ البصرِ، ثم يقول له : أَتُنكِرُ شيئًا من هذا ؟ أظلَمَك كتَبَتي الحافظون ؟ فيقول : لا يا ربِّ ! فيقول : أفَلك عُذرٌ أو حسنةٌ ؟ فيَبهَتُ الرجلُ ويقول : لا يا ربِّ ! فيقولُ : بلى؛ إنَّ لك عندنا حسنةً، وإنه لا ظُلمَ عليك اليومَ، فيُخرجُ له بطاقةٌ فيها : أشهدُ أن لا إلهَ إلا اللهُ، وأنَّ محمدًا عبدُه ورسولُه، فيقول : احضُرْ وَزْنَك، فيقول : يا ربِّ ! ما هذه البطاقةُ مع هذه السِّجِلَّاتِ ؟ ! فيقول : إنك لا تُظلَمُ، فتُوضَعُ السِّجِلَّاتُ في كِفَّةٍ، والبطاقةُ في كِفَّةٍ، فطاشت السِّجِلَّاتُ ، وثَقُلَتِ البطاقةُ ، قال : فلا يَثقُلُ مع اسمِ اللهِ شيءٌ )) . سنن الترمذي برقم (٢٦٣٩). واتە: " (خواى گەورە) لە ڕۆژى قيامەتدا پياوێك لە ئومەتم هەڵدەبژێرێ بە بەرچاوى بەديهێنراوەوە كردەوەكانى دەخەنە ڕوو لە چەند تۆمارێكدا كە ژمارەيان دەگاتە نەوەدو نۆ تۆمار ، هەر سجلێك ئەوەندى چاو كاربكات و ببينىٚ دەبێت ، پێيى دەوترێت : ئينكارى يان نكوڵى هيچ شتىٚ لەمانە دەكەيت ..؟! فريشتەكانم ئەوانەى كە كردەوەكانى تۆيان تۆمار كردووە هيچ ستەمێكيان لىٚ كردوويت ..؟! هيچ بەهانەيەكت هەيە ..؟! دەڵێ : نەخێر . ئەى پەروەردگار ! (خواى گەورە) دەفەموويچت تۆ كردەوەيەكى شاكەت لاى ئێمەيە ، ئەمڕۆ هيچ ستەمێكت لىٚ ناكرێت ، بتاقە يان پسووڵەيەكى بچووكى دەدەنىٚ : " أشهدُ أن لا إلهَ إلا اللهُ، وأنَّ محمدًا عبدُه ورسولُه " تێدايە ، دەڵێ : ئەى پەروەردگار ئەم بتاقە يان ئەم پسووڵەيە بچووكە لەگەڵ ئەو سجلە گەورانەدا چيە ..؟! دەفەرمووێت : بىٚ گومات تۆ زوڵم ستەمت لىٚ ناكرىٚ ، تۆمارە گەورەكان دەخەنە تايەكى تەرازو يان ميزان كەو پسووڵە بچووكە كەش دەخەنە تايەكەى ترى ، سجلە گەورەكان سوكترە دەبن پسووڵە بچووكەكە پورستر دەبێت ، هيچ شتىٚ لە ناوى خوا قورستر نيە " ..؟!

## شیکردنەوەی ﴿ لا إله الا الله ﴾

شی کردنەوەی لە رووی زمانەوانیدا :

ووتراوە : ﴿ لا ﴾ لا ناهيه للجنس واتە: نرێکاری جنسە .

﴿ إله ﴾ ناوە نەرێکراوەکەیە و ڕۆنراوە لەسەر (سەر= فتح) گوزرەکەی لابراوە و بریتیە لە (حق) واتە : ﴿ لا إله حق = هیچ خودایەکی ڕاستەقینە نیە .

﴿ إلا الله ﴾ هەڵاواردنە لە گوزارە ( بۆردار = مرفوع )ە کە .

﴿ إله ﴾ یش واتە: پەرستراو ، ئەو خودایەی دڵەکان دەیپەرستن و نیازی دەکەن بە هیوای وەدەستهێنانی قازانجێك وەیان لادانی زیانێك .

کەواتە : کلمەی یان ووتەی ﴿ لا إله الا الله ﴾ ئەوە دەگەێنێت کە دەڵێن : کەس نییە لە خۆشەویستیدا بیپەرستین پەنای ببەینە لای دالّدەمان بدات و لە خۆیمان نزیك کاتەوەو ئاسودەیمان لای دەست کەوێت ، جگە لە ﴿ الله ﴾ ...

## پەیەکانی ﴿ لا إله الا الله ﴾

بەلیّ کلمەی یان ووتەی ﴿ لا إله الا الله ﴾ دوو بەش پێکهاتووە ، ویان لەسەر دوو پایە ڕاگیر کراوە :

- النفي : نەریّ کردن .
- الاثبات : جێگیر کردن یان ئەریّ کردن .

( النفي) نەریّ کردن ، واتە: نکوولّی کردنی خوایەتی تێکڕای ئافراوەکان ، جگە لە خودای ئافرێنەریان .

( الاثبات ) جێگیر کردن یان ئەریّ کردن ، واتە : چەسپاندنی خودایەتی بۆ ﴿ الله سبحانه وتعالى ﴾ ، کە تەنها ئەو خودای ڕاستەقینەیە ، وە هەر چی جگە لە ﴿ الله ﴾ کە هاوەڵ پەرستەکان کردوویانە بە خودای خۆیان ، هەر هەموویان درۆینە و پووچەڵن ، هەروەکو (خوای گەورە) دەفەرموویّت : ﴿ذَٰلِكَ بِأَنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلۡحَقُّ وَأَنَّ مَا يَدۡعُونَ مِن دُونِهِۦ هُوَ ٱلۡبَٰطِلُ وَأَنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلۡعَلِيُّ ٱلۡكَبِيرُ ۝٦٢﴾ [الحَج : ٦٢] واتە : [ ذَلِكَ بِأَنَّ اللَّهَ هُوَ الْحَقُّ ] وە بەم شێوازە خوای گەورە خواو پەرستراوی حەقە وە بەڵێنەکانی حەقە [ وَأَنَّ مَا يَدْعُونَ مِنْ دُونِهِ هُوَ الْبَاطِلُ ] وە ئەوانەی کە جگە لە خوای گەورە ئەیپەرستریّن ئەو پەرستراوانە هەموویان پووچەڵ و بەتاڵ و بێ بنەمان [ وَأَنَّ اللَّهَ هُوَ الْعَلِيُّ الْكَبِيرُ (٦٢) ] وە بە دڵنیایی خوای گەورە زۆر بەرزو بڵندە لە زاتی پیرۆزیدا وە لە کردەوەکانیدا، وە خوای گەورە زۆر گەورەیە...

ئیمامی (ابن القيم ) — ڕەحمەتی خوای لیّ بێت — دەڵێت : "دەلالەتی ووتەی ﴿ لا إله الا الله ﴾ لە سەر سەلماندنی خودایەتیی ﴿ الله ﴾ : گەورەترە لەوەی کە بڵێت : ﴿ الله إله = الله خودایە ﴾ چونکە ووتەی ﴿ الله إله = الله خودایە ﴾ " خودا بوونی جگە لە ﴿ الله ﴾ نەریّ ناکات ، بە پێچەوانەی ووتەی ﴿ لا إله الا الله ﴾ کە خودایەتی تایبەت دەکات بە ﴿ الله ﴾ و نەریێ خودایەتیی جگە لە ﴿ الله ﴾ دەکات ، هەر کەسێکیش ووشەی ﴿ إله ﴾ بە واتای " توانای داهێنەر " لێکبداتەوە " ئەوە هەڵەیەکی زۆر گەورەی کردووە " .

شێخ (سلیمان کوری عبدالله ) لە شەرحی کتاب توحید دا دەڵێت : " ئەگەر بگوترێت واتای خودا و خودایەتی ڕوون بووەتەوە " ئەی وەڵامی ئەو ووتەیە چییە کە دەڵێت : ﴿ إله ﴾ واتە: " توانای داهێنەر " یان دەستەواژەی لەم چەشنە.؟! دەڵێن : وەڵامی ئەمە لە دوو ڕووەوە دەبێت ، یەکێکیان : ئەم قسەیە داهێنراوە و هیچ زانایەك و هیچ پێشەوایەکی زمانەوانی شتی وای نە گوتووە ، وە ووتەی زانایان و پێشەوایانی زمانەوانی بەو چەشنە باسمان کرد ، ئیدی ئەم ووتەیە پووچەڵە ، دووەم : گریمان ئەم قسەیە ڕاستیش بێت ! ئەوە دەبێتە لێکدانەوەیەك لە بارەی پێداویستیی ﴿ إله = خودا ﴾

ه وه ، چونكه  ئاشكرایه كه پێویسته ﴿ إله = خودا ﴾ ئافرێنەر بێت و توانستی داهێنانیشی هەبێت ، ئەگەر وه ها نەبێت ئەوه خودای ڕاستەقینە نییە ! ئەگەرچی ناویش نرابێت خودا ، جا مەبەست لەم قسەیە ئەوە نییە كە هەر كەسێك بزانێت خودا توانستی داهێنانی هەیە " ئیتر ئەوە چووەتە ، ناو ئیسلام و مەبەستی ﴿ لا إله الا الله ﴾ ی بە جێ گەیاندووە ، هیچ كە سێكیش ئەم قسەیە ناكات ، چونكە ئەگەر وابێت " ئەوە دەشێت كافرەكانی عەرەب موسوڵمان بووبن ، جا ئەگەر بێت و هەندێك لە خەڵكانی سەردەمانی دوایی مەبەستیان ئاوها بووبێت " ئەوە هەڵەیە و بە بەڵگەی شەرع " .تيسير العزيز الحميد (٨٠).

كاتێك دەوترێت : ﴿ لا إله إلا الله ﴾ واتە: هیچ كەس و هیچ شتێك مافی خوایەتی نیە ، ئەمەش نەفی كردنە یان نەریٚ كردنە ، نەریٚ كردنی هەموو خوا پوچەڵ ناحەقەكان.

وە كاتێك دەوترێت : ﴿ إلا الله ﴾ واتە: تەنها ﴿ الله سبحانه وتعالى ﴾ شایستەی پەرستنە و مافی خوایەتی هەیە ئەمەش جێگیر كردن و سەلماندن و ئیسپات كردنی خوایەتی یە  بە تاك و تەنهایی بۆ پەروەردگاری هەموو جیهان .

ئا بەم شێوەیە كلمەی ﴿ لا إله الا الله ﴾ لە سەر ئەم دووپایەی جێگیر كراوە ، جا ئەگەر یەك پایە لەم دوو پایە جیٚ بەجیٚ نەكرێت ئەوا ﴿ لا إله الا الله ﴾ یەكە دانامەزرێت و خاوەنەكەشی نابیٚ بە یەكخوا پەرست ...

هەر وەكو (خوای گەورە) دەفەرموویٚت : ﴿فَمَن يَكۡفُرۡ بِٱلطَّٰغُوتِ وَيُؤۡمِنۢ بِٱللَّهِ فَقَدِ ٱسۡتَمۡسَكَ بِٱلۡعُرۡوَةِ ٱلۡوُثۡقَىٰ لَا ٱنفِصَامَ لَهَاۗ وَٱللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ۝٢٥٦﴾ [البَقَرَةِ : ٢٥٦] واتە : جا هەر كەسیٚ كوفر بە تاغوتەكان بكات وە ئیمان بەخوای گەورە بێنیٚ ئەوە دەستی گرتووە بە حەبل و پەتی هەرە بەهێزەوە كە ئیسلام و قورئان و لا إله إلا الله یە كە بەهیچ شێوازێك ئەو حەبل و پەتە پچڕانی بۆ نیە تا ئەتگەیەنیٚ بە بەهەشت [ وَاللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ (٢٥٦) ] وە خوای گەورە زۆر بیسەرو زانایە...

بیٚ گومان ئەم حەبلە یان ئەم پەتەش كلمەی ﴿ لا إله الا الله ﴾ یە كەواتە ئەوەی (خوای گەورە) ووتەی یان كلمەی ﴿ لا إله الا الله ﴾ وەربگریٚ و خاوەنەكەی لە ئەهلی ﴿ لا إله الا الله ﴾ قبوڵ بكات دەبیٚ كوفر بكات بە تاغووت وە ئیمان بهێنیٚ بە خوا ، وە تەفسیری ئایەتەكە ئەوە دەگەیەنیٚ ، وە ئەگەر كەسێك نەفی خوایەتی  ئەو كەسانە نەكات كە خۆیان دەهێننە ڕیز (خوای گەورە) و ئیمان بهێنێت بە خوا ، یان نەفی مافی خوایەتی خوا پوچەڵ و ناحەقەكان بكات بە دڵ و زارو كردووە ، بەڵام ئیمان بە تاك و تەنهایی خودا نەهێنێت ئەوا بە ملیار جار بڵێت : ﴿ لا إله الا الله ﴾ بیٚ گومان لێی وەرناگیریٚ ...

## مەرجەكانى ﴿ لا إله الا الله ﴾

مەرجى يەكەم : زانينى مانەكەى كە دژەكەى نەزانينە بە پێى ئەم ئايەتەى قورئانى پيرۆز :

(خواى گەورە) دەفەرموويێت : ﴿فَٱعۡلَمۡ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا ٱللَّهُ﴾ [مُحَمَّد : ١٩] واتە : ئەى محمد - صلى الله عليه وسلم - زانياريت هەبێ و بزانە بەوەى كە هيچ پەرستراوێك بە حەق نيە شايەنى پەرستن بێ جگە لە زاتى پيرۆزى (اللّه) نەبێ وە بەردەوام بە لەسەر ئەمە...

لە (عوسمانى كورى عەفان) – خوا لىٚ رازى بێت – دەگێرێتەوە دەلێت : پێغەمبەرى خوا ﷺ فەرمووى :

(( مَن ماتَ وهو يَعلَمُ أنَّه لا إلَهَ إلَّا اللهُ دَخَلَ الجَنَّةَ )). صحيح المسلم برقم (٢٦). واتە : هەر كەسىٚ بمرێت و دەيزانى كەوا هيچ خوايەك نى يە بەحەق جگە لە (اللە) ئەوا دەچێتە بەهەشتەوە .

لە ( أبو ذر الغفاري ) – خوا لىٚ رازى بێت – دە گێرێتەوە دەلێت :

(( أتَيتُ النَّبيَّ صلَّى اللهُ عليه وسلَّم وهو نائِمٌ عليه ثَوبٌ أبيَضُ، ثُمَّ أتَيتُه فإذا هو نائِمٌ، ثُمَّ أتَيتُه وقدِ استَيقَظَ، فجَلَستُ إليه، فقال: ما مِن عَبدٍ قال: لا إلَهَ إلَّا اللهُ، ثُمَّ ماتَ على ذلك، إلَّا دَخَلَ الجَنَّةَ، قُلتُ: وإن زَنى وإن سَرَقَ؟ قال: وإن زَنى وإن سَرَقَ، قُلتُ: وإن زَنى وإن سَرَقَ؟ قال: وإن زَنى وإن سَرَقَ ثَلاثًا، ثُمَّ قال في الرَّابِعةِ: على رَغمِ أنفِ أبي ذَرٍّ قال: فخَرَجَ أبو ذَرٍّ وهو يقولُ: وإن رَغِمَ أنفُ أبي ذَرٍّ )). صحيح البخاري برقم (٥٨٢٧)و مسلم برقم (٩٤). واتە: چوومە خزمەت پێغەمبەرى خوا ﷺ خەوتبوو ، سەرچەفێكى سپى بەسەرەوە بوو ، جارێكيتر هاتمەوە هەر خەوتبوو ، پاشان جارێكيتر هاتمەوە خزمەتى هەستابوو ، لە خزمەتيان دانيشتم ، پێغەمبەرى خوا ﷺ فەرمووى : " هەر بەندەيەك ﴿ لا إله إلا الله ﴾ ووتبىٚ و لەسەر ئەوە مردبێت، دەچێتە بەهەشتەوە ، منيش ووتم : ئەگەر داوێن پيسى و دزيشى كردبێت ..؟! فەرمووى : ئەگەر داوێن پسى و دزيشى كردبێت ، ووتم : ئەگەر داوێن پيسى و دزيشى كرد بێت ..؟! سىٚ جار فەرمووى : ( با ئەگەر داوێن پيسى و دزيشى كردبێت ) ئينجا لە چوارەم جاردا فەرمووى : " بالووتى ( ابو ذر) بدات لە خۆلْ " دەلْى : ( ابو ذر) هاتە دەرەوە لەبەر خۆيەوە هەر دەيووت : " بالووتى ( ابو ذر) بدات لە خۆلْ "

مەرجی دووەم : یەقین و دڵنیایی ، بەوەی ئەو کەسەی دەیڵێت لە دڵەوە یەقینی هەبێت بە مانای ئەم ووتەیە بە یەقین:

بەڵێ کەواتە ئیمان سوودی نابێت ئیللا بە زانستیێکی یەقینەوە نەبێت ، نەك زانستیێکی گوماناوی ،دەبێت بە یەقینەوە ئیمانی هەبێ بە ﴿لا إله إلا الله ﴾ وە یەقینی هەبێ لە ڕاست و دروستی مانای ﴿لا إله إلا الله ﴾

وە هەروەکو (خوای گەورە ) دەفەرموویێت : ﴿إِنَّمَا ٱلۡمُؤۡمِنُونَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ ثُمَّ لَمۡ يَرۡتَابُواْ وَجَٰهَدُواْ بِأَمۡوَٰلِهِمۡ وَأَنفُسِهِمۡ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِۚ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلصَّٰدِقُونَ ١٥﴾ [الحُجُرَات : ١٥] واتە : [ إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ آمَنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ ] تەنها ئیمانداری ڕاستەقینە ئەو کەسانەن کە ئیمانیان بە خواو پێغەمبەری خوا - صلى الله عليه وسلم - هێناوە [ ثُمَّ لَمْ يَرْتَابُوا وَجَاهَدُوا بِأَمْوَالِهِمْ وَأَنْفُسِهِمْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ ] پاشان هیچ گومانێك تێکەڵ بەو ئیمانەیان نەبووە وە جیهادیان کردووە لە پێناو خوای گەورە بە ماڵ و گیانیان [ أُولَئِكَ هُمُ الصَّادِقُونَ (١٥) ] ئا ئەو کەسانە ڕاستگۆن لە ئیمان هێنانیان، نەك ئەو دەشتنشینانەی کە بانگەشەی باوەڕ دەکەن...

بەڵێ جا بۆ ڕاستگۆیی ئیمانەکەیان بە خوا و پێغەمبەرەکەی ﷺ مەرجی داناوە کە ئەویش ﴿لَمۡ يَرۡتَابُواْ﴾ واتە: گومانیان نەبووە ...

لە (ابو هريره ) — خوا لێ رازی بێت — دەگێرێتەوە دەلێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی :

(( مَن لَقِيَ يَشهَدُ أن لا إلَهَ إلَّا اللهُ مُستَيقِنًا بها قَلبُه بَشِّرَه بالجَنَّةِ )). صحيح المسلم برقم(٣١). واتە: هەر کەسێ شایەتمانی بە ﴿ لا إله إلا الله ﴾ بهێنێت لە دڵیەوە یەقینی هەبێ لە ڕاستیەکەی ئەوا موژدەی بەهەشتی پێ بدەن .

لە(عمری کوری خەتاب ) — خوا لێ رازی بێت — دەگێرێتەوە دەلێت :

(( أُذِّنَ في الناسِ أنَّه من شهِدَ أن لا إلَهَ إلَّا اللهُ وحدَه لا شريكَ له مخلِصًا دخل الجنةَ )). صحيح الجامع برقم(٨٥١).

واتە: بۆ خەڵکی ڕاگەیاندرا کە هە کەسێك شاهێدی ئەوە بدات کە هیچ خودایەك نیە جگە لە (الله ) شایەنی پەرستن بێ ، وە خودا تاك و تەنهایە وە هیچ شریك و هاوەلی نیە ، ئەگەر بە دڵسۆزی نیاز پاکی یەوە بلێ دەچێتە بەهەشتەوە.

مەرجی سێیەم : دەربڕینی بە زمان :

پاش زانی ماناکەی ،دەبێ بە زمان بیلێت و دانی پیادابنێت ، چونکە ﴿ لا إله إلا الله ﴾ لە کەس و رناگیرێ هەتا بە زمان شاهێدی نەدا ئەم ووتەیە دەرنەبڕێ بیلێت : ﴿ لا إله إلا الله محمد رسول ﴾ ، بەڵگەش ئەم فەرموودەیە باس دەکات.

لە (عبداللە کوری عمر ) — خوا لێ رازی بێت — دەلێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :

(( مِرتُ أن أُقاتِلَ النَّاسَ حتَّى يَشهَدوا أن لا إلَهَ إلَّا اللهُ، وأنَّ مُحَمَّدًا رَسولُ اللهِ، ويُقيموا الصَّلاةَ، ويُؤتوا الزَّكاةَ، فإذا فعَلوا ذلك عَصَموا مِنِّي دِماءَهم وأموالَهم إلَّا بحَقِّ الإسلامِ، وحِسابُهم على اللهِ )). صحيح البخاري برقم (٢٥).

واتە: فەرمانم پێ کراوە بەوەی کە لەگەڵ خەڵکیدا بجەنگم هەتا شایەتومان دێنن ، ﴿ يَشهَدوا أن لا إلَهَ إلَّا اللهُ، وأنَّ مُحَمَّدًا رَسولُ اللهِ ﴾ واتە: هیچ پەرستراوێکی بە حەق نییە جگە لە خوا ، وە محمدیش ﷺ پێغەمبەری خوایە و نوێژ دەکەن و زەکات دەدەن ، جا ئەگەر ئەمەیان کرد خوێن و ماڵ و سامانیان لە من دەپارێزن ، مە گەر بە حەقێك ئیسلام بڕیاری دابێ وەك ئەوەی کەسێکی کوشتبێ ، یان ماڵی کەسێکی لابێت ، لێ پرسینەوەیان لە لای خوایە ، لەوەی لە دڵ و دەروونیاندایە و شار دوویانەتەوە ..!! هەروەها (ابن تیمە ) — ڕەحمەتی خوای لێ بێت — دەلێت : " شایەتومان ئەگەر هەر کەسێ بە زمان دەری نە بڕی ، لە گەڵ ئەوەی هیچ ڕێگرێگیشی لە بەردەم نەبوو ، وەکو : لاڵی ، ئەوا کافرە لە لای موسڵمانان بە بێ جیاوازی ، هەروەها کافرە لە دونیاو قیامەت ، لە لای سەلەف و ئیمامی مە زهە بە کان و زانایان .. لە (عبادە کوری صامت ) — خوا لێ رازی بێت — دەگێڕێتەوە دەلێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی :

(( مَن شَهِدَ أن لا إلَهَ إلَّا اللهُ وحدَه لا شَريكَ له، وأنَّ مُحَمَّدًا عَبدُه ورَسولُه، وأنَّ عيسى عبدُ اللهِ ورَسولُه، وكَلِمَتُه ألقاها إلى مَريَمَ وروحٌ منه، والجَنَّةُ حَقٌّ، والنَّارُ حَقٌّ؛ أدخَلَه اللهُ الجَنَّةَ على ما كان مِنَ العَمَلِ. [وفي رِوايةٍ زادَ]: مِن أبوابِ الجَنَّةِ الثَّمانيةِ، أيَّها شاءَ)). صحيح البخاري برقم (٣٤٣٥). واتە : هەر کەس شایەتی بدات کە هیچ پەرستراوێك ڕانییە جگە لە (خودای تاك و تەنیا و هیچ هاوبەشێکی نییە ، وە شایەتی بدات بە ڕاستی محمد بەندە و پێغەمبەری خوایە ، وە بێ گومان( عیسی) — علیه السلام - بەندە و پێغەمبەری خوایە ، وتەی خۆیەتی (بە جبریل دا ) ناردوویەتی بۆ مەریەم ، وە (عیسی ) — علیه السلام — گیانێك یان ڕۆحێکە لە لایەن خواوە بەخشراوە ، وە شایەتی بدات کە بێ گومان بەهەشت حەقە و ڕاستە وە ئاگری دۆزەخ حەق و ڕاستە ، ئەوا خوا دەیخاتە بەهەشتەوە ئیتر کردەوەی هەرچی بێت ، لە ڕیوایەتێکی تر هاتووە دەرگاکانی بەهەشت هەشتە هەریەکێکیان بی یەوێت دەچێتە ژوورەوە ..!!

مەرجى چوارەم : كفر كردن بە (طاغوت )

بەلێ خۆبەرى كردن لە كافرەكان و تاغووتەكان بەكافر زانينيان و بەڕاست نەزانينيان و دژايەتى كردنيان و پەيداكردنى ڕق و قينە بەرامبەريان ، هەموو ئەمانەش بە دڵ و زمان و كردار ئەنجام بدرێت ،هەروەكو(خواى گەورە)دەفەرموويێت :

﴿فَمَن يَكۡفُرۡ بِٱلطَّٰغُوتِ وَيُؤۡمِنۢ بِٱللَّهِ فَقَدِ ٱسۡتَمۡسَكَ بِٱلۡعُرۡوَةِ ٱلۡوُثۡقَىٰ لَا ٱنفِصَامَ لَهَاۗ وَٱللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ٢٥٦﴾ [البَقَرَة : ٢٥٦]

واته : جا هەر كەسێ كوفر بە تاغوتەكان بكات وە ئيمان بەخواى گەورە بێنێ ئەوە دەستى گرتووە بە حەبل و پەتى هەرە بەهێزەوە كە ئيسلام و قورئان و لا إله إلا الله يە كە بەهيچ شێوازێك ئەو حەبل و پەتە پچڕانى بۆ نيە تا ئەتگەيەنێ بە بەهەشت [ وَاللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ (٢٥٦) ] وە خواى گەورە زۆر بيسەرو زانايە...

بەلێ دەقى ئايەتەكە ئەوە دەگەيەنێ ، ئەگەر يەكێ ئيمانى بە خوا هێنا خۆى بەرى نەكرد تاغووتان ، ئەوا ئيماندار نيە و شايەتمانى ﴿ لا إله إلا الله محمد رسول الله ﴾ ى نەهێناوە جا ئەم لەم فەرموودەيەى پێغەمبەرى خوا ﷺ دەردەكەوێ،

(( مَن قال: لا إلَهَ إلّا اللّٰهُ، وكَفَرَ بما يُعبَدُ مَن دونِ اللّٰهِ، حَرُمَ مالُه ودَمُه، وحِسابُه على اللّٰهِ. وفي روايةٍ: مَن وحَّدَ اللّٰهَ...)) **صحيح المسلم برقم (٢٣)**. واته: هەر كەسێ بڵێت : ﴿ لا إله إلا الله ﴾ وە كوفر بكات بەوەى لە غەيرى خودا دەپەرسترێ ، ئەوا ماڵ و خوێنى پارێزراوە ، وە (خواى گەورە) حيسابى لەگەڵ دەكات لە ڕۆژى دوايى ، لە ڕيوايەتيكى تريش هاتووە ، هەر كەسێ ﴿الله﴾ بەتاك دابنێ ...

شێخ(محمدى كورى عبدالوهاب) – ڕەحمەتى خواى لێ بێت – دەبارى ئەم فەرموودەيە دەڵێت : " كەواتە ئەگەر يەكێك ئيمان بە خوا بهێنێت بەڵام كوفر نەكات بە تاغووت ، ئەوا ماڵ و سامان و خوێنى ناپارێزرێت و حەڵاڵە " مجموعە التوحيد (٢٥١).

مەرجی پێنجەم : ( الصدق و الاخلاص ) ڕاستگۆی و نیازپاکی :

کەواتە ئەم﴿ لا إله إلا الله ﴾ یە  بە ڕاستگۆی و ئیخلاص و دەری ببڕی و مەبەستت پێی ڕەزامەندی خودا بێت .

لە ( ئەنسی کوری مالك ) – خوا لیّ رازی بێت – دەگێڕێتەوە دەلێت :

(( أنَّ النَّبيَّ صلَّى اللهُ عليه وسلَّم، ومُعاذٌ رَديفُه على الرَّحلِ، قال: يا مُعاذَ بنَ جَبَلٍ، قال: لَبَّيكَ يا رَسولَ اللهِ، وسَعدَيكَ، قال: يا مُعاذُ، قال: لَبَّيكَ يا رَسولَ اللهِ، وسَعدَيكَ ثَلاثًا، قال: ما مِن أحَدٍ يَشهَدُ أن لا إلَهَ إلَّا اللهُ وأنَّ مُحَمَّدًا رَسولُ اللهِ، صِدقًا مِن قَلبِه، إلَّا حَرَّمَه اللهُ على النَّارِ، قال: يا رَسولَ اللهِ، أفلا أُخبِرُ به النَّاسَ فيَستَبشِروا؟ قال: إذًا يَتَّكِلوا، وأخبَرَ بها مُعاذٌ عِندَ مَوتِه تَأثُّمًا )). صحيح البخارى برقم (١٢٨). واتە : پێغەمبەری خوا ﷺ و موعازیش لە پاشكۆیدا سواری وەڵاخیّ بوون ، فەرمووی : ﴿ ئەی موعازی کوری جەبەل﴾ موعاز ووتی : ئەی پێغەمبەری خوا لە خزمەتتام و گوێڕایەڵتم ، فەرمووی : ﴿ ئە موعاز﴾ ووتی / لە خزمەتتام و گوێڕایەڵتم ئەی پێغەمبەری خوا ، سیّ جار ( ئاوا بانگی کردم ، منیش ئاوا وەڵامم دایەوە ) پاشان فەرمووی : ﴿ هیچ کەسێك نییە شایەتی بدات بەوەی هیچ پەرستراوێکی ڕاست نییە جگە لە خوا ، وە محمد پێغەمبەری خوایە ، لە دڵیەوە بە ڕاستی ، ئیللا خوا چوونە دۆزەخی لیّ قەدەغە دەکات ﴾  ﴿ موعاز﴾ ووتی : ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئایا موژدە بدە بە خەڵکی بەمە تا خەڵکی خۆشحاڵ بن ..؟! پێغەمبەریش ﷺ فەرمووی : ئەگەر وا بکەی  کەواتە پشت بەوە دەبەستن و پاڵ دەدەنەوە بەندایەتی ناکەن ، جا ﴿ موعاز﴾ لە کاتی سەرەمەرگدا ئەم فەرموودەی گێڕایەوە تا گونهاهبار نەبێت بە شاردنەوەی زانستی شەرعی ...

بەڵیّ دەقی فەرموودەکە ئەوە دەگەیەنیّ کە هەر کەسیّ بڵیّ : ﴿ لا إله إلا الله ﴾ بەڵام ڕاستگۆیانە دەری نەبڕی لە دڵی یەوە وەك دوو رووەکان کە هەر بە زمان دەریان دەبڕی ، ئەوا (خوای گەورە ) وەری ناگریّ ، ئەگەر ڕاستگۆیانەو بە دڵسۆزی و نیاز پاکی لە دڵ یەوە نەبێت ، وەکو ئەم حاکمە ستەمکاران سوێند بە قورئان دەخۆن یان ئەو سەرکردە سەرۆکانە کاتێك دەسەڵات دەگرنە دەست لە بەردەم خەڵکی شایەتی دەدن بە ووتنی ﴿ لا إله إلا الله ﴾ بۆ ئەوەی خەڵکە میللەتە کەی خۆیان هەڵخەلەتێن واتیبگەن کە ئەوانیش ئیماندارو موسڵمانی ڕاستە قینەن ، بەڵام لە پش دیوارەکان یان لە پشت پەردە و شوێنە تاریکەکان وەیان لە دڵ یانەوە شتێکی پێچەوانەی ووتەکەیەتی ، ئینجا دەست دەکەن بە ستەم و کوفر و شرکەکانی خۆیان ، بەڵام بەم فەرموودەیە ڕوون دەبێتەوە کەوا ئەم شایەتمانە سودیان بۆ نیە ، چونکە ڕاست گۆنین لە گەڵ ووتنی : ﴿ لا إله إلا الله ﴾ بەڵکو هەر کوفرو تاغووت بەشیانە ...

مەرجى شەشەم : (الحب ) خۆش ويستن :

بەلێ دەبێ پێت خۆش بێت هیچ خوایەك نییە جگە ﴿ الله﴾ وە خۆشەویستی ڕاستەقینەت تەنها بۆ ئەو خودایە بێت كە بە كلمەی ﴿ لا إله إلا الله ﴾ مافی خوایەتی پێ ئەدەی بە تاك و تەنهایی و بۆ ئەو كەسانە و ئەو شتانە بێت كە خودا خۆشی دەوێت ، چونكە خۆش ویست پەرستنە " كە تۆش مافی پەرستراوی تەنها بە خودا ئەدەیت دەبێ ، خۆشەویستیت تەنها بۆ ئەو خودایە بێت ..!! هەروەكو ( خوای گەورە) دفەرموویێت : ﴿وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَتَّخِذُ مِن دُونِ ٱللَّهِ أَندَادًا يُحِبُّونَهُمْ كَحُبِّ ٱللَّهِ ۖ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَشَدُّ حُبًّا لِّلَّهِ﴾ [البَقَرَةِ : ١٦٥] واته : [ وَمِنَ النَّاسِ مَنْ يَتَّخِذُ مِنْ دُونِ اللَّهِ أَنْدَادًا ] لەناو خەڵكیدا كەسانێك هەن جگە لە خوای گەورە ئەكەنە شەریك و هاوشێوە بۆ خوای گەورە [ يُحِبُّونَهُمْ كَحُبِّ اللَّهِ ] ئەو شەریكانەیان خۆش ئەوێ وەكو خۆشەویستی خوا، چەندێك خوای گەورەیان خۆش ئەوێ ئەوانیشیان بەئەندازەی خوای گەورە خۆش ئەوێ، یاخود بتەكانیان خۆش ئەوێ بەئەندازەی ئەوەی كە ئیمانداران خوایان خۆش ئەوێ [ وَالَّذِينَ آمَنُوا أَشَدُّ حُبًّا لِلَّهِ ] بەڵام باوەڕداران خوای گەورەیان لەوان خۆشتر ئەوێ، یان ئیمانداران خوای گەورەیان زیاتر خۆش ئەوێ لە خۆشەویستی ئەوان بۆ بتەكانیان ئەو دوو تەفسیرەی هەیە...

بزانە چۆن (خوای گەورە) ئەو خەڵكانەی بە كافر زانی كە خەڵكانێكیان بە قەد خوا خۆش دەوێت ، چ جای ئەو كەسانەی سەركردەو سەرۆكەكانیان و یان كەسانێكی دەسەڵاتداریان وەكو تاغووت یان كەسانێكی یاریزان یان بە ناوبانگە لە كافران و مولحیدەكان لە خودا خۆشتر دەوێت ،وە هەروەها (خوای گەورە) دەفەرموویێت : ﴿قُلۡ إِن كَانَ ءَابَآؤُكُمۡ وَأَبۡنَآؤُكُمۡ وَإِخۡوَٰنُكُمۡ وَأَزۡوَٰجُكُمۡ وَعَشِيرَتُكُمۡ وَأَمۡوَٰلٌ ٱقۡتَرَفۡتُمُوهَا وَتِجَٰرَةٞ تَخۡشَوۡنَ كَسَادَهَا وَمَسَٰكِنُ تَرۡضَوۡنَهَآ أَحَبَّ إِلَيۡكُم مِّنَ ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَجِهَادٖ فِي سَبِيلِهِۦ فَتَرَبَّصُواْ حَتَّىٰ يَأۡتِيَ ٱللَّهُ بِأَمۡرِهِۦۗ وَٱللَّهُ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلۡفَٰسِقِينَ ٢٤﴾ [التَّوْبَة : ٢٤] واته: [ قُلْ إِنْ كَانَ آبَاؤُكُمْ وَأَبْنَاؤُكُمْ وَإِخْوَانُكُمْ وَأَزْوَاجُكُمْ وَعَشِيرَتُكُمْ ] ئەی محمد - صلى الله عليه وسلم - پێیان بڵێ: ئەگەر باوك و منداڵ و براو خێزان و هۆزو عەشیرەتتان [ وَأَمْوَالٌ اقْتَرَفْتُمُوهَا وَتِجَارَةٌ تَخْشَوْنَ كَسَادَهَا وَمَسَاكِنُ تَرْضَوْنَهَا ] وە سەروەت و سامانێك كە پەیداتان كردووەو پێكتانەوە ناوە، وە بازرگانیەك كە لەوە ئەترسێن لەناوبچێت، وە ماڵێك كە هەتانەو پێی ڕازین و خۆشتان دەوێت [ أَحَبَّ إِلَيْكُمْ مِنَ اللَّهِ وَرَسُولِهِ وَجِهَادٍ فِي سَبِيلِهِ ] ئا ئەمانە خۆشەویستترە لەلاتان لە خوای گەورەو لە پێغەمبەری خواو - صلى الله عليه وسلم - لە جیهاد كردن لەپێناو خوای گەورە [ فَتَرَبَّصُوا حَتَّى يَأْتِيَ اللَّهُ بِأَمْرِهِ ] ئەوە چاوەڕێ بن تا فەرمان و سزای خوای گەورە دێت و خوای گەورە سزاتان ئەدات [ وَاللَّهُ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الْفَاسِقِينَ (٢٤) ] وە خوای گەورە هیدایەتی كەسانێك نادات كە فاسق بن، كەواتە هەركەسێك یەكێك لەم هەشت شتەی لەلا خۆشەویستتر بێت لە خواو پێغەمبەری خواو - صلى الله عليه وسلم - جیهاد كردن لە پێناو خوای گەورە، خوای گەورە بڕیاری فاسقێتی دا بەسەریاندا، وە دروستە مرۆڤ یەكێك لەم هەشت شتەی خۆش بوێت یان هەر هەشتی خۆش بوێت بەمەرجێك خۆشەویستی ئەم هەشت شتە نەگاتە خۆشەویستی خواو پێغەمبەری خواو - صلى الله عليه وسلم - جیهاد كردن لە پێناوی خوای گەورە...

مەرجی حەوتەم : ( الرضى والتسلم والانقياد التام ) ڕازی بوون و ملکەچ کردنی تەواو :

(خوای گەورە) دەفەرموویت : ﴿فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ حَتَّىٰ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لَا يَجِدُواْ فِيٓ أَنفُسِهِمْ حَرَجًا مِّمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُواْ تَسْلِيمًا ٦٥﴾ [النِّسَاء : ٦٥] واتە : [ فَلا وَرَبِّكَ لا يُؤْمِنُونَ حَتَّى يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ] ئەی محمد- صلى الله عليه وسلم - سوێند بێ بە پەروەردگارت ئیمان ناهێنن تا تۆ نەکەنە حاکم و دادوەر لەو ناکۆکیانەی کە لە نێوانیاندا ڕوو ئەدات [ ثُمَّ لا يَجِدُوا فِي أَنْفُسِهِمْ حَرَجًا مِمَّا قَضَيْتَ ] پاشان کە تۆ بڕیارت دا لە نێوانیاندا نابێ لە نەفس و ناخیشیاندا هیچ پێی ناخۆش بوونێك هەبێ لەو بڕیارەی کە تۆ داوتە، وە ئەبێ لەناخی دڵیاندا پێی ڕازی بن و دڵیان پێی خۆش بێ [ وَيُسَلِّمُوا تَسْلِيمًا (٦٥) ] وە خۆیان تەسلیم بکەن بەو بڕیارەی تۆ تەسلیم بوونێکی تەواو بەبێ ڕەتکردنەوە، ئەم ئایەتە لەسەر (زوبێری کوڕی عەوام) و پیاوێکی ئەنصاری دابەزی لەسەر ئاودانی دار خورما، پێغەمبەری خوا- صلى الله عليه وسلم - فەرمووی: ئەی (زوبێر) تۆ ئاوی باخەکەت بدە پاشان ئاوەکە بەربدەوە بۆ هاوسێکەت، ئەنصاریەکە وتی: ئەی پێغەمبەری خوا- صلى الله عليه وسلم - بۆیە بڕیارەکەت بۆ ئەودا چونکە پورزای خۆتە، خوای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاند...

## شوێنەواری ﴿ لا إله إلا الله ﴾

بەڵێ بە دڵنیایەوە ئەم ووشەیە ئەگەر بە ڕاستگۆیی و دڵسۆزی یەوە بووترێت و ئیش بکرێت بە ناوەڕۆك و داخوازیەکەی بە ئاشکراو بە نهێنی ئەوا شوێنەواری زۆر سوپاس دەبێت بەسەر تاك و کۆمەڵەوە لە هەموویان گرنگتر ئەم خاڵانەن :

خاڵی یەکەم : کۆبوونەوەی ووشە و دەنگ کە بە هۆیەوە هێزو سەرکەوتن بۆ موسڵمانان دەستبەر دەبێت بەسەر دوژمنانیاندا:

بەڵێ چونکە هەموویان ئەوکاتە بەیەك دین دینداری دەکەن و یەك بیروباوەڕ پەیرەوە دەکەن هەروەکو (خوای گەورە) دەفەرموویت : ﴿وَٱعْتَصِمُواْ بِحَبْلِ ٱللَّهِ جَمِيعًا وَلَا تَفَرَّقُواْ﴾ [آل عِمۡرَان : ١٠٣] واتە : {فەرمانکردن بەیەکریزیو قەدەغە کردنی پەرتەوازەیی} [ وَاعْتَصِمُوا بِحَبْلِ اللَّهِ جَمِيعًا ] وە ئێوە هەر هەمووتان دەست بگرن بە حەبل و پەتی خوای گەورەوە واتە: بە دینی خواو بە ئیسلام و بە قورئان [ وَلا تَفَرَّقُوا ] وە بەڵام تەفرەقە مەکەن و پارچە پارچەو بەش بەش و پەرتەوازە مەبن...

هەروەها (خوای گەورە) دەفەرموویت : ﴿هُوَ ٱلَّذِىٓ أَيَّدَكَ بِنَصْرِهِۦ وَبِٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿٦٢﴾ وَأَلَّفَ بَيْنَ قُلُوبِهِمْ ۚ لَوْ أَنفَقْتَ مَا فِى ٱلْأَرْضِ جَمِيعًا مَّآ أَلَّفْتَ بَيْنَ قُلُوبِهِمْ وَلَـٰكِنَّ ٱللَّهَ أَلَّفَ بَيْنَهُمْ ۚ إِنَّهُۥ عَزِيزٌ حَكِيمٌ ﴿٦٣﴾﴾ [الأنفال : ٦٢ - ٦٣] واتە : [ هُوَ الَّذِي أَيَّدَكَ بِنَصْرِهِ وَبِالْمُؤْمِنِينَ (٦٢) ] وە هەر خوای گەورە بوو کە پشتیوانی تۆی کرد بەسەرخستن و بەهۆی باوەڕدارانەوە کە لە جەنگی بەدردا بوو ..!! [ وَأَلَّفَ بَيْنَ قُلُوبِهِمْ ] وە خوای گەورە دڵی ئەوس و خەزرەجی یەکخست کە چەندەها ساڵ کوشتاری زۆر لە نێوانیاندا بوو خوای گەورە دڵی یەکخستن بەهۆی ئیمان و ئیسلامەوە [ لَوْ أَنْفَقْتَ مَا فِي الأَرْضِ جَمِيعًا مَا أَلَّفْتَ بَيْنَ قُلُوبِهِمْ ] ئەگەر هەرچی لەسەر ڕووی زەوی هەیە هەر هەموویت ببەخشیایە بۆ ئەوەی کە دڵیان یەکبخەیت و ڕێکیان بخەیت ئەوە نەت دەتوانی دڵیان یەکبخەیت و ڕێکیان بخەیت [ وَلَكِنَّ اللَّهَ أَلَّفَ بَيْنَهُمْ ] بەڵام خوای گەورە خۆی دڵی یەکخستن بەهێزو تواناو کاربەجێی خۆی [ إِنَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ (٦٣) ] بە دڵنیایی خوای گەورە زۆر باڵادەست و بەعیززەت و کاربەجێیە...

وە جیاوازی لە بیرو باوەردا دەبێتە هۆی پارچە پارچەی و کێشەو یەکتر کوژی ، هەروەکو (خوای گەورە) دەفەرموویت :

﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ فَرَّقُواْ دِينَهُمْ وَكَانُواْ شِيَعًا لَّسْتَ مِنْهُمْ فِى شَىْءٍ ۚ إِنَّمَآ أَمْرُهُمْ إِلَى ٱللَّهِ ثُمَّ يُنَبِّئُهُم بِمَا كَانُواْ يَفْعَلُونَ ﴿١٥٩﴾﴾ [الأَنعَام : ١٥٩] واتە : {حەرامێتی پەرتەوازەیی و پارچە پارچەیی} [ إِنَّ الَّذِينَ فَرَّقُوا دِينَهُمْ وَكَانُوا شِيَعًا ] ئەو کەسانەی کە دینەکەیان بەش بەش و پارچە پارچە کردووە کە مەبەست جوولەکەو گاورو موشریکانە، وە مەبەست هەموو ئەهلی بیدەعە لە ئوممەتی ئیسلام کە بوونە بەچەند گروپ و حیزب و کۆمەڵێکەوە [ لَسْتَ مِنْهُمْ فِي شَيْءٍ ] ئەی محمد- صلى الله عليه وسلم - تۆ لەوان نیت و تۆ بەریت لەوان و لە کردەوەی ئەوان لە تەفرەقەو پارچە پارچەیی [ إِنَّمَا أَمْرُهُمْ إِلَى اللَّهِ ] کاری ئەوان تەنها ئەگەڕێتەوە بۆ لای خوای گەورە خۆی سزایان ئەدات کە هەڕەشەیەکی سەختە [ ثُمَّ يُنَبِّئُهُمْ بِمَا كَانُوا يَفْعَلُونَ (١٥٩) ] پاشان لە ڕۆژی قیامەت خوای گەورە هەواڵیان پێ ئەدا لەو کردەوانەی کە لە دونیا کردوویانە کە پێچەوانەی شەریعەتی خوای گەورە بووە ...

خاڵی دووەم : دەستەبەر بوونی هێمنی و ئاسایش و دڵنیایی لە کۆمەڵگای توحید و یەك خوا پەرستی دا :

کەوا دینداری دەکەن بە ناوەڕۆك و داخوازی ﴿ لا إله إلا الله ﴾ ، چونکە هەر یەك لە ئەندامانی ئەو کۆمەڵگایە ئەوەی کە حەلاڵی کردووە وەری دەگرێت و ئەنجامی دەدات ، وە واز دەهێنێت یان دوور دەکەوێتەوە لەوەی کە (خوای گەورە) قەدەغەو حەرامی کردووە لە سەری ، وەکو کارلێك کردنێك لەگەڵ بیرو باوەڕەکەی کەوا ئەمەی پێ دەڵێت ، ئەویش دەست هەڵدەگرێت و وازدەهێنێت لە دەست درێژی کردنە سەر خەڵکی و ستەم کردن و دوژمنایەتی ، وە هاوکاری و خۆشەویستی و پیشتیوانی و سەرخستنی یەکتری بۆ (خوای گەورە ) کە جێگای ئەمانە دەگرێتەوە ، وەکو کردارێك بە فەرمایشتی (خوای گەورە ) کە دەفەرموویێت : ﴿إِنَّمَا ٱلْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ فَأَصْلِحُوا۟ بَيْنَ أَخَوَيْكُمْ ۚ وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ ﴿١٠﴾﴾ [الحُجُرَات : ١٠] واتە : {تەنها باوەڕداران برای راستەقینەی یەکترن} [ إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ ] تەنها باوەڕداران برای راستەقینەی یەکترن [ فَأَصْلِحُوا بَيْنَ أَخَوَيْكُمْ ] ئێوەیش صوڵح و ئاشتەوایی بکەن لە نێوان براکانتاندا [ وَاتَّقُوا اللَّهَ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ (١٠) ] وە تەقوای خوای گەورە بکەن بەڵکو خوای گەورە رەحمتان پێ بکات...

وە ئەم کردارە بەد و خراپە کە خەڵکی دوژمنایەتی یەکتریان دەکردو یەکتریان دەکوشت بە ئاشکرا دیار بوو پێش هاتنی ئیسلام و بانگەوازی کردنی کلمەی یان ووتەی ﴿ لا إله إلا الله ﴾ ،بەڵام کە ئیسلام و بانگەوازی ﴿ لا إله إلا الله ﴾ ئەوا خەڵکی دەستیان کرد بە دینداری و برای یەکتری لە ئیسلام ، وە بوون بە برای یەکتری خۆشەویستی یەکتری ، هەروەکو (خوای گەورە ) دەفەرموویێت : ﴿مُّحَمَّدٌ رَّسُولُ ٱللَّهِ ۚ وَٱلَّذِينَ مَعَهُۥٓ أَشِدَّآءُ عَلَى ٱلْكُفَّارِ رُحَمَآءُ بَيْنَهُمْ﴾[الفَتْح : ٢٩] واتە : {هەندێك لە سیفاتی صەحابەکان} [ مُحَمَّدٌ رَسُولُ اللَّهِ ] محمد - صلى الله عليه وسلم - پێغەمبەری خوایە - صلى الله عليه وسلم - [ وَالَّذِينَ مَعَهُ ] وە ئەو صەحابە بەڕێزانەی لەگەڵی بوون [ أَشِدَّاءُ عَلَى الْكُفَّارِ رُحَمَاءُ بَيْنَهُمْ ] سەخت و توندن لەگەڵ کافراندا، وە لە نێوان خۆیاندا زۆر بەرەحم و سۆزو بەزەیی و میهرەبانن، کە دەبێت مرۆڤی باوەڕدار وا بێت...

وەهەروەها (خوای گەورە ) دەفەرموویێت : ﴿وَٱعْتَصِمُوا۟ بِحَبْلِ ٱللَّهِ جَمِيعًا وَلَا تَفَرَّقُوا۟ ۚ وَٱذْكُرُوا۟ نِعْمَتَ ٱللَّهِ عَلَيْكُمْ إِذْ كُنتُمْ أَعْدَآءً فَأَلَّفَ بَيْنَ قُلُوبِكُمْ فَأَصْبَحْتُم بِنِعْمَتِهِۦٓ إِخْوَٰنًا﴾[آل عِمْرَان : ١٠٣] واتە : {فەرمانکردن بەیەکریزیو قەدەغە کردنی پەرتەوازەیی} [ وَاعْتَصِمُوا بِحَبْلِ اللَّهِ جَمِيعًا ] وە ئێوە هەر هەمووتان دەست بگرن بە حەبل و پەتی خوای گەورەوە واتە: بە دینی خواو بە ئیسلام و بە قورئان [ وَلَا تَفَرَّقُوا ] وە بەڵام تەفرەقە مەکەن و پارچە پارچەو بەش بەش و پەرتەوازە مەبن [ وَاذْكُرُوا نِعْمَتَ اللَّهِ عَلَيْكُمْ إِذْ كُنْتُمْ أَعْدَاءً ] وەیادی ئەو نیعمەتانەی خوای گەورە بکەنەوە بەسەرتانەوە کاتێك کە ئێوە (ئەوس و خەزرەج) دوژمنی یەکتری بوون [ فَأَلَّفَ بَيْنَ قُلُوبِكُمْ فَأَصْبَحْتُمْ بِنِعْمَتِهِ إِخْوَانًا ] وە خوای گەورە دڵتانی یەکخست و بەهۆی نیعمەت و دینەکەی خوای گەورە کردنی بە برای یەکتری...

خاڵی سێیەم : بەدەست هێنانی سەروەری جێنشینی لە سەر ڕووی زەویدا وە پاکی ئایینی ئیسلام بەرامبەر دوژمنانی:

هەروەکو (خوای گەورە ) دەفەرموویێت : ﴿وَعَدَ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مِنكُمۡ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ لَيَسۡتَخۡلِفَنَّهُمۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ كَمَا ٱسۡتَخۡلَفَ ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِهِمۡ وَلَيُمَكِّنَنَّ لَهُمۡ دِينَهُمُ ٱلَّذِي ٱرۡتَضَىٰ لَهُمۡ وَلَيُبَدِّلَنَّهُم مِّنۢ بَعۡدِ خَوۡفِهِمۡ أَمۡنٗاۚ يَعۡبُدُونَنِي لَا يُشۡرِكُونَ بِي شَيۡـٔٗاۚ وَمَن كَفَرَ بَعۡدَ ذَٰلِكَ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡفَٰسِقُونَ ٥٥﴾ [النُّور : ٥٥] واتە: {ئیمان و کردەوەی چاك هۆکارە بۆ فەرمانڕەوایی}

[ وَعَدَ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنْكُمْ وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ لَيَسْتَخْلِفَنَّهُمْ فِي الأَرْضِ ] کە پێغەمبەری خواو - صلى الله عليه وسلم - هاوەڵان هاتنە مەدینەو ئەنصارییەکان پەنایان دان، هەموو عەرەب دژایەتیان کردن، ئەمانیش بە بێ چەك ناخەوتن و بە چەکەکانیانەوە هەڵدەستان، وتیان ئایا ئێمە بۆ هەمیشەیی هەروا بە ترسەوە دەژین و ئەمین نابین و چەك دانانێین؟ خوای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاند: خوای گەورە بەڵێنی داوە بەو باوەڕدارانە لە ئێوە کە کردەوەی چاکیان کردووە (کردەوەی چاك ئەوەیە کە نیەتت بۆ خوا بێت و بۆ ریا نەبێت، وە لەسەر سوننەت بێت و بیدعە نەبێت) ئەیانکاتە جێنشین و دەسەڵاتدار لەسەر ڕووی زەوی، (کەواتە ئیمان و کردەوەی چاك هۆکاری سەرەکین بۆ فەرمانڕەوایی و دەسەڵاتداری و دەوڵەتداری) [ كَمَا اسْتَخْلَفَ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ ] هەروەکو چۆن ئەوانەی پێش خۆیان لە بەنو ئیسرائیل و جگە لەوانی کردە فەرمانڕەواو کاربەدەست [ وَلَيُمَكِّنَنَّ لَهُمْ دِينَهُمُ الَّذِي ارْتَضَى لَهُمْ ] وە ئەو دینەیشی کە خوای گەورە ڕازی بووە بۆتان بە دڵنیایی خوای گەورە بۆتان تەمکین و جێگیرو دامەزراوی ئەکات و سەری ئەخات [ وَلَيُبَدِّلَنَّهُمْ مِنْ بَعْدِ خَوْفِهِمْ أَمْنًا ] وە لە دوای ئەو ترس و لەرزەی کە لە دوژمنان هەتانە بە دڵنیایی خوای گەورە بۆتان ئەگۆڕێ بە هێمنی و ئەمن و ئاسایش، ئەمیش بەهۆی چیەوە ئەگەر چی بکەن؟ [ يَعْبُدُونَنِي لا يُشْرِكُونَ بِي شَيْئًا ] ئەگەر عیبادەتی من بکەن وە هیچ جۆرە شەریکێکم بۆ بڕیار نەدەن، (کەواتە عیبادەتی خوا بەتاك و تەنهاو شەریك دانەنان بۆی هۆکاری سەرەکییە بۆ نەهێشتنی ترس و گۆڕینی بە هێمنی و ئارامی) [ وَمَنْ كَفَرَ بَعْدَ ذَلِكَ ] وە لە پاش ئەمە هەر کەسێك کوفری ئەو نیعمەتانە بکات [ فَأُولَئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ (٥٥) ] ئا ئەو کەسانە فاسقن و دەرچوونە لە گوێڕایەڵی خوا...

بەڵێ بێ گومان بە دڵنیایەوە (خوای گەورە ) بەدەست هێنانی ئەم داواکراوە بەرزانەی بە ستۆتەوە بە پەرستنی خۆی بە تاك و تەنهای بەبێ هاوبەش بڕیاردان بۆی کە ئەمەش بریتیە لە ماناو ناوەڕۆك و داخوازی ﴿ لا إله إلا الله ﴾ ، چونکە شوێنەواری ﴿ لا إله إلا الله ﴾ دەبێتە مایەی سەرختسنی موسڵمانان لە سەر تاپەی ڕووی زەوی ، هەروەها هێمن و ئاسایش و ئۆقرەیی بەدوایی خۆی دا دەهێنێت ، ئەوەی دەستی پێوە بگرێ لە هەر قەومێکو هەر کومەڵگایەك و هەر وەلاتێك و هەر مرۆڤێك ئەوا سەردەکەوێت لە دونیاو قیامەت دا ، مۆژدەی بەهەشتی پێ دەدرێت ، کلیلی هەر هەشت دەرگایی بەهەشتی پێیە بۆ کردنەوەی ، وە ڕزگاری دەبێت لە ئاگری دۆزەخ ، بە ووتەی ﴿ لا إله إلا الله ﴾ بەهەشتی پان و بەرین بەدەست دەهێنیت کە خۆشیەکانی نە بە زمان و زارو نە بە خەیاڵیش وەسف دەکرێت ...

خاڵی چوارەم : بەدەست هێنانی ئارامی ئۆقرەی دڵ و دەروون وە جێگیری مێشك :

بەلێ بۆ هەرکە سێك بلێت : ﴿ لا إله إلا الله ﴾ ئەوا ئارامی ئۆقرەی دڵ و دەروون وە جێگیری مێشك بەدەست دەهێنێت ئەوی ئیش بکات بە داخوازییەکانی ﴿ لا إله إلا الله ﴾ چونکە یەك خوا دەپەرستێت و دەزانێت مەبەستی خوایەکەی چی یە و بە چی ڕازی دەبێت ئەمیش ملکەچی فەرمانەکانی دەبێت هەموو کردارێکی چاکە بۆی جێ بەجێ دەکات ، وە دەزانێت بە چی خودا تورە دەبێت خۆی لێ بە دوور دەگرێت ، بە پێچەوانەی کەسێك کە چەند خوایەکی جۆراو جۆر دەپەرستێت هەر یەکەیان مەبەستێکی هەیە پێچەوانەی مەبەستی خوایەی تری ، وە هەڵسوڕانێکی هەیە پێچەوانەی هەڵسوڕانی ئەو خوایەی تری ، هەروەکو (خوای گەورە) دەفەرموویت : ﴿يَٰصَٰحِبَيِ ٱلسِّجۡنِ ءَأَرۡبَابٞ مُّتَفَرِّقُونَ خَيۡرٌ أَمِ ٱللَّهُ ٱلۡوَٰحِدُ ٱلۡقَهَّارُ ۝٣٩﴾ [یُوسُف : ٣٩] واتە : [ يَا صَاحِبَيِ السِّجْنِ أَأَرْبَابٌ مُتَفَرِّقُونَ خَيْرٌ ] پاشان یوسف - صلى الله عليه وسلم - رووی کردە ئەو دوو گەنجەو بانگی کردن بۆ یەکخواپەرستی و فەرمووی: ئەی هەردوو هاوەڵەکەی بەندینخانەم ئایا کۆمەڵێك پەروەردگاری لێك جیاواز باشترە کە ئێوە ئەیانپەرستن [ أَمِ اللَّهُ الْوَاحِدُ الْقَهَّارُ (٣٩) ] یاخود تەنها خوایەك کە الله یەو تاك و تەنهاو باڵادەست و بەتواناییە...

هەروەها (خوای گەورە ) دەفەرموویت : ﴿ضَرَبَ ٱللَّهُ مَثَلٗا رَّجُلٗا فِيهِ شُرَكَآءُ مُتَشَٰكِسُونَ وَرَجُلٗا سَلَمٗا لِّرَجُلٍ هَلۡ يَسۡتَوِيَانِ مَثَلًاۚ ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِۚ بَلۡ أَكۡثَرُهُمۡ لَا يَعۡلَمُونَ ۝٢٩﴾ [الزُّمَر : ٢٩]واتە : {نمونەی هاوبەشبڕیاردەران} [ ضَرَبَ اللَّهُ مَثَلاً رَجُلاً فِيهِ شُرَكَاءُ مُتَشَاكِسُونَ ] خوای گەورە نموونەی مرۆڤی موشریك ئەهێنێتەوە بە نموونەی پیاوێك کە کۆمەڵێك خاوەنی هەیە کە هەموویان شەریکن لەم پیاوەی ژێردەست و کۆیلەیان، وە خاوەنەکان لەگەڵ یەکدا ناکۆکن، وە هەڵسوکەوت و مامەڵەشیان لەگەڵ کۆیلەکەدا قورس و خراپ و سەختە، ئەمە نمونەی مرۆڤی هاوبەشبڕیاردەرە کە چەند خوایەك دەپەرستێت و خۆی کردووە بە بەندەی چەند خوایەك [ وَرَجُلاً سَلَمًا لِرَجُلٍ ] وە پیاوێکی تریش یەك خاوەنێکی هەیەو خۆی تەسلیمی یەك کەسێك کردووە کە لەگەڵیدا باشەو ئەزانێ بەچی ڕازی ئەبێ و جێبەجێی ئەکات، ئەمە نمونەی مرۆڤی یەکخواپەرستە کە بە تاك و تەنها خوای گەورە دەپەرستێت و دەزانێت بەچی رازیەو جێبەجێی دەکات و ئەنجامی دەدات و ڕەزامەندی بەدەست دێنێت [ هَلْ يَسْتَوِيَانِ مَثَلاً ] ئایا ئەم دوو کەسە یەکسانن؟ بێگومان یەکسان نین [ الْحَمْدُ لِلَّهِ ] حەمدو سەناو ستایش بۆ خوای گەورە کە چۆن دینەکەی روون ئەکاتەوە بۆ خەڵکی و بەڵگەیان بەسەردا جێبەجێ دەکات [ بَلْ أَكْثَرُهُمْ لا يَعْلَمُونَ (٢٩) ] بەڵام زۆربەی خەڵکی نەزانن بۆیە هاوبەش بۆ خوای گەورە بڕیار دەدەن...

خاڵی پێنچەم : شکۆ پایە و بڵندی بۆ ئەهلی ﴿ لا إله إلا الله ﴾ :

بەڵێ ئەوانەی کە بەردەوام پشیتان بە ﴿ لا إله إلا الله ﴾ بەستووە تەنها زاتی ﴿الله﴾ دەپەرستن ، داوای یارمەتی و هاواور و نزاو پارانەوەیان تەنها بۆ زاتی ﴿الله﴾ ، وە زیکردو یادی ﴿الله﴾ دەکەنەوە بە ووتەی یان کلمەی ﴿ لا إله إلا الله ﴾ ، ئەوا سەرفرازی دونیاو قیامەت دەبن ، هەروەکو (خوای گەورە) دەفەرموویت : ﴿حُنَفَآءَ لِلَّهِ غَيۡرَ مُشۡرِكِينَ بِهِۦۚ وَمَن يُشۡرِكۡ بِٱللَّهِ فَكَأَنَّمَا خَرَّ مِنَ ٱلسَّمَآءِ فَتَخۡطَفُهُ ٱلطَّيۡرُ أَوۡ تَهۡوِي بِهِ ٱلرِّيحُ فِي مَكَانٖ سَحِيقٖ ﴿٣١﴾﴾ [الحج : ٣١] واتە : [ حُنَفَاءَ لِلَّهِ غَيْرَ مُشْرِكِينَ بِهِ ] وە لە شیرك لادەن بۆ تەوحیدو شەریك بۆ خوای گەورە بڕیار مەدەن [ وَمَنْ يُشْرِكْ بِاللَّهِ فَكَأَنَّمَا خَرَّ مِنَ السَّمَاءِ فَتَخْطَفُهُ الطَّيْرُ ] وە هەر كەسێك شەریك بۆ خوای گەورە بڕیار بدات وەك ئەوە وایە لە ئاسمانەوە بەر بێتەوە سەر زەوی و پارچە پارچە بێت و هەر باڵندەیەك پارچەیەكی بەرێت [ أَوْ تَهْوِي بِهِ الرِّيحُ فِي مَكَانٍ سَحِيقٍ (٣١) ] یاخود با فڕێی بداتە شوێنێكی دوورو قووڵ و نزمەوە، ئەمە نموونەیە بۆ كەسێك كە شەریك بۆ خوای گەورە بڕیار ئەدات كە شەیتانەكان زاڵ دەبن بەسەریداو پارچە پارچەی دەكەن، وە شوێنە دوورە قووڵەكەش ئاگری دۆزەخە كە هەر كەسێك شەریك بۆ خوای گەورە بڕیار بدا ئەیخاتە ناو قووڵایی ئاگری دۆزەخەوە...

کەواتە هەر کەسێك هاوبەشی بڕیار بدات و شوێنی شتی پڕوو پووچ بکەوێت ، ئەوا بێ گومان کردەوەکانی لە لای (خوای گەورە ) بە تاڵ دەبێتەوە ، چونکە ئەم ئایەتی سەرەوە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە یەکخواپەرستی بەرزی و پایە بڵندی یە ، وە هاوبەش بڕیاردان نزمی و دابەزین و شتی پڕو پووچە و ، وە بێ گومان سەرگەردانی و لە ناو چوونە ...

(ابن القیم ) — ڕەحمەتی خوای لێ بێت — دەڵێت : " (خوای گەورە) باوەڕو یەکخواپەرستی چوواندووە بە ئاسمان و لە بەرزی و پایە ی بڵندی و فراوانی و ڕێز و شکۆ دا کە جێگای بەرزبوونەوە و دابەزینێتی ، هەیەتی دادەبەزێت بۆ زەوی و هەیە بۆی بەرز دەبێتەوە ، وە هاوبەش بڕیاردەر و بێ باوەری چوواندووە بە کەوتن و بەروە بوون لە ئاسمان بۆ نزمترین جێگا لە ڕووی تەسکی و تەنگی یەکی سەختەوە و ئازارێکی یەك لە سەر یەك و باڵندەیش ئەندامەکانی دەبات و پارچە پارچەی دەکات بەو ئیبلیسانەی یان بەو شەیتانانەی چوواندووە کە (خوای گەورە ) دەینێرێت و و دەیسوورێنێت و بێزاری دەکات و قورسی دەکات بۆ شوێنی لە ناو چوونی ، وە بایش فڕێ ی دەداتە شوێنێکی دووری قووڵ کە ئەمە هەواو ئارەزووەکە یەتی وای لێ دەکات خۆی بخاتە نزمترین و خراپترین شوێن و دوورترین شوێن لە ئاسمانەوە . ابن القیم (إعلام الموقعین )(١٨٠).

خالی شەشەم : پاراستنی خوێن و ماڵ و نامووس وە چوونە بەهەشت :

لە (عبداللە کوری عمر ) – خوا لێ رازی بێت – دەڵێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :

(( مِرتُ أن أُقاتِلَ النَّاسَ حتَّى يَشهَدوا أن لا إلَهَ إلَّا اللهُ، وأنَّ مُحَمَّدًا رَسولُ اللهِ، ويُقيموا الصَّلاةَ، ويُؤتوا الزَّكاةَ، فإذا فعَلوا ذلك عَصَموا مِنِّي دِماءَهم وأموالَهم إلَّا بحَقِّ الإسلامِ، وحِسابُهم على اللهِ )). صحيح البخاري برقم (٢٥).

واتە: فەرمانم پێ کراوە بەوەی کە لەگەڵ خەڵکیدا بجەنگم هەتا شایەتومان دێنن ، ﴿ يَشهَدوا أن لا إلَهَ إلَّا اللهُ، وأنَّ مُحَمَّدًا رَسولُ اللهِ ﴾ واتە: هیچ پەرستراوێکی بە حەق نییە جگە لە خوا ، وە محمدیش ﷺ پێغەمبەری خوایە و نوێژ دەکەن و زەکات دەدەن ، جا ئەگەر ئەمەیان کرد خوێن و ماڵ و سامانیان لە من دەپارێزن ، مە گەر بە حەقێك ئیسلام بڕیاری دابێ وەك ئەوەی کەسێکی کوشتبێ ، یان ماڵی کەسێکی لابێت ، لێ پرسینەوەیان لە لای خوایە ، لەوەی لە دڵ و دەروونیاندایە و شار دوویانەتەوە ..!! هەروەها (ابن تیمە ) – ڕەحمەتی خوای لێ بێت – دەڵێت : " شایەتومان ئەگەر هەر کەسێ بە زمان دەری نە بڕی ، لە گەڵ ئەوەی هیچ ڕێگرێگیشی لە بەردەم نەبوو ، وەکو : لاڵی ، ئەوا کافرە لە لای موسڵمانان بە بێ جیاوازی ، هەروەها کافرە لە دونیاو قیامەت ، لە لای سەلەف و ئیمامی مە زهە بە کان و زانایان ...

لە (عبادە کوری صامت ) – خوا لێ رازی بێت – دەگێڕێتەوە دەڵێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی :

(( مَن شَهِدَ أن لا إلَهَ إلَّا اللهُ وحدَه لا شَريكَ له، وأنَّ مُحَمَّدًا عَبدُه ورَسولُه، وأنَّ عيسى عبدُ اللهِ ورَسولُه، وكَلِمَتُه ألقاها إلى مَريَمَ وروحٌ منه، والجَنَّةُ حَقٌّ، والنَّارُ حَقٌّ؛ أدخَلَه اللهُ الجَنَّةَ على ما كان مِنَ العَمَلِ. [وفي رِوايةٍ زادَ]: مِن أبوابِ الجَنَّةِ الثَّمانيةِ، أيَّها شاءَ)). صحيح البخاري برقم (٣٤٣٥). واتە : هەر کەس شایەتی بدات کە هیچ پەرستراوێك ڕانییە جگە لە (خودای تاك و تەنیا و هیچ هاوبەشێکی نییە ، وە شایەتی بدات بە ڕاستی محمد بەندە و پێغەمبەری خوایە ، وە بێ گومان( عیسی) – علیه السلام - بەندە و پێغەمبەری خوایە ، وتەی خۆیەتی (بە جبریل دا ) ناردوویەتی بۆ مەریەم ، وە (عیسی ) – علیه السلام – گیانێك یان ڕۆحێکە لە لایەن خواوە بەخشراوە ، وە شایەتی بدات کە بێ گومان بەهەشت حەقە و ڕاستە وە ئاگری دۆزەخ حەق و ڕاستە ، ئەوا خوا دەیخاتە بەهەشتەوە ئیتر کردەوەی هەرچی بێت ، لە ڕیوایەتێکی تر هاتووە دەرگاکانی بەهەشت هەشتە هەریەکێکیان بی یەوێت دەچێتە ژوورەوە ..!!

| ژمارە | سەرباسەكان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | پێشەكی : | ١ـ٢ |
| ٢ | پێناسەی توحيد | ٣ـ٤ |
| ٣ | فەزڵی توحيد | ٥ـ٧ |
| ٤ | واجيب بوونی توحيد | ٨ـ١٥ |
| ٥ | چەند مەسەڵەيەكی گرینگ | ١٦ـ١٧ |
| ٦ | توحيد كليلى بەهەشتە بە بێ لێ پرسينەوە | ١٨ـ٢١ |
| ٧ | توحيد كليلى بانگەوازی سەرجەم پێغەمبەرانە عليە السلام | ٢٢ـ٢٤ |
| ٨ | جۆرەكانی توحيد | ٢٥ |
| ٩ | (توحيد ربوبيه ) بەتەنها (الله) پەرستی لە پەروەرگارێتی دا | ٢٥ـ٣١ |
| ١٠ | ( توحيد ألوهية) بە تەنها (الله) پەرستی لە پەرستنیدا | ٣٢ـ٣٥ |
| ١١ | (توحيد أسماء وصفات ) بە تەنها (اللّٰه ) پەرستی لە ناوەكانی و صيفاتە بەرزەكانی | ٣٥ـ٣٧ |
| ١٢ | چەند بنەمايەكی گرینگ لەباسی ناو سيفەتەكانی خوای گەورە | ٣٨ـ٤٩ |
| ١٤ | پێگەی كلمەی ﴿ لا إله الا الله ﴾ | ٥٣ـ٥٥ |

| | | |
|---|---|---|
| ١٥ | فەزڵى كلمەى ﴿لا إله الا الله﴾ | ٥٦ـ٥٧ |
| ١٦ | شيكردنەوەى ﴿لا إله الا الله﴾ | ٥٨ـ٦٠ |
| ١٧ | مەرجەكانى ﴿لا إله الا الله﴾ | ٦ـ٦٧ |
| ١٨ | شوێنەوارى ﴿لا إله إلا الله﴾ | ٦٨ـ٧٣ |
| ١٩ | سەر باسەكان | ٧٤ـ٧٥ |